جەنگیز ئیتماتۆڤ

# یەکەمین مامۆستا

لە فارسییەوە: فایەق سەعید

جەنگیز ئیتماتۆڤ

# یەکەمین مامۆستا

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
فایەق سەعید

سلێمانی ٢٠٠٥

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە (٢٩٩)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

# یەکەمین مامۆستا

بابەت: رۆمان

نووسینی: جەنگیز ئیتماتۆڤ

وەرگێرانی بۆ فارسی: ف. حبیب

وەرگێرانی بۆکوردی: فایەق سەعید

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

تیراژ: ١٠٠٠دانە

ژمارەی سپاردن: ٦١٩ی ٢٠٠٥

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.info

پێشکەشە بە

ئەمەگداری و خۆشەویستی هەمیشەیی گوڵاڵە

نازانم بۆچی شوێن پێی مرۆڤ لەشوێنێکدا
کەخۆشەویست بێت بەلایەوە بۆ هەمیشەیی نامێنێتەوە

پەنجەرەکان دەخەمە سەرپشت. شنەبایەکی پاك و فێنك هەڵدەکاتە ژوورەوە. لە کازیوەی شین رەنگدا کەدەم دەم روناکتر دەبێتەوە، بەوردی دەڕوانمە هێڵە تازە کێشراوەکانی تابلۆکانم. گەلێکم لەو جۆرە تابلۆیانە هەیە. بارەها جار هەمووم سەرلەنوێ دەستپێکردۆتەوە، بەلاّم بۆ هەڵسەنگاندنی تابلۆ بەشێوەیەکی گشتی هێشتا زووە. من تا ئێستاش رێچکەیەکی تایبەتیم نەگرتۆتە بەر. بیرۆکە وەك کازیوەی بەیانیانێکی زستان لەناکاو دەردەکەوێ و بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو و لەباس نەهاتووش لەدڵی ئادەمیزاددا دەنگ دەداتەوە.

لەبێدەنگی کازیوەدا هەنگاو دەنێم و بیریش دەکەمەوە، بیردەکەمەوە و بیردەکەمەوە. ئەم کارە چەندین جار دووبارە دەکەمەوەو هەموو جارێکیش دەگەمە ئەو رایەی کە تابلۆکەی من هێشتا هەر بیرۆکەیە و هیچی تر. من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەر لەتەواوکردنی کارێك لێی بدوێم و تەنانەت دۆستە نزیکەکانیشمی لێ ئاگادار بکەمەوە. نەك لەبەر ئەوەی من

لەڕادە بەدەر رژد بەبەرهەمەکانی خۆم دەبەم، بەڵکو بەلای منەوە زۆر ئەستەمە لەمڕۆدا بتوانی پەی بەپەروەردەکردنی داهاتووی منالێکی سەر لانکە ببەی. هەر بەم جۆرەش باسکردنی تابلۆیەك کەهێشتا سەرجەم هێڵەکانی نەکێشراون و تەواو نەبوون کارێکی دژوارە. بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەی جارانی دیکەوە کاردەکەم و دەمەوێ بەدەنگێکی بەرزو ئاشکراو و روون بانگەشەی بۆ بکەم، یا راستتر وایە بڵێم، دەربارەی تابلۆیەك کەهێشتا نەمکێشاوە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بیروڕا بگۆڕمەوە. ئەمە حەزو ئارەزوو نیە، من ناتوانم بەجۆرێکی دی کاربکەم، چونکە واهەست دەکەم بەتەنیا توانای بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارەم نیە. یادگارییەك کەگیان و دڵی تاساندووم، رووداوێك کەوای لێکردووم فڵچە هەڵگرم، بەڕای من ئەوەندە مەزنە کەبەتەنیا توانای پێکانی هەمووم نیە. لەوە دەترسم کەنەتوانم ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنم و ئارامم لەبەر ببڕێ. دەمەوێ ئەو خەڵکە بەپەندو رێنمایی یارمەتیم بدەن و رێگا چارەی ئەم گرفتەم بۆ دەسنیشان بکەن. دەمەوێ ئەو خەڵکە بەلایەنی کەمەوە لەخوار سێپای تابلۆکەمەوە راوەستن و هاوخەیاڵ و هاوبیرو هاو دەمم بن. درێغی لەکڵپە گڕکەوتووەکانی دڵتان مەکەن، نزیکتر ببنەوە، من بەئەرکی خۆمی دەزانم ئەم رووداوەتان بۆ بگێڕمەوە...

***

ئایۆل- ی ئێمە، کوڕکوڕیۆ، دەکەوتە دەشتێکی پان و بەرینی دامێنی چیاکانەوە. چەندین رووبارۆکەی چیایی هاژەیان دەهات و لەچەندین دەرو دەربەندەوە سەریان دەردەهێناو بەخێرایی بەرەو ئەو ملی رێگایان دەگرتە بەر.

لەپاینی ئایۆل-ی زەردەوە ، ئەو دەشتە پان و بەرینەی کازاخستان پانتر دەبووەوە و ریزە چیایەکی رەشیش ئابلۆقەی دەدا، هێلێکی ئاسن وەك قەیتانێکی رەش بەنێویدا تێدەپەڕی و تا لەچاو وون دەبوو بەرەو خۆرئاوا درێژ دەبووەوە.

لەبەرزایی ئەو گردەی دەیڕوانیە سەر ئایۆل، دوو چناری گەورە سەریان لەئاسمان دەسوو. من هەر رۆژێ خۆم بیرکەوێتەوە، ئەو چنارانەشم لەبیرە. لەهەر لایەکەوە بەرەو کوڕکوڕیۆ-ی ئێمە بڕوێ، بەر لەهەموو شتێ ئەو چنارانە دەبینی، کەوەك دوو چرای رێنمایی سەر چیا هەمیشە دیارن. تەنانەت ناشزانم بەچ شێوەیەك روونی بکەمەوە. یا ئەوەتا یادگاری منالی بەلای مرۆڤەوە زۆر شیرینە، یا ئەوەتا ئەمە پەیوەندی بەهونەری وێنەکێشانەکەمەوە هەیە. بەهەر حاڵ هەموو جارێ کە لەشەمەنەفەر پیادە دەبووم و بەنێو ئەو بیابانەدا بەرەو ئایۆل شۆڕدەبوومەوە، بەر لەهەموو شتێکی دی چاوەکانم لەدوورەوەڕا بەدووی چنارە ئازیزەکانما دەگەڕان. چنارەکان هەرچەند بڵند بوونایە لەوانە نەبوو لەڕێگایەکی وا دوورەوە ببینرانایە، بەڵام من هەمیشە ئەوانم دەبینی، هەستم پێدەکردن. چەندین جار وا رێککەوتووە کە لەجێگایەکی دوورەوە بەرەو کوڕکوڕیۆ بگەڕێمەوە، هەمیشە بەدڵتەنگی و بێئارامییەوە بیرم دەکردەوە

" باشە، کێ ئەوانە، ئەو جوتە چنارە دەبینێ؟ خۆزگە زووتر دەگەشتمە ئایۆل، یەکسەر سەردەکەوتمە سەر گردەکە و خۆم دەگەیاندە چنارەکان. پاشان لەژێریان رادەوەستام و ئەوەندە گوێم لەچپەچپی گەڵاکان دەگرت تا دڵم پڕ خۆشی و شادی دەبوو".

لە ئایۆلی ئێمەدا هەرچەند دڵتان بیەوێ درەخت هەیە، بەڵام چنارەکان تایبەتمەندێتییەکی تایبەتیان هەیە، کە لەگەڵ ئاوازە ناسکە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەگونجێ. هەرکاتێ بچیتە

ئەوێ ئەوان لەبەزم و رەزمی خۆیاندان، هەموو دەمێ گەڵا و لقەکانی خۆیان بەیەکدا دەسوون و بەئاوازی هەمەجۆر چپەچپ لەگەڵ یەکتردا دەکەن.

کاتێ قەتاری هەوری رەش و ترسناك و باو بۆران هەڵیاندەکرد و هەموو لق و پۆپەکانیان دەشکاند و گەڵاکانیان هەڵدەوەراند، چنارەکان بەملا و ئەولادا دەهاتن و دەچوون، چون مەشخەڵێکی گڕگرتوو دەیان لوراند، لورە لورێکی پڕ لە سەرشۆڕنەکردن بۆ هەر جۆرە فەرمانێك، بەگەردنی کەشیانەوە دەهاتنە نێو مەیدان و داوای ململانێیان دەکرد و دەیانووت:

"نەخێر ناتوانی ئێمە سەرنگوم بکەیت، ناتوانی بمانشکێنی".

دوای ئەوە، پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ من لەنهێنی ئەو چنارانە گەیشتم. لەبەرزاییەکی ئەوتۆدا روێنرابوون کەلە هەموو لایەکەوە "با" دەیانیگرتەوە. کەمترین "با" کاری تێیان دەکرد، گەڵاکانیان بە کزترین "با" دەلەرانەوە. بەڵام پەی بردن بەو راستییە بەهیچ جۆرێ دڵی سارد نەکردمەوە و لەو هەست و سۆزەش بێبەشی نەکردم کە لەمناڵییەوە تا ئەمڕۆ لەدڵدا پاراستومە. تاوەکو ئەمڕۆش ئەو دوو چنارەی سەر تەپەکە بەشتێکی زۆر سەیر و زیندوو دێنە بەرچاوم. لەپەنای ئەو چنارانەوە مناڵیم وەکو پارچە شوشەیەکی سەوزی سیحراوی وەکو خۆی ماوەتەوە...

لەدوا رۆژی قوتابخانەدا، بەر لەپشوی هاوین، ئێمەی مناڵان بەمەبەستی شێواندنی لانەی باڵندەکان بەرەو ئەوێ دەچووین. هەرکاتێ ئێمە بەهەرا و هوریا و فیکەلێدانەوە بەبالای گردەکەدا سەرکەوتینایە،چنارەکان وەك نەڕەدێو بەملا و ئەولادا لەنجەیان دەکرد، وەك بڵێی بەسێبەری فێنك و چپەچپی دڵنەوازکەری خۆیان پیرۆزباییمان لێبکەن. ئێمەی هار

و هاج و سەر رووت و پێخاوس بەلق و پۆپی دارەکاندا هەڵدەگژاین و بە دەنگەدەنگ بەرەو لانەی باڵندەکان بەرزدەبووینەوە. پۆلێ مەلی باڵدار بەزیکەزیك بەسەر سەرمانەوە باڵیان لێکدەدا و هەڵدەفڕین. بەڵام ئێمە گوێمان لەوە نەبوو، تا دەهات بەرزتر و بەرزتر دەبووینەوە تا بزانین کێمان زرنگتر و چالاکترە !

لەپڕ، لەبەرزاییەکی زۆر بەرزەوە، لەبڵندیی هەلفرینی باڵندەکانی جیهانی پڕ سەیر و سەمەرە و لەو ئاسمانە رووناکەدا، بەشێوەیەکی پڕ سیحراوی خۆیان پیپیشان دەداین.

گەورەیی زەوی توشی سەرسوڕمانی کردبووین، هەناسەی لەسینەدا تاساندبووین. هەر یەك لەئێمە بەسەر لقەکەی خۆیەوە حەپەساو و بێدەنگ ببوو، باڵندە و لانەکانیشمان لەبیر چوبۆوەوە. تەوێڵەی کۆڵخۆزەکەمان کەتا ئەوسا بەگەورەترین تەلاری جیهان دەژمارد، لەوێندەرێ وەك کولبەیەکی ئاسایی دەهاتە بەر چاومان. لەولای ئایۆل- یشەوە بیابانێکی پان و بەرین تا چاو بڕی بکردایە درێژەی هەبوو.

تا چاو بڕی بکردایە تەماشای دوورترین و بۆرترین خاڵی ئەو بیابانەمان دەکرد. زەوییەکی یەکجار بەرفراوانمان دەبینی کەبەر لەوجا هەرگیز گومانمان لە بوونیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا رووبارێکی زۆرمان بەرچاو دەکەوت کەهیچ جۆرە شارەزاییەکی کۆنمان لەبارەیانەوە نەبوو. رووبارەکان چون تەلێکی زیوین لەئاسماندا دەدرەخشانەوە. ئێمە بەسەر لقەکانەوە وشکمان بردبۆوە و بیرمان لەوە دەکردەوە، تۆ بڵێی ئەمە ئەوپەڕی دنیابێ ! یا لەودیویشەوە هەمان ئاسمان و هەمان هەور و بیابان و رووباریش هەن !

ئێمە بێبزووتن لەسەرلقەکان دانیشتبووین و گوێمان بۆ ئاوازە ئاسمانییەکانی "با" کە هەڵخستبوو. لەولاشەوە گەڵاکان لەوەڵامی "با"ی سەرزەمینی دڵگیر و پڕ نهێنی کە

لەوپەڕی ئاسۆی دوور و خۆلەمێشیندا خۆی مەڵاس دابوو، ڕاز و نهێنییان بۆ یەکدی دەدرکاند.

من گوێم بۆ چپەچپی چنارەکان ڕادێرابوو. دڵم لەترس و خۆشیدا تەپەی دەهات. تێدەکۆشام بۆ ئەوەی بە ئیلهامی لەبن نەهاتووی ئەو چپەچپە، سەرزەمینی دوور لەبەر چاوم بەرجەستە بکەم. ئەوەی لەو ساتەدا بۆ من ئاشکرا بوو ئەوەبوو کەمن تەنها بیرم لەشتێ دەکردەوە ئەویش؛ دەبێ چ کەسێ ئەم درەختانەی لێرەدا چاندبێ؟ دەبێ ئەو نائاشنایە لەکاتی چاندنی ئەم نەمامانەدا چ خۆزگەیەکی هەبووبێ؟ دەبێ چی وتبێ و بەئومێدی چ شتێ ئەمانەی لێرەدا، لەسەر ئەم گردەدا پەروەردە کردبێ؟.

ئەو گردەی ئەم چنارانە بەسەرییەوە سەریان لەئاسمان دەسوو، بە بەڵگەیەکی نائاشکرا ناوی " قوتابخانەی دوێشن" یان لێنابوو. بیرم دێتەوە گەر یەکێ بەدوی ئەسپە ونبووەکەیدا بگەرابایە و لە ڕێبوارێکی بپرسایە " گوێ بگرە، ئەسپەشێکەی منت نەدیوە؟"

زۆر جاران وا وەڵامیان دەدایەوە" لەو بەرزاییەدا، نزیك قوتابخانەکەی دوێشن، شەوانە هەموو ئەسپەکان لەوێ دەحیلێنن، بڕۆ بەڵکو لەوێندەرێ ئەسپەکەی خۆت ببینیتەوە".

ئێمەی مێردمناڵیش لاسایی گەورەکانمان دەکردەوە. بێئەوەی بیری لێبکەینەوە هەر دەمانگوتەوە" دەی مناڵینە با بڕۆین بۆ قوتابخانەکەی دوێشن، بۆ سەر چنارەکان بۆ ئەوەی چۆلەکە بگرین".

دەڵێن زوو قوتابخانەیەك بەسەر ئەو یالەوە بووە، ئێمە تەنانەت پاشماوەکەشیمان نەدیبوو. چەندەها جار بەمناڵی کۆشاوم و هەوڵم داوە، بەدوای پاشماوەکانی ئەو قوتابخانەیەدا گەڕاوم بەڵام هیچم دەست نەکەوتووە. دوای

ئەوە زۆرم پێ سەیرە بەگردێکی وا رووت و قوت بڵێن" قوتابخانەی دوێشن".

رۆژێ لە پیرەمێدەکانم پرسی:

- "ئەو دوێشنە کێیە؟".

یەکێکیان بەساردییەوە دەستی راتەکاند و ووتی:

- "دوێشن کێیە؟ هەمان کەسە کەئێستا لەماڵی مەڕە شەلەکە دەژی".

ماوەیەك بەر لەئێستا بوو، ئەودەمە دوێشن "کۆمسۆمۆل" بوو، ئەو گردەش عەمارێکی بێخاوەنی بەسەرەوە بوو، ئەویش هەرلەوێدا قوتابخانەیەکی دروستکرد و تیایدا وانەی بەمناڵەکان دەووتەوە. بەڵام چۆن قوتابخانەیەك، هەر ناوی قوتابخانە بوو، ئای چ سەردەمێکی سەیر بوو!. لەو سەردەمەدا هەرکەسێ بیتوانیبایە یالی ئەسپەکەی خۆی بگرێ و پێ بخاتە سەر ئاوزینگەکەی، ئەوە خۆی سەرۆوەری خۆی بوو. دوێشن- یش لەو بابەتە بوو، ئەوەی بەکەللەیدا بهاتایە دەکرد. ئێستا ئەو عەمبارە بەردی بەسەر بەردەوە نەماوە، بەڵام تەنها سودێکی ئەوە بوو ناوەکەی تا ئێستاش هەر زیندووە.

من ئاشنایەتیم لەگەڵ دوێشندا کەم بوو. دێتەوە یادم کەپیاوێکی بەساڵاچووی باڵا بەرز و ئەندام رێك بوو. دوو برۆی کەوانی و درێژی بەسەر چاوەووە بوو. ماڵەکەی لەوپەڕی رووبارەکەوە، لەشەقامی گروی دووەم بوو. ئەودەمەی من لەئایۆل دەمگوزەراند دوێشن میرئاوی کۆڵخۆز بوو. هەمیشە لەباخەکاندا کەم پەیدابوو.

هەندێ جار بەسواری ئەسپەکەیەوە بەکۆڵانەکەماندا تێدەپەڕی، پاچەکۆڵەکەی لەزینی ئەسپەکەی قایم کردبوو. ئەسپەکەش لەخاوەنەکەی دەچوو، وەکو خۆی ئێسقان درشت و بێ باریك بوو. دوای ئەوسا دوێشن پیر بوو، دەیانگوت

بۆتە پۆستبەر. بەڵام بنەڕەتی مەسەلەکە لەمەدا نەبوو، بەڵکو لەلایەکی دیکەدا بوو. بەبڕوای ئەودەمەی من ؛ ئەوی "کۆمسۆمۆڵ" سوارچاکێکی زرنگ بوو. لە قسە و کرداردا وەکو ئاگر وابوو. کاتێ لە کۆبوونەوەکاندا قسەی دەکرد خەباتگێڕترین و چالاکترین لاوی کۆمسۆمۆڵ بوو. کاتێ کەلەرۆژنامەکانیشدا لەبارەی دز و جەردەو تەمەڵەکانەوە دەینووسی بەزرنگترین لاوی ئەوان دەژمێردرا. بەهیچ شێوەیە نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم ئەم پیاوە ریشن و هێمنە رۆژێ لەرۆژان "کامسۆمۆڵ" ی بووبێ. لەویش سەیرتر ئەوەبوو، لەکاتێکدا خۆی کوێرە خوێندەوارییەکی هەبوو کەچی وانەی بەمناڵەکانی تر دەوتەوە. نا، من شتێ وا بەمێشکمدا ناچێ، راستت دەوێ وامدەزانی ئەمیش یەکێکە لەچیرۆکە بێشومارەکانی پورە زەنکا کە لەئایۆلی ئێمە باوبوو. بەڵام ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی گشتی بابەتێکی تر بوو.

پایزی رابوردوو لە ئایۆلەوە بروسکەیەکم بەدەست گەشت. هاومەڵبەندەکانم بۆ کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە بانگیان کردبووم کە کۆڵخۆز بۆ خۆی دروستی کردبوو. بێ سێ و دوو بڕیاری چوونم دا، چونکە لەڕۆژێکی وا شادی بەخشی ئایۆل- ماندا نەمدەتوانی بخزێمە کونجی ماڵەوە. تەنانەت چەند رۆژێکی زووتریش کەوتمە رێ و، لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکردەوە؛ دەبێ کەمێك بسوڕێمەوە و تەماشا بکەم و چەند تابلۆیەکیش بکێشم. ئاشکرابوو کە سلێمانونای ئەکادیمیش یەکێك بوو لەبانگکراوەکان، چاوەڕوانی ئەویش بوون. پێیان ووتم ئەو یەك دوو رۆژێك لێرە بەسەر دەبا و دوای ئەوجا بەرەو مۆسکۆ دەکەوێتە رێ.

من دەمزانی ئەو خانمەی کەئەمڕۆ ژنێکی بەناوبانگی لێدەرچووە، بەمناڵی لە ئایۆلی ئێمەوە بەرەو شار کۆچی کردبوو. کاتێ منیش شارنشین بووم ئاشنایەتیم لەگەڵدا

پەیداکردبوو. ئەو خانمە بەتەمەنە، خاوەنی پرچێکی ماش و برنجی ڕێك و لەش و لارێکی قەڵەو بوو. لەزانکۆدا فەلسەفەی دەووتەوە و راگری کۆلێژیش بوو. لە زانکۆدا کاری دەکرد و زوو زووش سەری دەرەوەی وڵاتی دەدا. توشی گرفتێکی زۆر هاتبوو. من بۆم نەلوا لەنزیکەوە دۆستایەتی لەگەڵدا ببەستم. هەرجارێ کە یەکترمان دەبینی باسی پەیوەندی خۆی و ئایۆلی بۆ دەکردم. بێگومان راو بۆچوونی خۆشی، ئەگەر بەکورتیش بوایە، سەبارەت بەبەرهەمەکانم دەردەبڕی.

جارێکیان بڕیاری ئەوەمدا پێی بڵێم:

- ئاڵتینای سلێمانونا، زۆر جێگەی خۆی دەبوو ئەگەر سەرێکی ئایۆل- ت بدایە و هاومەڵبەندەکانی خۆت بەسەر بکردایەوە. هەموو ئەوان دەتناسن و شانازیت پێوە دەکەن، بەڵام بەزۆری لەرێگەی گوێگرتنەوە دەتناسن. جاری واش هەبووە کە بڵێن؛ دیارە زانای بەناوبانگمان ئێمەی بیرچۆتەوە و رێگای کوڕکوڕێۆی خۆی فەرامۆش کردووە.

لەو کاتەدا ئاڵتینای سلێمانونا زەردەخەنەیەکی تاڵی خستە سەر لێوەکانی و ووتی:

- ئەڵبەتە دەبێ بچم. من خۆشم ساڵانێکە ئارەزووی بینینی کوڕکوڕێۆ- م هەیە. تەمەنێکە من لەوێ نەماوم. راستە من کەس و خزم و ناسیاوم لەوێندەرێ نیە، بەڵام ئەوە گرینگ نیە، دەبێ بچم، دڵم بۆ هاومەڵبەندەکانم سۆز دەکا.

سلێمانونای ئەکادیمی کاتێ گەشتە ئایۆل کۆبوونەوەی فەرمی و پڕ لەشکۆ لە قوتابخانەکەدا خەریك بوو دەستی پێدەکرد. کۆڵخۆزییەکان هەر کەئەویان لەشووشەی ئۆتومبیلەکەوە بینی، رژانە سەر شەقامەکە. ئاشنا و نائاشنا، پیر و لاو، هەموو دەیانویست دەستی بگوشن. وادیار بوو ئاڵتینای بەهیچ شێوەیەك چاوەڕێی پێشوازیەکی لەو بابەتەی نەدەکرد، هەر بۆیەش دەست و پێی بەیەکدا دەهاتن. دەستی

بۆ ئەو خەڵکە بەسنگەوە گرتبوو. بەنێویاندا تێپەڕی و بەرەولای دەستەی بەڕێوبەران چوو. گومانی تێدا نەبوو کە ئاڵتینای سلێمانونا چەندین جار لەژیانیدا لە کۆبوونەوەی گەورە و پڕ لەشکۆدا پێشوازی لێکرابوو، بەڵام ئالێرەدا، لەم قوتابخانە ئاساییەدا، لەم میوانخانە و، گوندەی هاومەڵبەندەکانی خۆیدا کارێکی زۆری تێکرا. دڵی هاتە جۆش و چەندین جار دەیوست فرمێسکی نابەجێ نەڕژێنە سەر کوڵمەکانی.

پاش کۆتایی هاتنی بەشی فەرمی کۆبوونەوەکە؛ بەشداربووانی ئاهەنگەکە دەسماڵێکی سووریان لەگەردنی میوانە خۆشەویستە کەیان ئاڵاند و گوڵی سووریان خستە دەستییەوە. دوایی هەر بەناوی ئەویشەوە دەفتەری شانازیی قوتابخانە نوێکەیان کردەوە. پاش ئەوەش کۆنسێرتی بەهرەوەرانی قوتابخانەکە ئاهەنگێکی گەرم و گوڕیان گێڕا. دوا جاریش بەرێوبەری قوتابخانەکە سەرەتاییەکە،ئێمەی، واتە میوانەکان و مامۆستاکان و کارگێڕانی کۆڵخۆزیی بۆ ماڵەکەی خۆی بانگهێشتکرد.

لێرەشدا بەهەمان جۆر بەزم و شادی و رێزگرتنی ئاڵتینای سلێمانونا بەردەوام بوو. ئەویان لەدوێخانەکە دانا، لەجێگایەك هەموو بە قالی و بەڕەی جوان و قەشەنگ رازێنرابۆوە. هەموو یەکێك دەیویست رێز و خۆشەویستی خۆی بۆ ئاڵتینای دووبارە بکاتەوە. ئێرەش چون هەموو کۆبوونەوەیەکی تری لەم بابەتە پڕ لە خەڵك بوو. میوانەکان بەسۆزەوە قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و بەخۆشی یەکترییەوە دەیاننۆشی. لەم کاتەدا لاوێکی تازە هەڵچوو خۆی کرد بەژوورا و یەك بەستە بروسکەی بەخاوەن ماڵەکەدا. بروسکەکان دەست بەدەستیان کرد. خوێندکارانی پێشو بەبۆنەی کردنەوەی قوتابخانەکەوە نوێکەوە پیرۆزباییان لە

هاوملبەندەکانی خۆیان دەکرد. بەڕێوبەری قوتابخانەکە پرسی:

- گوێکرە، ئەمانە دوێشن- ی پیرەمێرد هێنانی ؟ ها؟.

لاوەکە وەلامی دایەوە:

- بەلێ. دەیگوت بەدرێژایی ڕێگا ئەسپەکەی بەشەڕەشەق هێناوە. دەیویست بەکۆبوونەوەکە ڕابگا و لەپێش هەمووان‌دا بخوێنرێتەوە، بەلام ریش سپییەکەی کەمێ دواکەوت و بەخەمبارییەوە هات.

- ئەی بۆ لەوێ راوەستاوە؟ پێی بلێ با دابەزێ، بانگیکە.

لاوەکە بەدوایدا رۆشت بۆ ئەوەی بانگی بکا.

ئالتینای کە لەتەنیشت منەوە دانیشتبوو تەکانێکی دا و لەپڕ هەروەك شتێکی بیرکەوتبێتەوە بەشێوەیەکی سەیر لێی پرسیم:

- باسی کام دوێشنە دەکەی ؟

- ئالتینای سلیمانونا، ئەمە پۆستبەری کۆلخۆزە. بۆ تۆ دوێشنی پیرەمێرد ؟

وەکو یەکێ نەیناسێ سەرێکی راوەشاند، دوای ئەوە ویستی هەستێتەوە، بەلام دەنگێ پێی ئەسپێ هاتە گوێی و سوارێ بەبەردەم پەنجەرەکەدا تێپەڕی، سوارەکە گەڕایەوەو بەخاوەن مالەکەی ووت: - من بانگم کرد بەلام ئەو رۆشت. ئەو دەبێ نامەکانی تر بگەیەنێ.

یەکێکی دی ووتی:

- وازی لێبێنە با نامەکان بگەیەنێ، چ پێویست دەکا ئەو لەکار بخەین. دوایی لەگەل پیرەمێردەکاندا بۆ خۆی دادەنیشێ.

- ئوووو ...! تۆ دوێشن ناناسی، چ پیاوێکی یاسا پەروەرە، تا ئەرکەکانی خۆی بەجێ نەگەیەنێ بەهیچ جێگایەك ناچێ.

- زۆر راستە پیاوێکی سەیرە. لەبیمارستانی سەربازی ئۆکراین مۆلەتدرا، بەلام ئەو هەر لەوێ مایەوە. ئەوە پێنج

ساڵە گەڕاوەتەوە ئێرە. دیووت بۆیە گەڕاومەتەوە تا لەگەڵ هاونشینەکانی خۆمدا سەر بنێمەوە. هەموو ژیانی بەتاك و تەنیایی بردۆتە سەر.

- لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر لێرە ئامادە بوایە زۆر چاکتر دەبوو...

- چاکە. خاوەن ماڵەکە ئەمەی ووت و دەستێکی راوەشاند.

یەکێ لە بەڕێزترین پیاوەکانی ئایۆل بادەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

- هاوڕێیان لەبیرتانە کاتێ هەموو بەیەکەوە لە قوتابخانەکەی دوێشن-دا دەمانخوێند. کەچی خۆشی هەموو پیتەکانی نەدەزانی.

لەم کاتەدا پیاوەکە چاوەکانی کز کرد و سەرێکی بۆ راوەشاند. لەتەوقی سەرییەوە تا پەنجەی پێی هەموو سەیر و سەمەرە بوو. چەند کەسێك بەیەك دەنگ وەڵامیان دایەوە:

- بەراستیش هەر وابوو. سەرجەم دەستیان بەپێکەنین کرد.

- شتێ کەروون بێ چ پێویست بەروونکردنەوە دەکا.

لەوکاتەدا دوێشن هیچ کارێکی نەدەکرد، کەچی ئێمە لەڕاستیدا بە مامۆستامان دادەنا.

کاتێ دەنگی پێکەنین کز بووەوە، ئەو پیاوەی بادەکەی بەرز کردبۆوە بەردەوام بوو.

- چاکە، ئێستا ئەو کەسانە بەبەر چاوی خۆمانەوە گەورە بوون.

ئاڵتینای ئەکادیمی زان لەسەرانسەری وڵاتەکەدا دەنگی داوەتەوە. ئێمە پلیەی ناوەندیمان تەواوکردووە، بەشێکیشمان خوێندنی باڵای تەواو کردووە. ئەمڕۆ لە ئایۆلی خۆماندا قوتابخانەیەکی سەرەتایی تازەمان کردەوە، ئەمیش بەتەنها بەڵگەی ئەوەیە کەژیان تا چ ئەندازەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هاونشینەکان وەرن با بەیەکەوە بەشانازی ئەوەوە

بخوێنەوە، کە کچان و کوڕانی کوڕکوڕیۆی لەداهاتودا دەبنە سەرداری چەرخەکەی خۆیان.

دووبارە هەموو بەسەر یەکدا کەوتن. بەیەك دەنگ و بەیەك دڵ پشتیوانییان لەقسەکانی بادە بەدەستەکە کرد. تەنها ئاڵتینای سلێمانونا نەبێ، وەکو ئەوەی لەشتێ شەرمەزار بووبێ ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو بادەکەی نایە سەرەوە. هەرچی ئەوانی تریش بوون سەرگەرمی بەزمی خۆیان بوون، لەگەرمەی گفتوگۆدا بوون و ئاگایان لەم نەبوو.

ئاڵتینای سلێمانونا چەند جارێ تەماشای کاتژمێرەکەی کرد. دوای ئەوە میوانەکان لەماڵ چوونە دەرەوە، ئەوم بەتەنیا بینی لەسەر جۆگەلەکە راوەستابوو و دەیڕوانییە گردەکە. چاوی بڕیبووە چنارە زەرد هەڵگەڕاوەکانی پایز کە"با" ئەملاو ئەولای پێدەکردن. خۆر لەئاسۆی وەنەوشەیی ڕەنگی بیابانی بۆر و دووردا خەریك بوو ئاوا دەبوو. لەوێشەوە بە تیشکە کزەکانی سەری چنارەکانی بەبەرگێکی ئەرخەوانی خەمبار و بێزار داپۆشیبوو. لە ئاڵتینای نزیك بوومەوەو پێم ووت:

- ئێستا وەرزی گەڵارێزانیانە، ئەگەر بەهار، کاتی شکۆفە و گوڵ کردن ئەم چنارانەت دەبینی !...

ئاڵتینای سلێمانونا هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی:

- منیش هەر بیر لەوە دەکەمەوە.

پاش ماوەیەك بێدەنگی، چون یەکێك لەگەڵ خوێدا بدوێ: بەڵێ هەموو بوونەوەرێکی گیان لەبەر بەهار و پایزی خۆی هەیە.

چرچ و لۆچییەکی زۆر کەوتبووە لاچاوەکانییەوە. لەسیمای خەماوی ئەودا، نیشانەی خەم و بیرکردنەوەیەکی زۆر دەرکەوت و وونیش بوو. بەنیگایەکی بەسۆز و پەژارەیەکی ژنانەوە تەماشای چنارەکانی دەکرد. لەپڕا نەك سلێمانونای

ئەکادیمی، بەڵکو سادەترین ژنی قرغیزیم لەکاتی خەم و شادیدا ، بێ هیچ بەیت و بالۆرەیەك، لەبەر چاو بوو. وەك ئەوەی ئەم ژنە زانست پەروەرە سەردەمی لاوێتی خۆی بێنێتەوە یاد (وەك لەگۆرانییەکاندا باس دەکرێ) لەبەرزترین لوتکەی چیاکانیشەوە دەنگی تۆی پێنەدەگەیشت. وا دیار بوو ئەو دەمەی دەیڕوانیە چنارەکان دەیویست شتێ بڵێ، بەڵام چون یەکێ رای خۆی بگۆڕێ بەپەلە و بە پەشۆکاوییەوە چاویلکەکانی دەستی لەچاو کرد:

- وەك بڵێی شەمەنەفەرەکەی مۆسکۆ کاتژمێری یانزە بێرەدا تێپەڕێ.

- بەڵێ یانزەی شەو.

- بەڵام دەبێ من لەوێ ئامادەبم.

- بۆ وا لەپڕ ئاڵتینای سلێمانونا . تۆ بەڵێنی چەند رۆژێکت دابوو. خەڵکی نایەڵن بچیتەوە.

- نا، من کاری بەپەلەم هەیە، دەبێ هەر ئێستا بچمەوە.

هەرچەندە هاومەڵبەندەکانی زۆریان لێکرد و ووتیان لێت زویر دەبین،بەڵام ئاڵتینای سلێمانونا رازی نەبوو و نەبوو.

لەم کاتەدا دنیا وردە وردە خەریك بوو تاریك دەبوو. هاومەڵبەندە خەمبارو بێئارامەکانی بەڵێنی هەفتەیەك یا زیاتریان بۆ جارێکی دیکە لێ وەرگرت و سواری ئۆتومبیلەکەیان کرد. من هاورێگای بووم و تا راوەستگاکە بەڕێم کرد. بۆ بەم شێوە چاوەڕوان نەکراوە ئاڵتینای لە گەڕانەوەکەی پەلەی کرد ؟

رەنجاندنی هاومەڵبەندەکان بەتایبەت لەرۆژێکی ئاوادا من بە ئاساییم نەدەزانی. لەرێگادا چەند جارێك ویستم لێی بپرسم بەڵام نەموێرا پرسیار بکەم، نەك لەبەر ئەوەی دەترسام جۆرە بێشەرمییەك بنوێنم، بەڵکو لەوە دڵنیابووم لەهەموو

بارێکدا هیچم پێنالێ. بەدرێژایی ڕێگا بێدەنگ و لەقوڵایی بیرکردنەوەدا بوو. لەکۆتاییدا، لەڕاوەستگاکە لێم پرسی:

- ئالتینای سلێمانونا، لەشتێ بێئارام بووی، لەوانەیە لەئێمە زویر بووبی؟

- ئەوە دەڵێی چی! شتی وا نابێ بەمێشکی تۆدا بگوزەرێ. من لەچ کەسێ بۆم هەیە زویربم ؟ من تەنها لەخودی خۆم، بەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە لەخۆم زویر بووبێتم.

بەمجۆرە ئالتینای ڕۆشت و منیش گەڕامەوە شار. پاش چەند ڕۆژێك بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نامەیەکیم بەدەست گەیشت. تیایدا ئەوەی بۆی ڕوون کردبوومەوە کەزیاتر لەوەی نیازی بوو، لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە. هەروەها بۆی نووسیبووم:

" لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ کاری گرینگ و بەپەلەم هەیە، بڕیارمدا سەرجەمیان دواخەم و ئەم نامەیەت بۆ بنووسم...

ئەگەر ئەمەی لێرەدا بۆم نووسیوی، سەرنجی ڕاکێشای، ئەوە بەهیوام بیر لەوەش بکەیتەوە کە بەچ جۆرێ دەکرێ سودیان لێ ببینرێ، بەمەرجێ تەواوی خەڵك لەناوەڕۆکی نووسینەکەم ئاگادار بن. بەڕای من ئەمە نەك هەر بۆ هاومەڵبەندەکانی ئێمە، بەڵکو بۆ تەواوی ئێمە و بەتایبەتیش بۆ لاوەکان زۆر پێویستە. من پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بەم ڕایە گەشتم. ئەمە دانپیانانی منە لەبەرامبەر خەڵکیدا. من دەبێ گەردنی خۆم ئازادکەم. هەرچەند خەڵکێکی زۆرتریش ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بن، ویژدانم کەمتر ئازار دەچێژێ. ئەگەر توشی بارودۆخێکی ناخۆش و پڕ لەگرفت بووی، هەرگیز نەترسیت، هیچ شتێ نەشاریتەوە..."

چەند رۆژێك لەژێر کارتێکردنی ئەو نامەیەدا بووم. هیچ رێگایەکیشم لەوە بەچاکتر نەزانی کەتەواوی شتەکان لەزمانی خودی ئالتینای سلێمانوناوە بگێڕمەوە.

***

ئەم ڕووداوە لەسالی 1924- دا روویدا. بەلێ لەهەمان سالدا ...

لەجێی ئەم کۆلخۆزەی ئێستا، جاران یەك (ئایۆل) ی جاتاکەچییەکان ( جوتیارە هەژار و ناکۆچەرییەکان) ی لێبوو. ئەودەمە من چواردە سالآن بووم و لەمالی ئامۆزایەکی باوکە رەحمەتییەکەمدا دەژیام. دایکیشم تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشتبوو. لەپایزدا، ماوەیەك پاش ئەوەی کۆمەلە پیاوێکی نیوچە دەولەمەند بۆ بەسەربردنی زستان بەرەو کوێستان هاتبوون، لاوێکی نائاشنا بەپالتۆیەکی رەشی سەربازییەوە رووی لە ئایۆلی ئێمە کرد. تاوەکو ئێستاش من پالتۆکەیم هەر لەبەر چاوە، چونکە نەماندەزانی بۆ ئاورشمی رەش بوو. هاتنی یەکێك بەپالتۆیەکی دەولەتییەوە بۆ ئایۆل- ێکی دوورە رێگا و دامێنی چیاکان بەکارێکی گرینگ دەژمێردرا. لەسەرەتادا دەیانگوت فەرماندەی سوپا بووە، هەر بۆیەش دەبێ بەسەرۆکی ئایۆل. پاشان دەرکەوت فڕی بەسەر فەرماندەییەوە نیە، بەلکو کوڕی ئەو تاشان بەگە بووە کەبەر لەچەند سالێك، لەکاتی گرانییەکەدا لە ئایۆلی ئێمەوە بە شەمەنەفەر کۆچی کرد و ئیتر سەری نەهێنایە دواوە. ئەو لاوە – دوێشن- واتە کوڕەکەی ئەویان بۆیە ناردووە بۆ ئایۆل بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی تیا بکاتەوەو منالەکان فێری خوێندن و نووسین بکات...

لەوکاتەدا وشەی "خوێندن" و "قوتابخانە" بەلای ئێمەوە شتێکی نوێ بوون. خەڵکیش ئەوەندە سەریان لەو شتانە دەرنەدەکرد. هەندێك باوەڕیان بەو قسە و باسە کرد و هەندێکی تریش بەچیرۆکی پورە زەنکا- یان دەزانی. ئەگەر بشهاتایە و خەڵکەکەیان لە کۆبوونەوەیەکدا کۆ نەکردایەوە لەوانە بوو لەبنەڕەتدا باسی قوتابخانەیان هەر فەرامۆش بکردایە. مامم بۆڵەبۆڵێکی زۆری کرد. " ئەمە چۆن کۆبوونەوەیەکە ! هەمیش بۆ شتی وا بێکەڵك خەڵکی لەکار دەخەن". لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دوایی ئەسپەکەی زینکرد و وەکو هەموو پیاوێکی دی کەڕێزی خۆی بگرێ سواربوو و لێیدا رۆشت. منیش لەگەڵ منداڵەکانی دراوسێماندا بەدووی کەوتین.

کاتێ ئێمە بەهەناسەبڕکێ گەشتینە سەر گردەکە- ئەو جێگەیەی هەمیشە کۆبوونەوە گشتییەکانی لێ ساز دەکرا- هەمان لاوی پاڵتۆ لەبەری رەنگ پەڕیو بەرامبەر بە خەڵکێکی زۆری پیادە و سوار قسەی دەکرد. ئێمە گوێمان لەقسەکانی ئەو نەبوو. دەمانویست بچینە پێشەوە. پیرەمێردێکی کەپنەك دڕاو وەکو ئەوەی تازە لەخەو بێدار بووبێتەوە، قسەکانی پێبڕی و بەڵاڵەپەتێ ووتی:

- گوێگرە رۆڵە گیان، کاتی خۆی مەلاکان منداڵەکانیان فێردەکرد. بەڵام ئێمە باوکی تۆ دەناسین ئەویش رەش و رووتێکی وەکو ئێمە بوو، دەتوانم بزانم تۆ کەی توانیت ببێ بەمەلا؟

دوێشن یەکسەر وەڵامی دایەوە:

- ریش سپی من مەلا نیم. من کۆمسۆمۆڵم. ئێستا مەلاکان منداڵان فێرناکەن بەڵکو مامۆستاکان فێریان دەکەن. من لەسوپادا فێری خوێندەواری بووم، بەر لەوجاش هەندێکم خوێندبوو. من مەلایەکی لەم بابەتەم.

دەنگی ئافەرین و پشتیوانی لەهەموو لایەکەوە بەرز بووەوە.

- ئەمەیان یەك.

- ئافەرین، بارەکەڵلا.

- بەڵێ، سازمانی کۆمسۆمۆڵ منی ناردووە بۆ ئەوەی منالەکانتان فێری خوێندن و نووسین بکەم. بۆ ئەم کارەش پێویستمان بەخانوویەکی گەورە هەیە. من پێم وایە، ئەڵبەتە بەیارمەتی ئێوە، لەو تەویلە کۆنەی سەر گردەکە قوتابخانەیەك ساز بکەین. ئیتر نازانم هاومەڵبەندەکانم ئێوە چی دەڵێن؟

خەڵکەکە وەك دوو دڵ بن و بیانەوێ قسەو مەبەستی ئەو کابرایە هەڵسەنگێنن، هەر ئەملاو ئەولایان دەکرد. دەیانویست لە مەبەست و مەرامی ئەو لاوە بگەن. ساتیمگۆل-ی رکەبەر،کەبەهۆی رکەبەریی خۆیەوە ئەو نازناوەیان لێنابوو، کۆتایی بەبێدەنگییەکە هێنا. ماوەیەك بوو شانی بەزینی ئەسپەکەیەوە دابوو. جارجارێکیش تفێکی لەنێو دانەکانییەوە دەردەهێنا و فڕێی دەدایە سەر زەوی و گوێشی بۆ قسەکان شل دەکرد. ساتیمگۆل وەك ئەوەی نیشان بشکێنێ چاوەکانی کز کردو ووتی.

- ئۆقرە بگرە کوڕی لاو، واچاکتر بوو لەسەرەتاوە پێمان بڵێی ئەم قوتابخانەیە بەکەڵکی چیمان دێ؟

دوێشن شڵەژا.

- چۆن بەکەڵکی چیتان دێ؟

یەکێکی دی بووە هاودەنگی ساتیمگۆل و ووتی:

- ئەگەر راستت دەوێ، ساتیمگۆل راست دەکا.

هەموو بەجارێ وروژان.

- چەندین سەدەیە ئێمە بەجوتیاری ژیان دەبەینە سەر. بەبێل و پاچەکۆلە نان پەیدا دەکەین. منالەکانیشمان هەر بەو جۆرە دەیگوزەرێنن. خوێندن چ دادێکی ئێمە دەدا. خوێندن

بەکەڵکی سەرۆکەکان دێ ، ئێمە خەڵکی رەش و رووتین، دەست لەسەرمان بکێشەوە!

هەموو بێدەنگ بوون.

دوێشن بە سەرسوڕماوییەوە دەیڕوانییە سەر و سیمای دەورو پشتەکەی :

- ئەوە بەڕاستیتانە؟ بەرهەڵستی لەوە دەکەن کەمناڵەکانتان فێری خوێندن و نووسین ببن ؟

- ئەگەر بەرهەڵست بین چییە. دەتەوێ بەزۆر بمانهێنیتە سەر ئەو رایە؟ ئەوکاتە بەسەرچوو، ئێمە ئێستا ئازادین و هەرچۆنێ پێمان خۆش بێ ئاوا دەژین.

دوێشن چون مانگەشەو دەدرەوشایەوە. بەپەنجە لەرزۆکەکانی نێرومێی پالتۆکەی کردەوە و نامەیەکی چوار قەدکراوی لەبەرکی بلوزەکەی دەرهێنا و بەخێرایی کردییەوە. تا ئاستی سەری بەرزی کردەوە و ووتی:

- واتە ئێوە بەرهەڵستی ئەم نامەیەن کەدەربارەی خوێندنی مناڵەکانتان نووسراوە و مۆری شورەوی پێوەیە؟ کێ زەوی و ئاوی دانێ؟ کێ ئازادی دانێ؟ ها. کێ بەرهەڵستی یاساکانی شورەوییە؟ کێ؟ وەڵامم بدەنەوە !

دوێشن "وەڵام بدەنەوە" کەی ئەوەندە بەهێز و توڕەوەییەوە ووت هەروەکو گوللەیەك بێدەنگیی گەرمی پایزی شەقار کرد و وەکو دەنگی تیرێك لەناو تاشەبەردەکاندا دەنگی دایەوە.

کەس ورتەی لەدەم نەهاتە دەرەوە. خەڵکەکە بەبێدەنگی سەریان شۆڕکرد. دوای ئەوجا دوێشن بەدەنگێکی نەوێ ووتی:

- ئێمە هەژارین و بەدرێژایی ژیانمان تێهەڵدراو و ریسواکراوبووین. لەنەزانین و تاریکیدا دەژیاین. ئێستا شورەوی دەیەوێ چاومان بکرێتەوە تا رووناکی ببینین و

فێری خوێندن و نووسین بین. لەبەر ئەمەش منالەکان پێویستە بخوێنن...

دوێشن بێدەنگ بوو. لەوکاتەدا هەمان کابرای کەپنەك لەبەر کەلێی پرسی "کەی بووی بەمەلا"، بەئاوازێکی ئاشتیخوازانەوە ووتی:

- چاکە ! ئەگەر تۆ تاقەت و ئارەزووت هەیە فێریانکە، بەئێمە چی...

- بەلام تکاتان لێدەکەم کەیارمەتیم بدەن. ئێمە دەبێ تەویلەی سەر گردەکە دروست بکەینەوە. دەبێ پردێك بۆ رووبارەکە دروست بکەین. بۆ قوتابخانەکەش پێویستمان بەدار و پوش و پەلاش دەبێ...

ساتیمگولی رکەبەر قسەی دایە بەر قسەی دوێشن:

- ئارام بگرە چاپکسوار، تۆ زۆر خێرا لێدەخورێ.

لەنێو دانەکانییەوە تفێکی دەرهێناو دووبارە وەکو ئەوەی نیشان بشکێنێ چاوەکانی کز کرد:

- تۆ ئایۆل- ت خستە بەرچاوی خۆت کەدەتەوێ "قوتابخانەی لێبکەیتەوە" . کاتێ لێت ورد دەبمەوە نە کەپنەکێکت لەبەرە و نە ئەسپێکیشت لەژێرە، نە بستە زەوییەکی کێلراوت هەیە و نە یەك ئاژەڵیش لە تەویلەکەتا هەیە ! ئەی قوربانت بم پێم نالێی چۆن دەتەوێ بژی؟ یا دەتەوێ دەست بەسەر ئاژەڵی خەڵکیدا بگری؟

- بەیەك جۆر دەژیم، من موچە وەردەگرم.

- هاهاهاها، ئەی بۆ وا داماوی، لەسەرەتاوە بتگوتبایە !

ساتیمگولی بالابەرز و لەخۆبایی خۆی فڕێ دایە سەر زینەی ئەسپەکەی و ووتی:

- ئێستا هەموو شتێ ئاشکرا و روونە. دە چاپکسوار هەموو کارەکانت راپەڕێنە و بەو موچەیەش کەوەری دەگرێ وانە بەمنالەکان بلێرەوە. لەخەزنەشدا بەپێی پێویست پارەوپول

هەیەو ئیدی واز لەئێمە بێنە. لەخوا بەزیادبێ ئێمە ئەوەندە ئیش و کارمان هەیە بەشی زیاتر لەحەوت پشتمان دەکات.

ساتیمگول ئەمەی ووت و سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا و بەرەو ماڵەوە ڕۆشتەوە. ئەوانی تریش بەدوای ئەودا ڕۆشتنەوە. دوێشن- یش هەر بەوجۆرە نامەکەی بەدەستەوە بوو و ڕاوەستابوو. بێچارەیە نەیدەزانی چی بکات...

من دڵم بە دوێشن دەسوتا، هەر تەماشاییم دەکرد. چاوم لێوەرنەگێڕا تا مامم لەوێوە تێپەڕی و بانگی کردم:

- توکن !! ئەوە چ دەکەی لێرە، بۆ وا حەپەساوی ؟ هەر ئێستا بەپەلە بچۆرە ماڵەوە.

من بەپەلە پێم هەڵگرت بۆ ئەوەی بەکچانا ڕابگەم.

ڕۆژی دوایی کاتێ ئێمەی کچان بۆ ئاوهێنان دەچوین، لەکەناری ڕووبارەکەوە توشی دوێشن هاتین. بەبێل و تەور و پەقرمجە کۆن کەوتبووە سەر ئاوەکە و خەریك بوو دەپەڕییە ئەوبەرەوە. لەورۆژە بەدواوە هەموو بەیانیانێك باڵای بەرزی دوێشن بەپاڵتۆ ڕەشەکەیەوە لەکوێرە ڕێگاکەوە بەرەو تەویلە بێخاوەنەکە سەردەکەوت و تاشەوانێکی درەنگیش نەدەگەڕایەوە. زۆر جارم دەبینی بارێکی گەورەی دڕك یا کای بەسەر پشتەوە بوو. کاتێ خەڵکەکە لەدوورەوەڕا دەیانبینی پێیان دەخستە سەر ئاوزینگی ئەسپەکەیان و دەستیان بەبەری چاویانەوە دەگرت و بەسەر سوڕمانەوە بەکەترییان دەووت:

- کوێکرە، هەبێ و نەبێ ئەوە مامۆستا دوێشنە کۆڵ دەکێشێ.

- خۆیەتی.

- بێچارەیە ! دیارە مامۆستاییش کارێکی هێندە ئاسان نیە.

- بۆ تۆ وات دەزانی چۆنە. تەماشای کۆڵەکەی پشتی بکە چەند گەورەیە. بەقەد خزمەتکاری بەگەکانی پێیە !

- بەڵام دەمێ کەگوێت لەقسەکانی دەبێ سەرت سوڕ دەمێنێ، هەر دەڵێی ئەویش نیە.

- ئەویش لەبەر ئەوەیە پەیامی مۆرداری پێیە. هەموو تواناو دەسەڵاتێك لەو پەیامەدایە.

ڕۆژێکیان کاتێ بەتورەکە پشقل و تەپاڵەوە، کەهەموو دەمێ لەدامێنی چیاکەی سەر ئایۆل کۆمان دەکردەوە، دەگەڕاینەوە، بەلای قوتابخانەکەدا ڕۆشتینەوە. جێی سەرنج بوو بزانین مامۆستا لەوێ چ دەکا. ئەو کولبە قوڕە رووخاوە جاران تەویلەی بەگ بوو. زستانانیش ئەو ماینانەیان تێدەخست کە لەژێر بەفر و باراندا دەزان. پاش دامەزراندنی شورەوی بەگ بۆ ناوچەیەکی نادیار سەری هەلگرت و تەویلەکەش هەر بەو جۆرە لەشوێنی مایەوەو کەسیش بەدەوریدا نەچوو. دڕك و داڵی دنیای لێ ڕوابوو. ئێستا دڕك و داڵەکان لەڕەگەوە هەلکێشراون. بەری پێشەوەشی پەین ڕێژکراوە و حەوشەکەشی پاککراوەتەوە. دیوارەکان کەجاران لەبەر باران رووخابوون، ئێستا هەموو بەگڵی کادار سواخ دراوون. دەرگا خوار و خێچەکەشی کە ئەودەم بەتاقە رەزەیەك ئاوێزان بوو، ئێستا چاککراوەتەوە و لەجێگای خۆی دانراوەتەوە.

کاتێ بەمەبەستی پشودان تورەکەکانمان خستە سەر زەوی، دوێشن بەسەرو گوێلاکی خۆڵاوییەوە لەدەرگاکە هاتە دەرەوە. لەگەڵ بینینی ئێمەدا سەری سوڕما. پاش ئەوەی ئارەقی نێوچاوانی سڕییەوە، زەردەخەنەیەکی پڕ لەمیهری خستە سەر لێوەکانی و ووتی:

- خانمە خاسەکان لەکوێوە دێن؟

ئێمە لەپاڵ تورەکەکانماندا لەسەر زەوی دانیشتبووین و بەشەرمەوە دیقەتی یەکتریمان دەدا. دوێشن تێگەیشت ئێمە لەبەر شەرمەزاری کەم روویی بێدەنگ بوین. بۆ ئەوەی دڵمان بداتەوە چاوێکی لێداگرتین و پێی ووتین:

- تورەکەکانتان لەخۆتان گەورەترن. زۆر چاك بوو بێرەدا تێپەڕین، چونکە ئێوە دەبێ لێرە بخوێنن. قوتابخانەکەشتان دەتوانم بڵێم ئامادەیە. هەر ئێستا شتێکی سۆبا ئاسام لەگۆشەیەکدا دروستکرد و تەنانەت دوکەڵ کێشەکەشم لەسەربانەوە دەرهێنا. دوایی دەبینین چ دوکەڵ کێشێکە ! تەنها ئەوەی ماوە سوتەمەنی زستانی بۆ ئامادە بکەم. گرینگ نیە، دەشت و دەر پڕە لەدڕك و داڵ. ناو ژوورەکەش کارێژێکی چاکی دەکەم و دەست بەخوێندن دەکەین. چاکە، ئێوە چۆن دەتانەوێ بخوێنن؟ ئایا بۆ قوتابخانە دێن؟

من لەهەموو هاوڕێکانم گەورەتر بووم، بۆیە خۆم بۆ وەڵامدانەوە ئامادەکرد و ووتم:

- ئەگەر پورم بیەڵێ دێم.

- چۆن نایەڵێ، دیارە کەدەمیەڵێ . ناووت چییە؟

من وەڵامم دایەوە:

- ئالتینای و- دەستم خستە سەر ئەژنۆم کە لەدرزی کراسە دڕاوەکەمەوە دەرکەوتبوو.

- ئالتینای، ناوێکی خۆش و چاکە. خۆشت دەبێ کیژێکی چاك بیت، ها.

زەردەخەنەیەکی بەسۆزی ئەوتۆی خستە سەر لێوەکانی، دڵی شادکردم.

- بەڵێ، بەڵام بەمجۆرە ئالتینای تۆ دەبێ منالەکانی تریش لەگەڵ خۆتدا بۆ قوتابخانە بێنی، چاکە؟

- چاکە خالە گیان.

- پێم بڵێن مامۆستا. دەتانەوێ قوتابخانەکە ببین ،وەرنە ژوورەوە، مەترسن.

ئێمە شەرم دایگرتین.

- نەخێر، ئێمە دەڕۆین. دەبێ بچینە مالەوە.

- چاکە ، بەپەلە بچنەوە. دوایی کەهاتن بۆ خوێندن دەیبینن. منیش تا تاریکی نەکردووە بچم بارێکی تر دڕك و داڵ بێنم.

دوێشن داس و گوریسەکەی هەڵگرت و رووی لەبیابانەکە کرد. ئێمەش هەستاین، تورەکەکانمان بەکۆڵدا داو بەهەنگاوی ورد ورد بەرو ئایۆل کەوتینە ڕێ. لەپڕا شتێکم بەمێشکدا هات و بانگم لە هاوڕێکانم کرد:

- راوەستن کچینە ! وەرن با پشقل و تەپالەکانمان لە قوتابخانەکە بەجێ بێڵین. بۆ زستان سوتەمەنی زیاتر دەبێ.

- ئەی بەتورەکەی بەتالەوە بەرەو ماڵەوە بچینەوە؟ بەمێشکتەوە دەچێ.

- نا ، دەگەڕێینەوە و جارێکی دی کۆی دەکەینەوە.

- نا ، درەنگ دەبێ و لەماڵەوە بەدواماندا دەگەڕێن.

کچان بەبێ ئەوەی چاوەوڕێم بکەن بەرەو ماڵەوە رۆشتنەوە.

تاوەکو ئەوڕۆش نازانم چ هۆیەك بوو کەپاڵی پێوەنام لەو رۆژەدا ، پێ بەجەرگی خۆمدا بنێم و کارێکی وابکەم. یا ئەوەتا لەهاوڕێکانم رەنجابووم چونکە بەگوێیان نەکردم، بۆیە منیش لەسەر قسەکەی خۆم سوور بووم، یا ئەوەتا لەبەر ئەوەی لەکاتی منالیمدا هەموو ویست و حەز و ئارەزووەکانم هەمیشە لەژێر نەڕەو هەڕەشە و کوتەکی کەسانێکی نێردا خرابوونە ژێر خاکەوە. هەرچۆنێك بێ، لەپڕا ویستم سوپاسی ئەم پیاوە نائاشنایە بکەم و لەڕاستیشدا ویستم پاداشتی ئەو زەردەخەنە بەسۆزەی بدەمەوە، پاداشتی ئەو سوکە باوەڕەی بدەمەوە کەبەرامبەر بەبەمن هەیبوو. ویستم چەند وشەیەکی پڕ لەمیهری ئەو پیاوە بەجێ بگەیەنم. زۆر بەچاکی دەیزانم و باوەڕێکی تەواویشم هەیە کەوا چارەنووسی راستەقینەی من، تەواوی ژیانی من، بەهەموو شادی و ناکامییەکەوە، لەهەمان

ڕۆژدا و لەهەمان تورەکە پشقل و تەپالەوە دەستی پێکرد. بەبەڵگەی ئەوەش ئەمە دەڵێم چونکە لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار لەژیانمدا بەبێ هیچ ویستێك و هیچ ترسێك لەئاکامەکان، بڕیاریمدا ئەو کارە ئەنجام بدەم کە بەپێویستم دەزانی ئەنجام بدرێ.

کاتێ هاوڕێکانم بەجێیان هێشتم من بەپەلە بۆ قوتابخانەکەی دوێشن گەڕامە دواوە. تورەکەکەم لەژێر دەرگاکەوە بەتاڵ کردە ژوورەوە. خۆم دوو پێم هەبوو، دوو تریشم بۆ قەرز کرد و بەدەر و دەربەندەکانی دامێنی جیادا ڕۆشتمەوە بۆ ئەوەی پشقل و تەپاڵەی تر کۆبکەمەوە.

بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە بۆ کوێ دەچم، وەکو یەکێك نەزانێ ئەو تاقەت و بڕستە زیادەی خۆی چی لێبکات، من هەر هەنگاوم دەنا و لەڕاستیشدا هەروەکو یەکێك گەورەترین کاری قارەمانانەی ئەنجام دابێ لەخۆشیدا دڵم لەناو سینەمدا ترپەی دەهات. وەکو ئەوەی هەتاویش بزانێ من لە چ بەختیارییەکدا دەژیم. بەڵێ، لەو باوەڕەدام کەهەتاویش بزانێ من بۆ وا سوك و ئازاد دەسوڕێمەوە. بەڵێ چونکە کارێکی پوخت و بچوکم بەئەنجام گەیاند.

هەتاو بەسەر تەپەکاندا شۆڕبووەوە خوارەوە. وا دەهاتە بەرچاو کەدەویست لەسەرخۆ ڕێ بکاو خۆی لەپشت گردەکاندا مەڵاس نەدا. دەیویست هەرچی زیاتر بڕوانێتە من. زەوی ڕەنگ پەڕیوی پایز چون ڕاخەرێکی ئەرخەوانی و سوور و شین لەژێر پێمدا ڕاخرابوو. گەڵا وردەکانی قامیشە وشکەکان وەك مەشخەڵێکی لەرزۆك دەلەرانەوە. هەتاو بەسەر پولەکە زیوییەکانی پاڵتۆ پینەکراوەکەمدا وەکو ئاگر دەدرەوشایەوە. منیش هەر دەچوومە پێشەوە و لەدڵی خۆمدا بەوپەڕی شادی و دڵخۆشییەوە پەیامێکم بەزەوی و ئاسمان و با ڕادەگەیاند:

" تەماشای من بکەن چەند بە شکۆم. دووسبەی دەچمە قوتابخانە و دەخوێنم. ئەوانی دیکەش لەگەڵ خۆمدا دەبەم".
نەمزانی لەسەر ئەو رەوتە زۆر رۆشتم یا کەم، بەڵام لەپر بەئاگا هاتمەوە کەدەبێ پشقل و تەپالە کۆبکەمەوە. بەڵام شتێکی سەیرە، تەواوی هاوین ئەو هەموو وڵاخانە بێرەدا دەسوڕانەوە و لەهەر هەنگاوێکیشدا بیتویستبایە پڕ بوو لە پشقل و تەرسەقول ، کەچی ئێستا دەڵێی زەوی قلیشاوەتەوە و هەمووی قوتداوە. لەوانەیە من هەر بەدووی پشقل و تەپالەشدا نەگەڕابم ؟ لەم لاوە بۆ ئەو لا دەچووم و هەرچەندیش زیاتر بگەڕامایە پشقل و تەرسەقولی کەمترم دەست دەکەوت. لەو کاتەدا تێفکریم کەتا ئاسمان رووناکە راناگەم یەك تورەکەش کۆبکەمەوە. لەم بۆتە قامیشەوە بۆ ئەو بۆتە قامیش دەچووم و پەلەم دەکرد. هەرچۆنێ بێ نیوە تورەکەیەکم کۆکردەوە. ئەو دەمە رۆژ ئاواببوو، دەربەندەکانیش تا دەهات تاریکتر دەبوون.
هیچ کات لەبیاباندا بەتەنیا نەماومەتەوە. شەوی تاریك و تنوك باڵی بەسەر تەپە چۆڵ و خامۆشەکاندا کێشابوو. دەست وپێم لەترسانا بەیەکدا دەهاتن. تورەکەکەم کردەکێش و بەپەلە بەرەو ئاپۆل ملی رێگام گرتە بەر. ترس و تەنیایی تەنگی پێ هەڵچنیبووم. دەمویست هاوار بکەم، بگریم، بەڵام شتێکی دوور لەدەسەڵاتی خۆم هەبوو، ئەگەرچی سەیریش دەهاتە بەرچاو، رێگەی ئەو گریان و هاوارەی لێگرتبووم؛ ئەویش ئەگەر مامۆستا دوێشن منی ئالێرەدا وا بەبێ ئارامی و پەککەوتوویی ببینیایە چی پێ ئەوتم؟ بێگومان بەم هاوار و گریانە رازی نەدەبوو. بڕیارمدا کەچیتر تەماشای دواوە نەکەم، وەکو ئەوەی مامۆستا دوێشن بەڕاستی هاوڕێکام بێ.
بەسەر و سیمای ئارەقاوی و خۆڵاوی و هەناسەبڕکێوە کەڕامە ماڵەوەو چوومە ژوورەوە. ئەو پورا

تورەو بەدخووەم لەبەر ئاگردانەکەدا ڕۆنیشتبوو. یەکسەر هەستایە سەرپێ و بەهەڕەشەوە بەرەو رووم هات:

- لە چ دەربەند جەهەننەمێ بووی؟

بەر لەوەی بتوانم هیچ بڵێم، تورەکەکەی لەدەست قۆستمەوەو بەرەو گۆشەیەکی فڕاند.

- بەدرێژایی رۆژگار هەر ئەمەندەت کۆکردۆتەوە؟

بەدڵنیاییەوە هاوڕێکانم سکاڵای دڵی خۆیان لەلا هەڵڕشتبوو.

- رەشە وڵاخ ! چیت لە قوتابخانەکەدا وون کردبوو؟ بۆ لەو قوتابخانە کاول بووەدا نەمایتەوە؟

گوێی گرتم و ئیدی هەر چەپۆک بوو بەسەر و گوێلاکما دەباری.

- گەندەڵی بێ دایك و باوك. ئەوەی لەگورگ بکەوێتەوە هەر دەبێ بەگورگ. منالەکانی تر هەموو شتێ لەبن هەڵدەکەنن و دەیبەنەوە، ئەمیش لەماڵەوە بۆ دەرەوەی دەبا ! ئەگەر دوو پێت بخەیتە ئەو قوتابخانەیەوە هەرچی ئەندامی لەشت هەیە وردی دەکەم. دەبێ رەوانەی قوتابخانەیەکت بکەم تا تەمەنت مابێ لەبیرت نەچێتەوە...

من بێدەنگ بووم و تەنها هەوڵی ئەوەم دەدا کە هاوار نەکەم. دوای ئەوە چاوم بریبووە ئاگردانەکەو بەدزییەوە، بێدەنگ بۆ خۆم دەگریام و پشیلە بۆرەکەم دەلاواندەوە. لێتانی ناشارمەوە هەرکات دەستم بەگریان بکردایە پشیلەکەم لێم تێدەگەشت و بازی دەدایە سەر ئەژنۆم. من لەدەست کوتەك و لێدانی پورم نەدەگریام، کوتەکی پورم شتێکی ئەوتۆ نەبوو تا پێی ئاشنا نەبم، بەڵکو لەبەر ئەوە دەگریام چونکە دەمزانی ئیدی بەهیچ جۆرێ نایەڵێ پێم بخەمە ناو قوتابخانەوە.

دوو ڕۆژ دوای ئەوسا بەیانیانێکی زوو . سەگەکانی ئایۆل بەدەنگێکی بەرزی ئەوتۆ کەدەگەشتە گوێی هەموو کەسێ، دەستیان بەحەپە حەپ کرد. دیاربوو دوێشن ئەم ماڵ و ئەو ماڵی دەکرد تا منداڵەکان کۆبکاتەوە و بۆ قوتابخانەیان ببات. ئەو سەردەمە کۆڵان و شەقام نەبوون. خانووە کلە تاریک و تەنۆکەکانمان بەشێوەیەکی ناڕێک لە ئایۆلدا بەرت و بڵاو ببوونەوە. هەرکەسێ لەهەر لایە بیویستایە دەیتوانی خانوویەك پێکەوە بنێ. دوێشن بەڕەوە منداڵێکەوە هەر ئەم ماڵ و ئەو ماڵیان دەکرد و ئایۆل- یان تێبەڕاند.

ماڵی ئێمە لەوبەڕی ئایۆل- ەوە بوو. لەوکاتەدا من و پورم لەهاوانە دارەکەدا هەرزنمان دەکوتا. مامم گەنمە لەچاڵکراوەکەی دەردەهێنا و بۆ بازاڕی دەبرد. ئێمە وەك ئاسنگەر دەسکە قورسەکانی هاوانەکەمان بەنۆرە بەرز دەکردەوە و دادەگرتەوە. بەڵام من بەوەش ڕاکێشتم بەلاچاوێك تەماشا بکەم بۆ ئەوەی بزانم مامۆستا دووره یا نا. دەشترسام هەر نەگاتە ماڵی ئێمە. ئەگەرچی لەوەش دڵنیا بووم پورم نایەڵێ بچمە قوتابخانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم پێ خۆشبوو دوێشن بگاتە ئێرە، تا هیچ نەبێ بەچاوی خۆی ببینێ من لەکوێ دەژیم. لەدڵی خۆمدا بەئاواتەوە بووم مامۆستا نەگەڕێتە دواوە تا دەگاتە لای ئێمە.

دوێشن لەکاتێکدا خوێندکارەکانی دواڕۆژی بەدواوە بوو، بەگاڵتەوە سڵاوێکی لەپورم کرد:

- کەیبانۆ خوا یارمەتیت بدا ! ئەگەر ئەو یارمەتیت نەدا ئەوە ئێمە یارمەتیت دەدەین. تەماشا ئێمە چەند زۆرین !

پورم لەوەڵامدا منجەمنجێکی کرد ، بەڵام مامم تەنانەت سەریشی لەچاڵەکە نەهێنایە دەرەوە. دوێشن بەبێ ئەوەی تەریق بێتەوە لەسەر کۆترە داری ناوەڕاست حەوشەکە دانیشت و پەڕەو پێنووسی دەرهێنا و ووتی:

- ئەوڕۆ لە قوتابخانەدا دەست بەخوێندن دەکەین. کچەکەی تۆ تەمەنی چەند دەبێ؟

پورم بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە دەسکی هاوانەکەی بەتوندی داگرتەوە. زۆر بەئاشکرا دیاربوو کەئارەزووی درێژەپێدانی ئەو قسەو باسەی نەبوو. من زۆر پەرێشان بووم و هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئێستا چی دەقەومێ؟ دوێشن تەماشایەکی کردم و زەردەخەنەیەك گرتی. وەکو ئەو جارە دڵخۆشی کردم. دوایی لێی پرسیم:

- ئاڵتینای تەمەنت چەندە؟

من ئەوەندە ئازا نەبووم تا وەڵامی بدەمەوە. پورم بەتوڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

- دەتەوێ چی بکەی؟ تۆ پشکێنەری کوێندەریت؟ ئەو نە کات و نە تاقەتی خوێندنی هەیە. نەك بێکەسێکی وەکو ئەم، بەڵکو ئەوانەی دایك و باوکیشیان هەیە ناخوێنن. تەماشا چ بڕە منالێکت لەخۆت کۆکردۆتەوە، بڕۆ هەموو ئەوانە بۆ قوتابخانە بەرەو تەواو، تۆ بێ سود بۆ ئێرە هاتووی.

دوێشن راپەڕی و ووتی:

- بیر لەقسەکانی خۆت بکەرەوە کەچی دەڵێی ! بۆ وادەزانی تاوانی ئەوە کەهەتیو کەوتووە؟ یاسایەك هەیە بڵێ با هەتیوەکان نەخوێنن؟

- من کارم بەیاسای تۆوە نیە. من خۆم یاسای خۆم هەیە و پێویستیشم بەڕێنمایی تۆ نیە.

- هەموو کەس لەبەرامبەر یاسادا وەکو یەکە. ئەگەر تۆ پێویستت بەکچەکەت نیە ئەوە ئێمە پێویستمانە، شورەوی پێویستێتی، ئەگەر بەرهەڵستیشمان دەکەی با پێتی پیشان بدەم.

پورم دلێرانە دەستی خستە سەر کەمەری و ووتی:

- تۆ لەکوێوە بووی بەسەرگەورەی ئێمە؟ بەڕای تۆ حەزو ئارەزووی ئەو بەدەست کێیە؟ تۆیەکی وەکو بابت ئاوارە و بێخان و مان نانی دەدەیتێ یا من؟!

ئەگەر بهاتایە و لەم کاتەدا سەرو کەللەی مامم،کەتا ناوقەدی رووت بوو، لەچاڵەکە دەرنەهاتایە دەرەوە، خوا دەیزانی سەرئەنجامی ئەو قسەو باسە بەکوێ دەگەشت. مامم بەهیچ جۆرێ ئەوەی پێ قوت نەدەدرا لەماڵێکدا مێرد و سەرگەورەی تێدابێ ژن ئاوا بەڕەڵا بێت و بەئارەزووی خۆی، خۆی لەکارو بارێکدا هەڵقورتێنێ کەهیچ پەیوەندی بەوەوە نەبێ. هەر لەبەر ئەمەش زۆر جار بێڕەحمانە دەیکوتا. دیاربوو گەشتبووە نوکی لوتی بۆیە لەگەڵ هاتنە دەرەوەیدا هاواری کرد:

- ئەوە زەعیفە تۆ لەکەیەوە بووی بەسەرگەورەی ماڵ؟ لەکەیەوە ئەمرو نەهی دەکەی؟ لەبری ئەوەی قسەی زیاد دەکەی، ئیشی زیاتر بکەی باشتر نیە؟ تۆش کوڕەکەی تاشان بەگ، کچەکە بەرەو بڕۆ. فێری خوێندنی دەکەی، لەناو ئاوەیا سووری دەکەیتەوە، یالا دەی، گۆرت وونکە لەم ناوە !

پورم دەنگی خۆی بەرزکردەوە:

- کەواتە ئاوا، ئەو بەوجۆرە لەقوتابخانە خوێڕێتی بکا، ئەی ئیش و کارەکانی ماڵەوە کێ بیکا؟ هەمووی هەر من؟

هێشتا لەقسەکانی نەبووبوەوە مێردەکەی بەسەریا قیراندی

- تازە ووتم و تەواو بوو.

هیچ شەڕێ نیە خێرێکی بەدواوە نەبێ. وارێکەوت من بۆ یەکەمین جار لەژیانمدا بەمجۆرە بۆ قوتابخانە بچم. لەوە بەدواوە هەموو بەیانیانێك دوێشن کۆیدەکرینەوە و دەیبردین.

یەکەمین جار کەچووینە قوتابخانەوە، مامۆستا لەناو ژوورە کارێژکراوەکەدا دایینیشاندین و یەکی سەرو دەفتەر و پێنووس و تەختەیەکی داینێ و ووتی:

- تەختەکانتان بخەنە سەر ئەژنۆتان تا چاکتر بنووسن.
دوای ئەوە وێنەی پیاوێکی روسی پێ پیشانداین کەبەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو:
- ئەمە - لینین- ە.
بەدرێژایی ژیانم ئەو وێنەیە یادێکی تایبەتی لەلا دروست کردم. نەمزانی بۆ من چیتر ئەو وێنەیەم نەدەبینی و ئەو شوێنەشم هەر بە" ماڵەکەی دوێشن" ناو دەبرد. لەو وێنەیەدا لینین- ی لاواز، ردێنێکی درێژ هەبوو، چاکەتێکی سەربازیی فلتی لەبەرابوو، دەستە بریندارەکەشی لەملیدا بوو. چاوە قوڵەکانی لەژێر کڵاوەکەیەوە بەئارامی تەماشایان دەکرد. چون بەنیگای بەسۆز و پڕ لەمیهری چاوەکانی پێمان بڵێ" منالەکان، ئەگەر دەزانن چ دواڕۆژێکی درەخشان چاوەڕێتان دەکات !!!"
لەوکاتەدا من وای بۆ دەچووم لینین بەو مات و بێدەنگییەوە خۆیەوە بیر لەداهاتووی من بکاتەوە.
بەهەموو شتێکدا ئەوە دیاربوو کەئەو وێنەیەی لەسەر پەڕەیەکی کایی رەنك چاپکرابوو، ماوەیەکی دوورو درێژ بوو لەلای دوێشن بوو. شوێنی لولکردنەکان و گۆشەو کەنارەکانی سوابوون. جگە لەو وێنەیە دیوارەکان هیچ وێنەیەکی تریان پێوە نەبوو. دوێشن دەیووت:
- من فێری خوێندن و نووسینتان دەکەم. فێری نووسینی پیت و ژمارەکانتان دەکەم. هەرشتێ خۆم بیزانم بەئێوەشی دەڵێم.
لەڕاستیدا دوێشن بەسەبر و حەوسەڵەیەکی زۆر سەیرەوە هەرچییەکی بزانیبایە پێی دەوتینەوە. بەسەر هەموو خوێنکارەکاندا کۆم دەبووەوە. بۆی روون دەکردینەوە کەپێنووس چۆن بەدەستەوە دەگیرێ و بەسنگێکی فراوانیشەوە مانای ووشە قورسەکانی بۆ شیدەکردینەوە.

ئێستا کەمن بیر لەوە دەکەمەوە سەرم سوڕ دڕەمێنێ. چۆن ئەو لاوە، ئەو فەریکە خوێندەوارە کەخۆی بەئاستەم وشەکانی بەحینجە دەخوێندەوە، بەبێ هیچ کتێبێکی قوتابخانە یا تەنانەت بەبێ سادەترین کتێبی ئەلف و بێش بوێرانە دەستی دابووە کارێکی وامەزن. خۆ وانە وتنەوە بەمنالانێك کەحەوت پشتیشیان نەخوێندەوار بوون گاڵتە نیە ! ئەڵبەتە دوێشن هیچ جۆرە شارەزاییەکی لەبەرنامە و شێوەی وانە وتنەوەدا نەبوو. ڕاستریشت دەوێ ئەو پێی وانەبوو شتی وا هەر هەبێ.

دوێشن هەرچۆنێ کەخۆی شارەزا بوایە و بیتوانیایە و بەپێویستی بزانیایە یا بەکورتی هەرچۆنێ بەمێشکیدا بهاتایە ئاوا وانەی پێدەوتینەوە. بەڵام من باوەڕێکی پتەوم هەیە ئەو هەوس و ئارەزووە ڕاستەقینەی ئەو هەیبوو لەپێناوی ئەنجامدانی ئەو کارەی پێی سپێردرابوو بەهیچ شێوەیەك بەفیڕۆ نەچوو. ئەو بێ ئەوەی بەخۆی بزانی قارەمانێتی دەنواند. بەڵێ، ئەوە کارێکی قارەمانانە بوو، چونکە لەو ڕۆژانەدا ئێمەی منالانی قرغیز کەهێشتا پێمان نەنابووە ئەودیو سنوری ئایۆلەوە، لەو قوتابخانەیەدا جیهانێکمان بەڕوودا کرایەوە کەبەر لەوجا نە بینیبوومان و نە گوێشمان لێ ببوو. ئەگەرنا ئێمە نەماندەتوانی بەو کولبە قوڕەی کەهەمیشە لەدرزەکانییەوە لوتکەی پڕ بەفری چیاکانمان دەبینی بڵێین قوتابخانە.

هەر لەهەمان کاتدا فێربووین ئەو مۆسکۆیەی کە لینینی تیادا دەژیا، چەندین جار لە ئایۆل ئاتا و تەنانەت لە تاشقەندیش گەورەترە. لەجیهاندا چەندین دەریای زۆر زۆر گەورەی وەك دەربەند "تەڵاس" هەن و کەشتی وا تیایاندا مەلە دەکەن بەئەندازەی یەك کێو گەورەن. هەروەها ئەوەشمان زانی ئەو نەوتەی لەبازاڕ دەهێننەوە لەبنەڕەتدا لەژێر خاکەوە دەردەکرێ. لەهەمان کاتدا باوەڕێکی لەبن نەهاتووم بەوە

هەبوو کە خەڵکی تا دەوڵەمەندتر بن، بینای قوتابخانەکەی ئێمەش ئەوەندە گەورەتر و سپیتر دەبێ و پەنجەرەی گەورەتری دەبێ و خوێندکارەکانیش ئەودەم لەسەر تەختە دادەنیشن.

تازە سەر و گوێلاکی شتە سەرەتاییەکانمان دەشکان و نەدەشکان. هێشتا فێری نووسینی"دایە" و "بابە" نەبووبووین، وشەی لینین- مان لەسەر پەڕە نەخش کرد. فەرهەنگی سیاسیمان بریتی بوو لە وشەی وەك "بەگ"، "جوتیاری کرێگرتە"و "شوراکان". دوای یەك ساڵ دوێشن پەیمانی ئەوەی پێدابن کەفێری وشەی "شۆڕش" مان بکات.

کاتێ گوێمان بۆ قسەکانی دوێشن هەڵدەدێرا، ئێمە بەخەیاڵ لەگەڵ ئەودا بووین و لەبەرەکانی جەنگدا بەچەکی سپی شەڕمان دەکرد. ئەو ئەوەندە بەتاسە و بەپەرۆشەوە باسی لینینی بۆ دەکردین هەروەکو بەچاوی خۆی بینیبێتی. بەو جۆرەی ئەوڕۆ لێیان تێدەگەم، زۆر لەو شتانەی ئەو دەمە ئەو بۆی باس دەکردین، بریتی بوون لە کۆمەڵە داستانێك کە خەڵکی خۆیان لەبارەی رابەری پایە بڵندەوە دایانڕشتبوو. بەڵام لەبەر چاوی ئێمەی خوێندکارانی دوێشن هەموو ئەوانە راستییەك بوون لەهەتاو رووناکتر بوون.

جارێکیان بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك لێمان پرسی:

- مامۆستا تۆ تەوقەت لەگەڵ لینیندا کردووە؟

ئەو دەمە مامۆستاکەمان بەخەم و پەژارەوە سەری راوەشاند و ووتی:

- نە رۆڵە گیان. من هیچ کاتێ لینینم نەدیوە.

وەك کەمتەرخەمییەکی کردبێ ئاهێکی هەڵکێشا. دوێشن شەرمی لێدەکردین.

لەکۆتایی هەر مانگێکدا دوێشن بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ئیش و کارەکانی بەپێ دەچووە مەڵبەندی ناوچە و

سەرەتادا پاش دوو سێ رۆژ دەگەڕایەوە. لەرۆژەکانی سەرەتادا بەڕاستی دڵمان تەنگ دەبوو. ئەگەر برایەکی گیانی بەگیانیشم هەبوایە لەوانەیە هەرگیز چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو نەبوومایە، چونکە من ئەوکاتە بێ ئۆقرە بووم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی دوێشن بووم. بەدزییەوە و بەبێ ئەوەی پورم پێم بزانێ، خۆم دەخزانە حەوشەکەی پشتەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوم دەبڕییە رێی ناو بیابانەکەو بیرم دەکردەوە: " کەی مامۆستا بەکۆڵە پشتییەکەیەوە دەردەکەوێ؟ ئەی کەی زەردەخەنە بەسۆز و پڕ میهرەکەی دەبینمەوە؟ ئەی کەی گوێم لەقسە زانست بەخشەکانی دەبێ ؟" .

من لەهەموو خوێندکارەکانی دوێشن گەورەتر بووم. لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێت کەمن لەهەموویان چاکترم دەخوێندەوە، ئەگەرچی من لەوبڕوایەدام تەنها لەبەر ئەم هۆیەش نەبوو. سەرجەمی ئەو ووشانە و ئەو پیتانەی کە مامۆستا دوێشن پێی پیشان دەدان لەلای من پیرۆز بوون. لای من هیچ شتێ لەتێگەیشتنی ئەو شتانەی دوێشن فێری دەکردین،گرینگتر نەبوو. تەواوی ئەو دەفتەرەی ئەو پێی دابووم لەبەرم کردبوو. بەنوکی داس نووسینەکانم لەسەر زەوی هەڵدەکۆڵی. بەخەڵوز لەسەر دیوارەکان و بەچوکڵ و چیلکە لەسەر بەفرو گەردی رێگاکاندا دومنووسییەوە. بەڕای من لەهەموو جیهاندا یەکێکی دی نەبوو بەئەندازەی دوێشن دانا و زانا بێت.

زستان نزیک بووەوە.

بەر لەبەفر بارین خۆمان لەرووبارە بچوکە پڕ وردە بەردەکەی خوار گردەکە دەدا بەمەبەستی ئەوەی خۆمان بەقوتابخانە بگەیەنین. دوای ئەوە کەس نەیدەتوانی خۆی لەئاو بدات، بەفراوەکان پێیان دەتەزاند. بەتایبەت مناڵە وردەکان زۆر ماندوو دەبوون و فرمێسك بەدەوری چاویاندا بازنەی

دەبەست. ئەو دەمە دوێشن ئەوانەی بەدەستی خۆی دەپەڕاندەوە. یەکێکی دەکردە کۆڵ و یەکێکی دی دەکردە بن باڵ و ئیدی بەو جۆرە هەموو خوێندکارەکانی لەم بەرەوە بۆ ئەو بەری رووبارکە دەبرد.

ئێستا رووداوێك دێنمەوە یا کەبەهیچ جۆرێ بڕوا ناکەم لەڕاستیدا وابووبێ. لەوکاتەدا خەڵکی یا لەبەر نەزانی یا لەبەر بێ مێشکی بە دوێشن پێدەکەنین، بەتایبەت دەوڵەمەندەکان کە زستانیان لەچیاکاندا بەسەر دەبرد و روویان لەئێرە، واتە ئاسیا دەکرد. ئەوان بەسواری ئەسپانێکی توندڕەو دەهاتن. کڵاوێکی سوریان بەسەرەوە بوو کە لەپێستی رێوی دروست کرابوو. فەروویەکی گانبەهاشیان لەبەردا بوو. چەندین جار لەسەر بوارەکە توشمان دەهاتن و بەکەناری ئێمەدا تێدەپەڕین و بێ باکانە چاویان دەبڕییە دوێشن. یەکێکیان سەری پێکەنینی داهێنا و سوخوڵمەیەکی لەوەی تەنیشتی داو پێی ووت:

- تەماشا ! یەکێکی لەکۆڵ کردووە و یەکێکیشی لەبن باڵ گرتووە !

ئەوی تریش کەفڕەی لوتی ئەسپەکەی دەهات، هەندێکی لێداو ووتی:

- هەی هەی، قوڕم بەسەر، جاران نەمدەزانی، جاری داهاتوو ئەم پیاوە دەخوازم.

لەکاتێکدا بەپێکەنینەوە لێمان دوور دەکەوتنەوە، قوڕ و ئاو لەژێر سمی ئەسپەکانیانەوە بەسەرو رووماندا دەپژا.

ئەودەمە چەند دڵم پێوەبوو خۆم بکەیەنمە ئەو گەوج و گێلانە و رەشمەی ئەسپەکانیان بگرم و بەرامبەر بەگەردنی شووم و دەم و قەپۆزیان بوەستم و بەسەریاندا بقیژێنم "چۆن دەتوانن ئەم هەموو قسانە بە مامۆستاکەی ئێمە بڵێن. ئێوە کەسانێکی گەوج و تێنەگەیشتوون".

دهگرێ؟
بەڵام کێ گوێ لەقسەی کچۆلەیەکی وەکو من دەگرێ؟ سوێر و
هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو جگە لەوەی فرمێسکی ناکای لەو
گەرمی خۆم بسڕمەوە. بەڵام دوێشن هەروەکو زۆر
ئەتك کردنە نەبووبێ و گوێشی لەهیچ نەبووبێ وابوو.
جاریش پەندێ یا سەرگوزەشتەیەکی پڕ لەپێکەنینی لەگیرفانی
خۆیەوە دەردەهێنا و بۆی دەگێڕاینەوە تا ئێمە بخاتە پێکەنین
و وامان لێبکا هەموو شتێ فەرامۆش بکەین.
دوێشن هەرچەندی دەکرد بڕێ داری دەست نەدەکەوت
بۆ ئەوەی پردێك لەسەر رووبارەکە دروست بکات. جارێکیان
لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە، پاش ئەوەی منالە بچوکەکانمان لە
رووبارەکە پەڕاندەوە، ئێمە لەگەڵ دوێشن- دا لەکەناری
رووبارەکە ماینەوە. بڕیارماندا بەبەرد و خشت بەردەبازێ
دروست بکەین بۆ ئەوەی چیتر پێمان تەڕ نەبێ.
ئەگەر راستیتان دەوێ هەموو خەڵکی ئایۆل
کۆبوونایەتەوەو هەر یەکەی لقە دارێکیشی فڕێدایە سەر
ئاوەکە ئەوە لە چاوتروکانێکدا پردێ بۆ خوێندکارەکان
دروست دەبوو. بەڵام گرینگ ئەبوو لەو رۆژانەدا خەڵك
بەهۆی نەزانینەوە هیچ جۆرە بایەخێکیان بەخوێندن نەدەدا.
ئەو خەڵکە ئەگەر دوێشن-یان لەباشترین حاڵەتیشدا ببینیایە
هەر بەپیاوێکی سەیر و سەمەرەیان دەژمارد. خەڵك پێی وابوو
دوێشن لەبەر بێکاری لەگەڵ منالەکاندا خۆی خەریك کردووە.
ئەگەر توانا و ئارەزووت هەیە وانەیان پێ بڵێرەوە، ئەگەرنا
بیاننێرەوە مالی خۆیان. ئەوان خۆیان بەسواری لە
رووبارەکەیان دەدا و هیچ پێویستییەکیشیان بەپردو بەردەباز
نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو خەڵکە دەبوو بیریان لەوە
بکردبایەوە: ئەم لاوە کەهیچ شتێکی لەوانی تر خراپتر نیە و
ئەقلیشی لەوان بچوکتر نیە، ئەی کەواتە لەبەر چی خۆی
توشی هەزارەها دەردەسەری و نەگبەتی کردووە و بەرگەی

ئەو هەموو گاڵتە و بەزم و ڕەزمەی ئەوانیشی گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا بە وریەکی زۆر بەرز و بەوپەڕی نەبەزییەوە وانە بەمناڵەکان دەووتەوە.

ئەو ڕۆژەی ئێمە بەردمان دەهاویشتە سەر پردەکە، بەفر هەموو دەشت و کێوی پۆشیبوو و ئاویش ئەوەندە ساردو سڕ بوو تەنانەت هەناسەشی دەبەست. دوێشن بەپێ خاوسی بەردەوام کاری دەکرد، من نازانم دوێشن لەکوێڕا ئەو هەموو بڕست و توانایەی دەهێنا. ڕووبارەکە هەروەکو پشکۆرێژ کرابێ وابوو، من بەئاستەم دەمتوانی پێ بخەمە ناویەوە. لەپڕ لەناوەڕاستی ڕووبارەکەدا دەست و پێم لەگۆ چوون و گێژ بووم، نەدەمتوانی هاوار بکەم و نە دەشمتوانی ڕاستبمەوە، تا بەئارامی لەئاوەکەدا کەوتم. دوێشن بەردەکەی دەستی فڕێدا و بەرەو ڕووم هات، بەژێر باڵییەوە کردم و بەرەو کەناری ڕووبارەکەی بردم، لەسەر پاڵتۆ سەربازییەکەی دایناو. دەمێ پێ شین و سڕبووەکانی دەشێلام و دەمێ دەستە لەگۆچووەکانی دەگوشیم. زمانی لەدەمییەوە دەردەهێنا و بەهەناسە گەرمی دەکردنەوە و دەیووت:

- پێویست ناکا ئاڵتینای، لێرە دانیشە و گەرم بەرەوە. من خۆم بەتەنیا کارەکان دەکەم ...

بەهەر حاڵ پردەکە تەواو بوو و دوێشن پێڵاوەکانی لەپێکرد، تەماشایەکی منی بەفر بردوو و دەم و لێو لەگۆچوی کردو زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوەکانی:

- ها هاوڕێ، گەرم بوویتەوە؟ پاڵتۆکە بەخۆتا بدە، بەمجۆرە – و پاش کەمێ بێدەنگی لێی پرسیم:

- ئاڵتینای، ئەو جارە تۆ پشقل و تەپاڵەکانت فڕێ دابووە قوتابخانەکەوە ؟

وەڵامم دایەوە:

- بەڵێ.

زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوەکانی و وەك لەگەڵ
خوێدا بدوێ "منیش هەر وای بۆدەچووم".
لەیادمە ئەودەمە گوناکانم چون ئاگر گڕیان گرتبوو:
بەدڵنیاییەوە دیاربوو کە مامۆستا ئەمەی دەزانی، بەڵام بەبێ
هۆ فەرامۆشی نەکردبوو. من لەخۆشیدا لەجەوتەم نهۆمی
ئاسمان دەخولامەوە. دوێشن پەی بەو شادییەم برد و
بەنیگایەکی پڕ لەخۆشەویستی سەرنجێکی دام و ووتی:
- ئەی سەرچاوەی زوڵاڵ و درەخشانی من، دیارە کە
ئامادەییەکی تەواوت هەیە... ئاخ، ئەگەر بمتوانیبایە تۆم بۆ
شارێکی گەورە بناردایە! تۆ چ مرۆڤێکت لێ دەردەچوو.
دوێشن بەشێوەیەکی خێرا بەرەو کەنارەکە هەنگاوی
هاویشت و رۆشت.
تاوەکو ئێستاش لەبیرمە هەروەکو ئەو رۆژە ئەو
لەکەناری رووبارە پڕ وردە بەردەکان وەستابوو. دەستەکانی
خستبووە پشت ملییەوە و بەچاوێکی درەخشانەوە دەیڕوانییە
دوور، دەیڕوانییە هەورە سپییەکان کەبا بەرەو لوتکەی
چیاکانی دەبردن.
لەو کاتەدا دەبێ دوێشن بیری لەچی کردبێتەوە؟
لەوانەیە دیسانەوە بەڕاستی بیری لەناردنی من کردبێتەوە بۆ
شارێکی گەورە بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن. بەڵام لەو
کاتەدا من خۆم لەپاڵتۆکەی دوێشنەوە پێچابوو و بیرم
دەکردەوە " چی دەبوو ئەگەر مامۆستا دوێشن برایەکی
راستەقینەم بوایە، چی دەبوو ئەگەر بمتوانیبایە خۆم
بەگەردنییەوە هەڵواسم، بەتوندی لەئامێزم بگرتایە، چاوەکانم
توند بنوقانایە و نایابترین قسەی دنیام بەگوێیدا بچرپانایە!
ئەی پەروەردگار! دوێشن بکەرە برایەکی راستەقینەی من"
بێگومان ئەو کاتە هەموو ئێمە مامۆستاکەی خۆمان
لەبەر مرۆڤدۆستی و بیرچاکیی و ئاواتەکانی سەبارەت

بەئایندەی ئێمە، خۆش دەویست. ئەگەرچی ئەودەمە مناڵ بووین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وابزانم ئێمە لەو شتە تێدەگەیشتین. جگە لەمە دەبێ چی شتێ وای لێکردبین هەموو رۆژێ ئەم رێگا دوورو درێژە بپێوین. لەکاتێکدا رەشەبا هەناسەی تەنگ کردبووین و لەتەپۆلکە بەفر گرتووەکاندا گیرمان خواردبوو، چی شتێ وای لێکردبووین بە تەپە بەرزەکاندا سەرکەوین؟ ئێمە خۆمان بۆ قوتابخانە دەچووین و هیچ کەسێ زۆری لێنەکردبووین ئەو کارە بکەین. هیچ یەکێك ناچاری نەکردبووین لەم عەمارە سارد و سڕەدا کەتەنانەت هەناسەکەشمان تیایدا دەیبەست و دەبووە بەفر و بەسەرو سیما و بەرگەکانمانەوە دەنیشتەوە، لەسەرما هەڵبلەرزێین. ئێمە خۆمان هەرجارەی مۆڵەتی یەکێکمان دەدا لەبەردەم ئاگردانەکە دانیشێ و ئەوانی تریش هەموو لەجێگەی خۆمان دانیشتبووین و گوێمان بۆ قسەکانی دوێشن شل کردبوو.

لەیەکێ لەم رۆژە سارد و سڕانەدا – وەك ئێستا بیرم دێتەوە کۆتایی مانگی یەك بوو- دوێشن تەواوی ماڵەکان گەڕا و کۆیکردینەوە و وەکو جاران بۆ قوتابخانە بردین. وەکو باڵی هەڵۆ برۆکانی بەسەر یەکدا هاتبوون. خەمبار و بێدەنگ هەنگاوی دەنا و سەرو چاوی رەش هەڵگەڕابوون. ئێمە هەرگیز مامۆستاکەی خۆمان بەو شێوەیە نەدیبوو. کە ئەومان بینی بێدەنگ بووین و هەستمان بەوە کرد کەشتێکی خراپ روویداوە.

لەسەرکەوتنی تەپە بەفرینە بەرزەکاندا هەروەکو جاری جاران دوێشن رێگەکەی دەکردەوە و منیش بەدوایدا و ئەوانی تریش بەدوای منەوە، رێگامان دەبڕی. ئەمجارەشیان لەدامێنی گردەکەوە، کەشەو بەفرێکی زۆری تێکردبوو، دوێشن پێشکەوت. جاری وا هەیە کە لەپشتەوە دەنواڕیتە یەکێ بێ ئەوەی بیبینی، تێدەگەی کە شتێکی لەسەرە. سێ و دوو دەزانی کە چییەتی و لە چ بارێکی دەروونی دایە.

پەژارە
ئەمجارەشیان زۆر روون بوو کە خەم و
مامۆستاکەمانی لەپەل و پۆ خستبوو. سەری شۆڕکردبووە
خوارەوە و بەئاستەم هەنگاوی دەنا. تاوەکو ئەوڕۆش لە
بیرمە کەچاوەکانم رێشکە و پێشکەیان دەکرد: ئێمە بەڕیز یەك
بەدوای یەکتردا بەبەگردەکەدا سەردەکەوتین و دوێشن-یش
بەپالتۆ رەشەکەیەوە کۆم ببووەوە. لەولای ئەویشەوە،
لەبەرەژوورەکاندا تەپۆلکە بەفرینەکان وەك پشتەی حوشتر
دیاربوون. رەشەبا هەڵیکرد و بەفرەکانی بەئاسماندا برد و
زریانی هێنا. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە پەڵە هەورێکی
رەش لەئاسمانی سپی و تەماویدا خۆی دەنواند.
کاتێ گەیشتینە قوتابخانەکە، دوێشن بەرلەوەی
ئاگردانەکە داگیرسێنێ، فەرمانی پێداین:
- هەستن.
ئێمە هەستاینەوە.
- کڵاوەکانتان داگرنەوە.
ئێمە سەرمان رووت کردو ئەویش کڵاوە سەربازییەکەی
کەنێوی "بۆدیۆنفکا" بوو، داگرتەوە. ئەجا بەدەنگێکی نووسا
و لەرزۆکەوە ووتی:
- "لینین" ی مەزن مرد !
ئێستا لە سەرتاپای جیهاندا خەڵکی کۆس کەوتوو
بەپێوەن. ئێوەش لەجێگەی خۆتاندا بێدەنگ و بێ جوڵە
راوەستن. تەماشای ئەوێ، وێنەکە بکەن. با ئەم رۆژە
لەیادتانا بمێنێ.
قوتابخانەکەمان چون ژێر هەرەس کەوتبێ کپ ببوو.
تەنها گوێت لەهاتنە ژوورەوەی باکە دەبوو لەدرزی دیوارەکان
و گوێت لە وردە بەفرەکان دەبوو کە بەسەر کای ژوورەکە
دەکەوتنە خوارەوە.

لەوکاتەدا شارە پڕ جۆش و خرۆشەکان لەباوەشی بێدەنگیدا ئۆقرەیان گرتبوو. کارخانەکان کەزەوییان هێنابووە لەرز، لەکار کەوتبوون. شەمەنەفەری شەیپوورزەنیش لەجێگەی خوێدا وشکی بردبۆوە. لەو کاتەدا کەسەرجەمی جیهان لەماتەمینیدا بوون، ئێمەش هاوکات بەشێکی بچووك بووین لەو خەڵکە خەمخۆرە و هەناسەمان لەسینەماندا تاساندبوو. لەو کولبە ساردە بێ ناونیشانەدا لەگەڵ مامۆستاکەماندا و بەناوی قوتابخانەکەمانەوە، بەشکۆمەندییەوە ماڵئاواییمان لە لینین دەکرد و خۆمان بەنزیکترین خەمخۆری راستەقینەی ئەو دەزانی و بیرمان لەو دەکردەوە. "لینین" ی مەش هەر بەهەمان چاکەتە سەربازییە فلتەکەیەوە و بەهەمان دەستە لەملکراوەکەیەوە بەهەمان جۆر بەدیوارەکەوە تەماشای دەکردین. بەهەمان نیگای بەسۆز و پاك و خاوێنی خۆیەوە دەیووت: "منداڵەکان، ئەگەر دەزانن چ داهاتوویەکی پرشنگدار چاوەڕێتان دەکات !" و لەو ساتە خامۆشەدا وام دەهاتە بەرچاو کەبەڕاستی بیر لەداهاتووی من بکاتەوە.

دوای ئەوە دوێشن بەسەردەسەکەی چاوی سڕییەوەو ووتی:

– ئەمڕۆ دەچم بۆ مەڵبەندی ناوچە تا بچمە ریزەکانی حیزبەوە. من پاش سێ رۆژی دی دەگەڕێمەوە.

سەختترین رۆژانێکی زستان کە بەدرێژایی ژیانم دیبێتم ئەو سێ رۆژە بوون. دروست هەروەکو ئەوە وابوو توانای بەهێزو بێهاوتای سروشت بیەوێ جێی مرۆڤێکی نەمر و چاو بەستووی ئەم سەرزەمینە پڕ بکاتەوە: رەشەبا هەمیشە بەتوڕەییەوە دیلوراند. زریان چون گەردەلول بەفرەکانی بەرەو ئاسمان رادەپێچا. ئەو سەرما بێهاوتایەش تەنانەت دڵی بەردی لەت لەت دەکرد... . هێزەکانی سروشت هەرگیز ژێر

نەدەمبوونەوە. نالە و گریان و خەمی خۆیان بەناخی زەویدا دەکرد.

ئایۆلی مە کەرۆچووبووە قولایی بێدەنگییەوە و لەدامێنی چیاکاندا کەبەهەوری رەش و قەترانی داپۆشرابوون و بەشێوەیەکی سەیر رەشیان دەکردەوە، ئۆقرەی بەخامۆشییەوە گرتبوو. هەمیشە ستونی بارك باریکی دوکەڵ لە دوکەڵکێشەکانی ژێر بەفرەکانەوە بەرز دەبوونەوە. خەڵکی لەماڵ نەدەهاتنە دەرەوە و لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە گورگەکان هار و شێت ببوون. بەرۆژ لەرێگا و بانەکاندا بەئاشکرا دەبینران و بەشەوانیش بەدەنگێکی ترسناك لەدەوروبوری ئایۆلدا تا بەرەبەیان لەبرسانا لورەیان دەهات.

من بۆ مامۆستاکەمان زۆر بێ ئۆقرە بووم: بەم هەوا ساردە، بێ کەپەنەك و بەتەنها پالتۆیەکەوە دەبێ چی بکا؟ ئەو رۆژەی کەبڕیار بوو دوێشن بگەڕێتەوە، هەروەکو دڵم ئاگاداری کردبێتمەوە کەشتێکی خراپ لەڕێیە من سەرجەم دەست و پێکانم بەیەکدا دەهاتن. هەموو سەر سەعاتێ لەماڵ دەردەچووم و دەمڕوانییە ئەو بیابانە چۆڵ و هۆڵە بەفراوییە تا بزانم دوێشن دیارە یا نا؟ نەخێر،تەنانەت باڵندەیەکیش نەبوو باڵەکانی بەیەکدا بدا. "مامۆستا تۆ لەکوێی؟ هیوادارە درەنگت پێنەچێ و زوو بگەڕێیتەوە. ئێمە چاومان لەڕێی تۆیە گوێت لێیە مامۆستا، ئێمە چاومان لەرێتە".

بەڵام بیابان هیچ وەڵامێکی ئەو فریادە بێ سەدای منی نەدایەوەو منیش نەمدەزانی بۆ دەگریم.

هاتووچۆکانم پوری بێزار کردبووم. پورم پەنجە هەڕەشەی لێ بەرز کردەوەو ووتی:

- ئەیڵی ئەم دەرگایانە ئیسراحەت بکەن یا نا؟ لەجێ خۆت دابسرەکێ و خوریەکەت بڕێسە، منالەکانت ر

کردمەوە. تۆ جارێکی تر بچۆرە دەرەوە ئەوجا پیشانت دەدەم.
چیتر نەیهێشت بچمە دەرەوە.

شەو داهات و من هێشتاکە نەمزانی بوو دوێشن گەڕاوەتەوە یا نا؟ هەر لەبەر ئەم هۆیەش نەمدەتوانی ئۆقرە بگرم. جار جار بەو خەیاڵەوە دڵنەوایی خۆمم دەکرد کەدوێشن ئێستا گەڕاوەتەوە و بۆ خۆی لە ئایۆلە، چونکە تا ئێستا وا ڕێك نەکەوتووە کە لەکاتی دیاریکراوی خوێدا نەگەڕابێتەوە. جار جاریش لەپڕ وام بەمێشکدا دەهات کە دوێشن نەخۆش کەوتووە و لەسەرخۆ بەرەو ئایۆل دێتەوە، خۆ ئەگەر تۆف و ڕەهێڵەش هەڵبکا ئەوە بەئاسانی لەو بیابانەدا وون دەبێ. کات نەدەچووە پێشەوە، دەستەکانم بەقسەیان نەدەکردم. خورییەکەم هەندێ جار دەپچڕا و ئەمەش پوری شێت دەکردم. پورم بەلاچاو تەماشای دەکردم و دەم دەم توڕەتریش دەبوو:

- ئەمڕۆ چیتە؟ خۆ دەستەکانت دار نین.

لەکۆتاییدا ئارامی لەبەر بڕا و ووتی:

- هیچ نەبێ هەستە تورەکەکەی نەنکە سایکال ببەوە.

کەمی مابوو لەخۆشیدا بکەومە سەما، چونکە دوێشن-یش لەماڵی نەنکە سایکال دەژیا. نەنکە سایکال و باپیرە کارتانبای خزمێکی دووری دایکم بوون. جاران بەزۆری بۆ ئەوێ دەچووم و جاری واش هەبوو شەوان هەر لەوێ دەمامەوە. نازانم ئەمە خۆی بەبیری پورمدا هات یا خوا خستییە مێشکییەوە. بەهەر جۆرێ بووبێ، تورەکەکەی خستە ژێر باڵمەوە و پێی ووتم:

- چۆن خەڵك لەساڵانی گرانییەکەدا لە کەپەك بێزار دەبوون، منیش ئەمڕۆ ئاوا لەباڵای تۆ بێزار بووم. ملی ڕێت بگرەو بڕۆ. ئەگەر پیرەمێرد و پیرێژنیش پێیان خۆش بوو ئەوە شەویش هەر لەوێ بمێنەرەوە. بڕۆ لەبەر چاوم وونبە...

وەکو رەشەباکە خۆم خزانە حەوشەکەوە.

جادوکەرێکی تورە لەجۆش و خرۆشدابوو: کپ دەبووەوە و دوایی لەپرا هێرشی دەهێنایەوە و لەگەڵ خۆشیدا پریشکی بەفرە ئاگرینەکانی بەسەرو رووی تەزیومدا دەپژاند. تورکەکەم لەژێر باڵم قایمکرد و بەشوێن پێی تازە و پەرت و بڵاوی سمی ئەسپەکەدا هەنگاوم هاویشت و بەپەلە بەرەو ئەوپەڕی ئایۆل باڵم گرت. من تەنها لەخەیاڵی ئەوەدا بووم "ئایا مامۆستا گەڕاوەتەوە؟، ئایا مامۆستا گەڕاوەتەوە؟".

من گەشتمە ماڵی سایکال، بەڵام مامۆستا لەوێ نەبوو. کاتێ بەهەناسەبرکێ لەناو دەرگاکەدا ووشکم بووم، پیرێژن ترسی لێنیشت:

- چی بووە، بۆ وا بەپەلە هاتووی؟ هیچ شتێکی خراپ روویداوە؟

- نا، هەروا، تورەکەکەتانم هێنایەوە. لەوانەیە شەویش لێرە بمێنمەوە.

- جا بمێنەرەوە ڕۆلەکەم. بەڵام بۆ وا منت ترساند؟ بەڕاستی تۆ لەسەرەتای پایزەوە سەرت بێرەدا نەکردووە. لەبەردەم ئاگرەکە دانیشە و خۆت گەرم بکەرەوە.

کارتانبای کە لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتبوو و خەریکی دورینەوەی چەکمە کۆنەکەی بوو ووتی:

- پیرێژن تۆ ، هەندێ گۆشت بخەرە مەنجەڵەکەوە و بەو کچۆڵەیەی بدە، دوێشن- یش هەر ئێستا دەگا. دەبوایە زۆر زووتریش یگەشتایە،بەڵام مەسەلەیەك نیە، بەر لە تاریکبوون دەگات، ئەسپەکەمان خێرا بەرەو ئاخوڕەکەی خۆی دێتەوە.

نەمزانی شەو چۆن داهات. هەرکاتێ سەگەکان بوەڕینایە یا گوێم لە دەنگی کەسێ بوایە دڵم وەکو دڵی پاسەوانێ کەلەسەر کاربێ لەلێدان دەکەوت. بەڵام دوێشن نەبوو و نەبوو. زۆر چاك بوو ئەمشەویشمان بەقسەکانی نەنکە

سایکال- هوه بەسەر برد و هەستیشمان بەکاتەکە نەکرد.
کارتانبای لەنیوه شەودا ماندوو بوو و ووتی:
- پیرێژن وەرە جێگاکان راخە،تازە درەنگی کرد ئەمشەو نایەتەوە. هەبێ و نەبێ لێپرسراوەکان دوایان خستووە، چونکە کارێکی زۆریان بەسەرەوەیە، ئەگەر وانەبوایە دەمێ بوو گەشتبوو.
پیرەمێرد ئامادەبوو کە بخەوێ. بۆ منیش جێگایەکیان لەگۆشەیەکی پشت ئاگردانەکەوە راخست، بەڵام من نەمدەتوانی بخەوم. پیرەمێرد بەبەردەوامی دەکۆکی و تلی دەخوارد، ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد و لەسەرخۆ دوعای دەخوێند. دواتر منگەمنگێکی کرد:
- دەبێ ئەسپە خۆشەویستەکەم لەوێ لە چ حاڵێکدا بێت؟ ئاخر مشتێ ئالیکی وشك بەخۆڕایی بەکەس نادەن، خۆ جۆ بەپارەش دەست ناکەوێ.
کارتانبای زۆر زوو خەوی بردەوە، بەڵام باکە منی بێتاقەت کردبوو و کەوتبووە سەروگوێلاکی بنمیچەکەش. بەپەنجە چڕنوکاوییەکانیەوە تەنەکەکانی سەربانی هێنابووە لەرزین و تەقەتەقی لە شوشەکانیشەوە هەستانبوو، تەنانەت گوێت لەدەنگی بەیەکداهاتنی باو بۆران و دیوارەکانیش دەبوو.
قسەکانی کارتانبای ئارامی نەکردمەوە. من هەمیشە لەخەیاڵی مامۆستاکەمدا بووم و وای بۆ دەچووم کە دێتەوە و لەڕێگادا، لەناو بەفری بیابانەکەدا بەچاوی خۆم دەیبینم.
نەمزانی زۆر خەوتم یاکەم، کەچی لەپڕ هێزێکی نادیار وای لێکردم بەپەلە سەرم لەژێر بالیفەکەمەوە بەرز بکەمەوە. دەنگی لورە لورێکی نەفرەت ئەنگیز وەك لە قوڵایی سکەوە دەرچووبێ، بەسەر زەویدا بڵاوبووەوە و لەخاڵێکی نادیاری ئاسمانیشدا بە هەڵپەسێراوی مایەوە. گورگ ! نەك یەك گورگ، بەڵکو گەلە گورگێ. کاتێ گورگەکان لەهەموو

لایەکەوە وەڵامی یەکتر دەدەنەوە لەهەمان کاتیشدا بەخێرایی لەیەکتر نزیك دەبنەوە. لورە لورەکانیان لەکاتی وەڵامدانەوەی یەکتردا وەك یەك لورە لوری دوور و درێژی لێدێ و لەگەڵ بای بیاباندا بەخێرایی لەمسەرەوە دەگاتە ئەوسەر. جارێ نزیك دەبێتەوە و جارێ دوور، ساتێکیش وادێتە بەر گوێ کەزۆر نزیکە و لەدەورووبەری ئاپۆلە.

پیرێژن بەهێمنییەوە ووتی:

- غەیبەتی خەڵکیان زۆر کردووە، باوبۆران هەڵدەکا !

پیرەمێرد بێدەنگ ببوو و گوێی رادەدێرا. خێرا لەجێگەکەی خۆی راست بووەوە و ووتی:

- نا پیرێژن، ئەم ماستە مویەکی تیایە ! یا بەدوای یەکێکدا دەوەڕن یا ئەوەتا گڕودەوەی ئەسپێك دەدەن ! گوێت لێیە؟ خوابکا دوێشن گەشتبێ. ئاخر ئەم گەوجە هەموو شتێ هەروا بەئاسانی وەردەگرێ.

لەکاتێکدا کارتانبای لەتاریکییەکەدا بەدوای کەپنەکەیدا دەگەڕا، بەسەرلێشاوییەوە بەردەوام بوو:

- چرا، چراکە رۆشنکە پیرێژن ! زووکە، تۆ ئەو خوایە ئەگەر زوو نەکەی.

لەکاتێکدا ئێمە لەترس و تەنیاییدا هەڵدەلەرزاین، لەپڕ لەجێگا راپەڕین تا سایکال چراکەی بینییەوە و دایگیرساند. لەپڕا لورە لوری قیناوی گورگەکان بەجارێ کپ بووەوە. هەروەکو گورگی لێنەبووبێ وابوو. کارتانبای هاواری کرد:

- بەلەعنەت بن، گرتتان ! دارەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگاکە رایکرد. هاوکات سەگەکان دەستیان بە وەڕین کرد. دەنگی بەفری ژێر پێی یەکێك کە بەپەلە بەلای پەنجەرەکەدا تێپەری بەرز بووەوە و بەتوندی لەدەرگایاندا

هەوای سارد وەك قەتارە هەور هاتە ژوورەوە. کاتێ ئەو هەورە رەوییەوە دوێشن ـ ی رەنگ پەڕیو و هەناسەبراو

که بەملاو ئەولای خۆیدا دەهات و دەچوو لەناو دەرگاکەوە دەرکەوت و خۆی بەژوورا کرد،پاڵی بەدیوارەکەوە داو بەئاستەم هاتە زمان:

- تفەنگ.

بەڵام ئێمە وەکو ئەوەی لەقسەکانی ئەو تێنەگەیشتبێتین وابوو. من بەری چاوم رەش بوو و تەنها گوێم لەدوعاکانی پیرێژن و پیرەمێرد بوو.

- مەڕە رەشەکەم خێر بێ، مەرە سپییەکەم خێر بێ، یاخوا "بایۆبدین" ی پیرۆز بتپارێزێ! ئەمە تۆی؟

- تفەنگ، تفەنگەکەم بدەرێ.

پیرەمێرد و پیرێژن ووتیان:

- تفەنگ نیە، تۆ چی دەڵێی ، دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟

خۆیان بەسەر شانەکانی دوێشن- دا فڕێدا.

- دارێکم بدەنێ!

بەڵام پیرەمێرد و پیرێژن لێی دەپارانەوە.:

- تا ئێمە زیندوو بین نایەڵین بۆ هیچ لایەك، بۆ هیچ جێیەك بچیت. واچاکترە هەر لێرە بمانکوژیت.

لەپڕ لەبۆتەی لەشما هەستم بە لاوازییەکی سەیر کرد و بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەم لە جێگاکەی خۆمدا راکشام.

دوێشن کوڕێکی بەخۆیدا و بەدەنگێکی بەرز ووتی:

- نەگەشتم، لەپەنای خانووەکەدا پێم گەشتن.

شەقێکی بەرەو گۆشەکە هاویشت و بەردەوام بوو:

- ئەسپەکەم لەرێگادا لەپەل و پۆ کەوت و دواتر گورگەکان دوای کەوتن. ئەسپەکەم تا ئایۆل هات و ئیتر بەزەویدا کەوت!

ئەوسا گورگەکان رژانە سەری.

- رژان یا نەرژان چش، گرینگ ئەوەیە تۆ خۆت رزگارت بوو، ئەگەر ئەسپەکەش نەگەوتایە خۆ تۆ رزگارت نەدەبوو. سوپاسی "بایۆدین" ی پشت وپەنامان بکە کە ئەم رووداوە

بەم شێوەیە کۆتایی پێهات. جلەکانت داکەنە و لەبەردەم ئاگرەکە دانیشە.
کارتانبای کەوتە سەر دەست و پێی:
- وەرە چەکمەکانت لەپێ داکەنم، پیرێژن هەر شتێکت هەیە گەرمی بکەرەوە...
کارتانبای هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا و ووتی:
- شەرمی پێناوێ، ئاوێ کە بەجۆگەدا ڕۆشت گەڕانەوەی بۆ نیە. باشە تۆ بۆ وا دوا کەوتی؟
- کاراکە، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوچە درێژەی کێشا. چوومە ڕیزەکانی حیزبەوە.
- زۆر باشە، بەڵام ئەدەکرا سبەی بەڕێ بکەوتیتایە. وابزانم کەس بەتۆناغە تفەنگ دەری ئەدەکردی.
دوێشن وەڵامی دایەوە:
- بەڵێنم بە منالەکان دابوو ئەمڕۆ بگەڕێمەوە تا سبەی دەست بەخوێندن بکەینەوە.
کارتانبای کەمێ لەجێگاکەی ڕاپەڕی و بەتوڕەییەوە سەری ڕاوەشاند و ووتی:
- هەی گەوجە! گوێ بگرە. پیرێژن گوێت لێیە؟ بەبەیمانی بە منالەکان و وردیلەکان دابوو، باشە ئەگەر تۆ بەزیندوویی نەگەرابایتەوە چی؟ تۆ خۆت ئیدەگەی چی دەڵێی؟
- کاراکە ئەمە پیشەی منە. ئەمە کاری منە. تۆ ئەوە بڵێ من هەموو جارێ بەپێ دەچووم، بەڵام ئەمجارەیان شەیتان خستییە مێشکمەوە کە داوای ئەسپەکەتان لێبکەم. منیش لێم سەندن و کردم بەخۆراکی گورگەکان...
کارتانبای بەتوڕەییەوە ووتی:
- من مەبەستم ئەوە نیە، ئەم بارگیرە بەجەهەننەم، قوربانی تر بێ، تەمەنێك بوو من بێ ئەسپ بووم، خۆ

ئێستاش بێ ئەسپ نامرم. گەر شورەوی پایەدار بێ جارێکی تریش دەیکرمەوە...

سایکال بەقورگێکی پڕ گریانەوە ووتی:

- راستدەکەی پیرەمێرد، جارێکی تریش دیکرپیتەوە... دەرۆلە گیان تا گەرمە وەرە نانەکەت بخۆ...

هەموو بێدەنگ بوون. کارتانبای خەریکی خۆشکردنەوەی ئاگرەکە بوو. پاش تاوێك بیرێکی لێ کردەوە و ووتی:

- هەرچەند لێت ورد دەبمەوە دوێشن تۆ لاوێکی ئەوەندە نەزان نیت، بەڵکو دانایت. بەڵام من لەوە تێناگەم لەبەر چی بەم قوتابخانە و منداڵانەوە خۆت سەرگەردان و ئاوارە کردووە؟ ناتوانی کارێکی تر بۆ خۆت پەیدا بکەی؟ بچۆ ببەرە شوانی یەکێك ئیدی سکت تێر و بەرگیشت نوێ.

- کاراکە دەزانم تۆ چاکەی منت دەوێ، بەڵام ئەگەر ئەم نەفامانە وەکو تۆ دوایی بڵێن چی لە قوتابخانە بکەین و خوێندن بە چ کەڵکێکی ئێمە دێ، ئەو کاتە ئیش و کارەکانی شورەوی پێش ناکەوێ. بەڵام تۆ دەتەوێ شورەوی زیندوو و پایەدار بێت، بۆیە کاراکە کاری قوتابخانەکە بۆ من قورس نیە. ئەگەر من بمتوانیبایە چاکتر وانە بە منداڵەکان بڵێمەوە، ئەوە هیچ ئاواتێکی دیکەم نەدەبوو.

- لینین- یش دەیووت...

کارتانبای قسەکەی بە دوێشن بڕی:

- ئێستا کە فەرمایشتەکەی لینین هاتە پێشەوە... - و پاش کەمێ بێدەنگیی ووتی: تۆ دەتەوێ خۆت بکوژی ؟ ئاخر لینین بەگریان زیندوو نابێتەوە. ئەگەر هێز و توانایەکی نەمری وەك ئەو لە جیهاندا دەبوو! یا تۆ وا دەزانی خەڵکی تر خەمخۆر و غەمبار نین؟ تەماشای دەروونی من بکە و بزانە دڵم بە چ غەم و خەفەتێ دەسووتێ. راستت دەوێ من نازانم ئێمە لەگەڵ سیاسەتی تۆدا دەگونجێ یا نا؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لینین

ئاین و مەزهەبێکی دیکەی هەیە . من رۆژی پێنج جار دوعای بۆ دەخوێنم. هەندێ جار دوێشن وا بیری لێدەکەمەوە کە هەرچەندە من و تۆ لە ماتەمینی ئەودا بگرین هیچ سودێکی نیە. ئەوەندەی بەمێشکما دێ، بە مێشکی پیرەمێردێکی وەکی مندا دێ و بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە کە لینین لە دڵی ئەو خەڵکەدا زیندووە و هەمیشەش لەگەڵ خودی ئەو خەڵکەدا لە باوکەکانەوە بۆ کوڕەکانیان هەر بەزیندوویی و نەمری دەمێنێتەوە..

- کاراکە سوپاسی هەستت دەکەم. تۆ بەڕاستی بیر دەکەیتەوە. لینین ئێمەی بەجێهێشت، بەڵام ئێمە دەبێ بەپێی راو بۆچوونەکانی ئەو ژیانی خۆمان بگوزەرێنین.

من کە گوێم لە قسەکانی ئەوان دەبوو هەروەکو لەجیهانێکی دوورەوە لەسەرخۆ بەرەو خودی خۆم بگەڕێمەوە وابوو. لەسەرەتادا هەموو شتێ وەکو خەون وابوو، بەڵام بەماوەیەکی زۆری دوای ئەوەش هەر نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم کە دوێشن بە ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە ئایۆل. لە دواییدا کڵپەی گڕگرتووی شادی و خۆشی بێ کۆتایی دڵم بڵێسەی سەند و لەتاو گەرمیی ئەو کڵپەیە قوڵپ قوڵپ دەستم بەگریان کرد. لەوانەشە لەو کاتەدا هیچ کەسێ بە ئەندازەی من شاد و بەختەوەر نەبووبێ. لەو کاتەدا هیچ شتێك لەلای من بوونی نەبوو: نە ئەم کولبە قوڕە و نە شەوە ڕەشەباوێکەی دەرەوە و نە ئەو گەلە گورگەش کە لە سنووری ئایۆلدا سکی ئەسپە تاقانەکەی کارتانبای- یان دڕی، هیچ شتێك! لە سەراپای لەش و دڵمدا هەستم بە بەختیارییەکی لەرادەبەدەر دەکرد کە وەك ئاگرێکی بێسنوور و بێکۆتا وابوو. سەرم خزانە ژێر لێفەکەمەوە و دەمم گرت تا کەس گوێی لە قوڵپی گریانم نەبێ، بەڵام دوێشن پرسی:

- ئەوە کێیە لەپشت سۆپاکەوە هەنسکە هەنسکێتی؟

سایکال ووتی:
- کەس نیە، ئاڵتینایە ترسابوو و ئێستا بۆ خۆی دەگری.
دوێشن بە سەرسوڕمانەوە پرسی:
- ئاڵتینای ؟! ئەو لێرە چی دەکا؟-
دوێشن راپەڕی و ئەژنۆکانی خستە سەر بالیفەکەم. شانی راوەشاندم و ووتی:
- ئاڵتینای چیتە؟ بۆ دەگری؟
من گەڕامە دواوە لای دیوارەکە و لەجاران زیاتر ئەشکم رشت.
- گیانەکەم چی بووە ، بۆ وا ترساوی؟ وا نابێ ئاخر تۆ گەورەی ... تەماشایەکی من بکە بزانم...
بەتوندی باوەشم بە دوێشن- دا کرد. سەرو چاوە گەرم و تەڕەکەی خۆم خستە سەر سینگی و دەستم بە فرمێسک باران کرد. بەهیچ جۆرێ نەمدەتوانی بەسەر خۆمدا زاڵبم. وەکو یەکێکی" تا" گرتوو لە خۆشیدا هەڵدەلەرزیم و نەمدەتوانی ئۆقرە بگرم. کارتانبای- یش ئارامی لێ بڕا، لەسەر بەڕەکە هەستا و ووتی:
- نەوەکو ترسابێ، دەی پیرێژن دوعایە، شتێ بخوێنە، دەی زووکە !...
هەموو بەجارێ شێوان. سایکال لەسەرخۆ دوعای دەخوێند و لەسەر یەك ئاوی شلەتێنی بە سەر و چاوما دەکرد، بوخوڕی دادەگیرساند و خۆشی لەگەڵما دەگریا. ئاخ چی دەبوو ئەگەر بیانزانیبایە من لە شادییەکی گەورە "ترساوم" کە توانای دەربڕینیم نیە و لەوانەشە هەر نەتوانم دەریبڕم. تا من ئارام نەبوومەوە و خەو نەیبردمەوە دوێشن هەر لەلامەوە دانیشتبوو و بە دەستە ساردەکانی ناوچاوانە گەرمەکەی دەشێلام.

***

زستانە بەرەو ئەودیوی گەردەنەکە کۆچی کرد. بەهار گوڵە شینەکانی خۆی بۆ هێناین. لەو دەشتانەی بەفرەکانیان دەستیان لەملی توانەوە کردبوو، بایەکی گەرم لە کۆسارەکانەوە هەڵی کرد و شنەبای گیانبەخشی بەهار و بۆنی شیری بەهاری لەگەڵ خۆیدا هێنا. تەپۆلکە بەفرینەکان توانەوە و بەفری چیاکان جوڵەیان تێکەوت. جۆگەلەکان ئاویان تێزا و دوایی بوون بە لافاوی پڕ جۆش و خرۆش و دەشت و دەربەندەکانیان هێنایە لەرز.

لەوانەیە ئەمە رازاوەترین بەهاری من بووبێ. بەهەر حاڵ، ئەم بەهارە لەلای من زۆر لەبەهارەکانی دی جوانتر بوو. لەسەر گردی قوتابخانەکەمانەوە زۆر بەئاسانی دەتتوانی جیهانی رەنگین و گیانبەخشی بەهار ببینی. لەوەوە دیار بوو کە زەوی پان و بەرین لە کۆسارەکانەوە، بەبێ ساتێ سروتن، بەرەو دەشت و دۆڵی زیوینی ژێر تیشکی رۆژ و بەنێو تەمی روون و رەواندا بەبێ ماندووبوون باڵەکانی بەیەکدا دەدا. دەریاچە شینەکانیش کە سەهۆڵبەندەکانیان ببوونە ئاو، لەوپەڕی دونیاوە دیار بوون. لەودیو چیای قەفقاسەوە گوێت لە حیلەی ئەسپەکان دەبوو. لەق لەقی چیا زیوییەکان هەوریان بەسەر باڵەکانی خۆیانەوە دابوو و لە ئاسمانی ئاسۆی شین رەنگدا هەڵدەفڕین. نازانم ئەم لەق لەقانە لە کوێوە هاتوون و بەدەنگی "زوڕنا" ئاسا و شەکەتیان بیر و یادەوەری بەرەو چ لایەك دەبەن؟ ...

هاتنی بەهار شادی و بەختیارییەکی زۆرتری بە ژیانی ئێمە بەخشی. ئێمە یاری جۆراوجۆرمان دەکرد و بەبێ هۆ پێدەکەنیمان. پاش خوێندنیش بەهەرا و هوریا لە قوتابخانەکەوە بەرەو ئایۆل شۆڕ دەبووینەوە. پورم ئەمەی

پێخۆش نەبوو، هەر شتێکیش رووی بدایە ئەو بەهەلی دەزانی بۆ ئەوەی چەند و چوونم لەگەڵدا بکا:

- کێژ و وێژ تۆ بۆ ئەوەندە هەڵەوەڕی دەکەی؟... وا بزانم هەر بەخەیالیشتا نایەت کە لەماڵەوە دانیشتووی. کچی پیاوماقوڵانی هاوتەمەنی تۆ حەوت زەمانە مێردیان کردووە و ئێستا خاوەنی ماڵ و منالی خۆیانن، تۆیش لەجیاتی هەموو کارو کاسبییەك بۆ قوتابخانە دەچی. تۆزێك لەسەرم راوەستە بزانە چۆنت کەوی دەکەم.

راستتان دەوێ من هەڕەشەکانی پورم ئەوەندە لەدڵ نەدەگرت. بۆ من شتێکی تازە نەبوون، ئەو بەدرێژایی ژیانم بەربەرەکانی لەگەڵ دەکردم. بەلام ئەمەی دەیلێ کە ئیدی دەبێ هەر لەماڵەوە بم شتێکی دادپەروەرانە نیە. من تەنها لەم بەهارەدا گەز گەز بالام دەکرد.

دوێشن بە گالتەوە دەیووت:

- تۆ هێشتا کچۆلەیەکی پرچ ژاکاوی. جگە لەوەش رەشتالەی. من لە قسەکانی ئەو هەرگیز دڵگیر نەدەبووم. لەگەل خۆمدا بیرم دەکردەوە " دیارە پرچم ژاکاوە، بەلام ئەوەندەش رەشتالە نیم. بەلام تۆ بڵێی کە گەورەش بم هەروا بمێنمەوە؟ ئەوکاتە با پورم بمبینێ چەند جوانم. دوێشن دەیووت چاوەکانم وەکو ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و سەرو چاویشم جوان و بێگەردە"

جارێکیان کە لە قوتابخانەوە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە دوو ئەسپی نامۆم لە حەوشەکەماندا بینی، هەر لەزینەکەیانەوە دیاربوون لە چیاوە هاتبوون. پێشتریش وا رێك دەکەوت کە لەکاتی گەڕانەوە لەبازاڕ یا چوونە سەر ئاشدا ملی ئەسپەکانیان بەرەو لای ماڵی ئێمە وەردەگێڕایەوە.

هەر لەسەرەتادا بەهۆی پێکەنینێکی نا ئاسایی پورمەوە بێزار بووم:

- خەمی بۆ مەخۆ ئامۆزا فەقیر نابی. لەبری ئەوە هەر کە ئەو کۆترە نازەنینەت گیر کەوت ئیتر منت بەچاکی بیر دێتەوە. ها ها ها...

لە وەڵامی بەلێ، بەلێ- کانی ئەودا کەتێکەڵ بە قاقا ببوو گوێم لە دەنگی پێکەنین بوو. بەڵام هەر کە من چوومە ژوورەوە سەرجەم بێدەنگ بوون. پیاوێکی توند و تێری سورکەڵە وەکو کۆترەدار لەسەر سفرەکە دانیشتبوو. لە ژێر کڵاوەکەیەوە کە لە پێستی رێوی دروستکرابوو، کە ناوچاوانە ئارەقاوییەکەی شاردبۆوە، بە لاچاو تەماشایەکی کردم. کۆکەیەکی بۆ کرد و چاوەکانی داگرتەوە زەوی. پورم بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە میهرەوە پێشوازی لێکردم:

- ها گیانەکەم گەڕایتەوە؟ وەرە ژوورەوە چاوەکەم.

مام- یشم لەگەڵ پیاوێکی نا ئاشنای تردا لەسەر گۆشەیەکی تری لبادەکە دانیشتبوون، یاری کارتیان دەکرد و ئارەقی- بش بارماق- یان دەخواردەوە. هەردووکیان مەست ببوون و کاتێ کارتیان فڕێ دەدایە زەوی سەریان بەشێوەیەکی سەیر لەتری دەدا.

پشیلە خۆڵەمێشینەکەمان ویستی نزیکی سفرەکە بکەوێتەوە، بەڵام سورکەڵەکە مشتێکی ئەوتۆی بەسەریدا کێشا لە تاوانا هاواری لێ هەستا و دەرپەڕی و خۆی خزانە سوچێکەوە. پشیلەی بێچارە چ دەردێکی کێشا. من دەمویست لە ژوورەکە بچمە دەرەوە بەڵام نەمدەزانی چۆن. لەم کاتەدا پورم فریام کەوت و ووتی:

- رۆڵە گیان خواردن لە مەنجەڵەکەدا هەیە، تا سارد نەبۆتەوە بڕۆ بیخۆ.

لە ژوورەکە وەدەرهاتم، بەڵام ئەو رەفتارەی پورم بەهیچ جۆرێ پێ خۆش نەبوو، مێشکم ناڕەحەت بوو، بەڵام وریا بوومەوە.

دوای دوو سەعاتێك میوانەکان سواری ئەسپەکانیان بوون و بەرەو چیا ملی ڕێگایان گرتە بەر. پورم یەکسەر هەروەکو جاران بە قسەی سوك و ناشیرین دایگرتمەوە. مێشکم ئیسراحەتی کرد و بیرم کردەوە" دیار بوو مەست بوو بۆیە ئاوا میهرەبان بوو".

زۆری پێنەچوو بەسەر ئەم ڕووداوەدا، سایکال هات بۆ ماڵمان. ئەگەرچی من لە حەوشەکەدا بووم بەڵام گوێم لێی بوو ووتی:

- ئەوە تۆ چی دەڵێی خوا باوکت سەلامەت بکا، دەتەوێ ئەو کچە بە پەن بکەی؟

پورم و سایکال بە گەرمی باسی مەسەلەیەکیان دەکرد و بەپێوە هاتوچۆیان دەکرد. دوای ئەوجا سایکال بە توڕەییەوە لەماڵ دەرچوو. بەنیگایەکی توڕە و لە هەمان کاتیشدا بە سۆزەوە تەماشایەکی کردم و بێئەوەی هیچ شتێك بڵێ ڕوشت. من زۆر دڵگران بووم، بۆ بەو جۆرە تەماشای کردم، لە چ کارێکی من دڵی گەردی گرتووە؟

بۆ ڕۆژی دوایی، دوێشن لە قوتابخانە دەیوست پەشێوی و خەمباری پێوە دیار نەبێ، بەڵام من هەر زوو هەستم بە دڵتەنگی و ڕاڕایی ئەو کرد. هەروەها هەستم بەوەش کرد و نەمزانی بۆ ڕوو بەلاکەی مندا وەرناگێڕێ. کاتێ هەموو پێکەوە لە دوای وانەکان لە قوتابخانە دەرچووین، دوێشن بانگی کردم:

- ئاڵتینای ڕاوەستە!

دوای ئەوەی نزیکم بووەوە، بێباکانە سەیرێکی چاوەکانی کردم و دەستی خستە سەر شانەکانم و ووتی:

- مەچۆرە ماڵەوە، تێگەیشتی چیم پێ ووتی ئاڵتینای؟

من لە ترسانا وشك بوومەوە. تەنها لەم ساتەدا پەیم بەوە برد کە پورم چ خەیاڵێکی پێوە کردووم.

دوێشن ووتی:
- من خۆم لێپرسراوی تۆم. لەماڵی ئێمە بژی و لێم دوور نەکەویتەوە.
بێگومان رەنگم وەك تریفەی مانگە شەو دەدرەوشایەوە. دوێشن چەناگەی گرتم و چاوی بڕییە چاوم، هەروەکو جاران زەردەخەنەیەك گرتی و ووتی:
- مەترسە ئاڵتینای، تا من لە کەڵتابم لە کەس مەترسە. وەکو جاران بخوێنە، وەرە بۆ قوتابخانە و بیر لەهیچ شتێ مەکەرەوە... ئەگەرنا من دەزانم تۆ چەند ترسنۆکی... ها. لەڕاستیدا ماوەیەك بوو دەمویست پێت بڵێم- وا دیار بوو شتێکی خۆشی بیرکەوتبێتەوە بۆیە دووبارە دەستی بە پێکەنین کردەوە.
- بیرت دێ ئەو بەیانییە زووە کە کاراکە لەخەو هەستا و وون بوو. وابزانم بیر لەوە دەکەیتەوە کە کێی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. جایناکووای پیرەمێردی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بە نوشتە و دوعا خەڵکی تیمار دەکرد. کە لێم پرسی بۆ؟ ووتی " واز بێنە با دوعاکەی بخوێنێ، ئاڵتینای ترساوە".
منیش ووتم " زوو بیکەرە دەرەوە، ئەگەر نا تا مەڕێکمان لێ نەستێنێ بەرۆکمان بەر نادا. ئێمەش ئەوەندە دەستڕۆ نین، مەگەر ئەسپەکەی بدەینێ، ئەسپەکەشمان دایە گورگەکان...".
تۆ هێشتا خەوتبووی من داوای لێبوردنم لێکرد. کاراکە تا هەفتەیەکیش زمانی لە زمانم نەگەڕا و لێم زویر بوو و دەیووت " تۆ ئابڕووی پیرەمێردێکی وەکو منت برد". لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم پیرەمێرد و پیرێژنە مرۆڤی چاکن. مرۆی وا بەم جۆرە میهرەبان و بەسۆز دەگمەنن. چاکە، ئێستا با بچینە ژوورەوە، ئاڵتینای با بچین...
هەرچی هەوڵم دەدا بەسەر خۆمدا زاڵ ببم و چیتر مامۆستا دڵتەنگ و خەمبار نەکەم، بەڵام بێهودە بوو،

نەمدەتوانی ئەو دوودڵی و رارایيە لەخۆم دوور کەمەوە، چونکە لەوانە بوو لەهەموو ئان و ساتێکدا پورم بێت و بمباتەوە و لەوێيش هەرچييەکيان پێ خۆش بێ پێم بکەن، خۆ تەواوی ئايۆل- يش دەستی ئەوانی نەدەگرت. بەدرێژايی شەو خەو نەچووە چاوەکانم و هەر چاوەڕوانی بەدبەختی و کەساسی خۆم بووم. ئەڵبەتە دوێشن هەستی بە دەروونی من کردبوو، لەوانەش بوو هەر لەبەر هەمان هۆکار، بۆ ئەوەی لەو دوودڵی و رارايیەم دوور بخاتەوە، بۆ رۆژی دوايی دوو نەمامی بۆ قوتابخانە هێنابوو. دوای وانەکان دەستی گرتم و بەرەو لايەکی بردم. بە زەردەخەنەيەکی پڕ لە مەبەستەوە پێی ووتم:

- ئاڵتينای؛ ئێستا من و تۆ کارێك ئەنجام دەدەين. ئەم چنارانەی کە دەيبينی بۆ تۆم هێناون. پێکەوە دەيڕوێنين. تا ئەوان گەورە دەبن تۆيش گەورە دەبی و دەبيتە خانمێکی چاك. تۆ دڵ فراوان و وريای. من هەميشە وا دتبينم کە تۆ دەبيتە ژنێکی زانا. من باوەڕم بەمە هەيە و خۆشت دەيبينی. لە نێوچاوانتا وا نووسراوە. تۆ وەکو لقە دارێکی درێژ قەشەنگی، هەروەکو ئەم چنارانە جوانيت. بەڵام ئاڵتينای، وەرە با ئەم چنارانە بە دەستی خۆمان بڕوێنين. با بەختياری تۆ، ئەستێرەی درەوشاوەی من، لەپێناوی زانستدا بێ...

ئەم چنارە جوانانە تاوەکو ئێستاش شينن و بەقەد باڵای من بەرزن. کاتێ ئەو جوتە چنارەمان لە نزيك قوتابخانەکەدا رواند، شەماڵێکی فێنك لە دامێنی چياکانەوە هەڵيکرد و بۆ يەکەمين جار گەڵا ورديلە جوانەکانيانی لاواندەوە و هەر وەکو گيانيان بە بەردا بکات، گەڵا بچوکەکانيان کەوتنە سەما و نەمامە سپييەکانيش کەوتنە لەنجە کردن.

دوێشن وردە وردە کشایە دواوە و بە پێکەنینەوە

ووتی:

- تەماشا، چەند چاکە، ئێستا لەو کانییەوە جۆگەلەیەکی بۆ دەکێشین. دوای ئەوجا دەبینی چۆن چنارێکی جوان دەردەچن ! ئالێرەدا، لەسەر ئەو گردەدا وەکو دوو برا لە تەنیشت یەکەوە رادەوەستن و هەمیشە لەبەر چاو دەبن و پیاو چاکان پێی شاد دەبن. ئەو دەمە ئالتینای ژیانیش ژیانێکی تر دەبێ و هەموو شتێکیش پوخت و قەشەنگ دەبێ.

تاوەکو ئێستاش من ناتوانم چەند ووشەیەك ببینمەوە کە بتوانن ئەگەرچی تا رادەیەکیش بێت- ئەو کاریگەرییە دەربخەن کە مرۆڤێکی دلاوەر و خانەدان و ئازادیخوازی وەکو دوێشن بەسەر منەوە هەیبوو. بەڵام من ئەو دەمە تەنها وەستابووم و تەماشای ئەوم دەکرد. من بەشێوەیەکی ئەوتۆ تەماشام دەکرد هەر وەکو یەکەم جار بێت ببینم. لە سیمایدا چ جوانییەکی بێخەوش و بێگەرد دیاربوو. لە چاوەکانیدا چ میهر و سۆزێ دیار بوو. دەتگووت بەر لەوجا من نەمدەزانی دەستەکانی ئەو لەکاتی ئیش و کاردا ئەوەندە گورج و گۆڵ و بەهێزن و زەردەخەنەکانی ئەوەندە نورانی و بەسۆزن. هەستی تازە و نامۆی جیهانێك کە هێشتا بەلامەوە ئاشکرا نەبوو وەکو مەشخەڵ لە سینەمدا بڵێسەی سەند. هێزێکی دەروونی وای لێکردم کە بە دوێشن بڵێم" مامۆستا، سوپاستت دەکەم بۆ ئەوەی بەم شێوەیە پێت خستە دنیاوە... دەمەوێ لە ئامێزت بگرم و راتمووسم" بەڵام جورئەتی ئەوەم نەبوو و شەرمم دەکرد ئەو قسانە بڵێمەوە. لەوانەش بوو پێویستی بەوە بکردایە کە بمگووتبایە... بەڵام ئەو دەمە ئێمە لەسەر رووی ئەو گردە و لەژێر ئاسمانی رۆشن و بێگەردا، لەنێو سەوزایی جوانی بەهاری دامێنی چیاکاندا وەستابووین و هەر کەسە بیری لە حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەکردەوە. لەو ساتەدا

مەترسی هەڕەشەکردن کە بەمێشکمدا گوزەری دەکرد، بە تەواوی لە بیری خۆمم بردبۆوە. بیرم لەوە نەدەکردەوە کە سبەی چیم بەسەر دێ؟. چۆن ئەو دوو رۆژە بەسەر چوو و پورم بەدوومدا نەگەڕا؟ لەوانەیە فەرامۆشیان کردبێتم، لەوانەشە .بڕیاریان دابێ کە وازم لێبێنن بە ئارەزووی خۆم بژیم. بەڵام بە دڵنیاییەوە دوێشن بیری لەمە دەکردەوە. کاتێ گەڕاینەوە ئایۆل پێی ووتم:

- ئاڵتینای زۆر خەم مەخۆ، رێگاچارەیەك دەبینینەوە. دوو سبەی بۆ مەڵبەندی ناوچە دەچم و باسی تۆیان بۆ دەکەم. لەوانەیە سەرکەوتوو بم و کارێکی ئەوتۆ بکەم کە رەوانەی "شار"ت بکەن. دەتەوێ بچیت؟

وەڵامم دایەوە:

- هەرچۆنێ تۆ بتەوێ مامۆستا وا دەکەم.

ئەگەرچی نەمدەتوانی تەنانەت بیهێنمە بەر چاویشم کە شار چۆن جێگایەکە، بەڵام قسەکانی دوێشن بۆ من بەس بوون بۆ ئەوەی ئارەزووی ژیانی شارم لەلا ببزوێنێ. هەندێ جار ئەو دوارۆژە نا ئاشکرا و شاراوەیەی ئەم سەرزەمینە نا ئاشنایەی کە چاوەڕوانم بوو، دەیخستمە تەنیاییەوە. هەندێ جاریش سەر لەنوێ بڕیاری ئەوەم دەدا بەرەو شار بڕۆم. بەکورتی مەسەلەی شار لە مێشکم نەدەچووە دەرەوە. رۆژی دواییش لە قوتابخانە هەر لەهەمان خەیاڵدا بووم: لە شار لە ماڵی کێ و چۆن بژیم؟ ئەگەر بێت و یەکێك لە ماڵەکەی خۆی جێگام بکاتەوە، ئەوە داری بۆ ورد دەکەم و ئاوی بۆ دێنم و جلوبەرگی بۆ دەشۆم. هەرچییەك بڵێ بەقسەی دەکەم. کاتێ لەقوتابخانە دانیشتبووم و بیرم لەمە دەکردەوە، لە پشتی دیوارە شڕەکانی قوتابخانەکەوە دەنگی سمی ئەسپ هاتە گوێم. لە ئەنجامی ئەم کارە چاوەڕوان نەکراوەدا من راچڵەکیم. ئەم

کارە تاڕادەیەك کت و پڕ بوو و ئەسپەکانیش ئەوەندە بەتوندی دەڕۆشتن وام دەزانی ئێستا دێن و بەژێرەوەمان دەکەن. ئێمە هەموو ووشك بووینەوە و گوێمان شلکرد. دوێشن ووتی:

- بیرتان بەملا و ئەولادا نەچێ، بەکاری خۆتانەوە خەریك بن. لەهەمان کاتدا دەرگای پۆلەکەمان بە توندی خرایە سەر پشت و سەر و کەللەی پورم وەدەرکەوت. پورم خەندەیەکی تاڵ و قیناوی و بێ باکی لەسەر لێو بوو. دوێشن بەرەو لای پورم چوو و ووتی:

- چ کارێکت هەیە؟

- کارێك کە پەیوەندی بە تۆوە نیە. دەمەوێ کچەکەم ڕەوانەی ماڵ و مێردی خۆی بکەم.

پورم هێرشی بۆ هێنام و هاواری کرد:

- خوێڕی بێخاوەن!

بەڵام دوێشن بەری گرت و بە خوێن ساردی و بە دەنگێکی گوڕەوە ووتی:

- لێرە تەنها کچان قوتابین و کاتی شووکردنی کەسیشیان نەهاتووە.

- ئێستا دەزانین کاتی شووکردنیان هاتووە یا نا. ئا دەی کوڕینە، ئەم دەڵە سەگە بکوژن و پەل کێشی بکەن.

پورم ئەمەی ووت و ئاماژەی بۆ یەکێ لە ئەسپ سوارەکان کرد کە هەمان پیاوە سورکەلەکە بوو. دوای ئەوە ئەو و دوو پیاوی تێلا بەدەستی تر لە ئەسپەکانیان پیادە بوون. دوێشن جوڵەی نەکرد.

- هەی سەگە خوێڕی، تۆ چیت تا حوکمڕانی کچانی خەڵك بکەی، دەڵێی هەموویان ژنی خۆتن، لاکەوە بزانم !

پیاوە سورکەلەکە ورج ئاسا بەرەو دوێشن ڕۆشت. لەکاتێکدا دوێشن لەناو چوارچێوەی دەرگاکەدا ڕاوەستابوو ووتی

- تۆ مافی ئەوەت نیە پێ بخەیتە ئێرەوە. ئێرە قوتابخانەیە.
پورم قیڕاندی:

- من خۆم دەمووت ئەمە ماوەیەکە ئەو لەگەڵ ئەم کچە هەتیوەدا سەر و سەودای هەیە و کڵاوی لەسەر ئەم دەڵە سەگە کردووە، چاوی تەماحی تێبڕیوە و دەیەوێ بێ پارە و پول دەستی بە سەردا بگرێ.

لەکاتێکدا پیاوە سورکەلەکە بەشەق هەڕەشەی دەکرد، بەسەر دوێشن-دا نەڕاندی:

- لە گۆڕی باوکی ئەو قوتابخانەیە ببم کە تۆ دروستت کردووە.

دوێشن خۆی گەیاندە ئەو و ئەژنۆیەکی توندی بە سکیدا کێشا. هاوارێکی لێ هەستا و بەسەر زەویدا کەوت. هاوکات هەردوو تێڵا بەدەستەکەی تر کەوتنە سەر و گوێلاکی دوێشن. منالەکان بە گریانەوە روویان لە من کرد. بەهۆی کوتەکی ئەوانەوە دەرگاکە لەت و پەت بوو. بە قیژە قیژ رووم لە تێڵا بەدەستەکان کرد و منالەکانیش کە بە منەوە نووسابوون، بەدوای خۆمدا رام کێشان:

- واز لەمامۆستا بێنن! لێی مەدەن! من لێرەم من ببەن، لەو مەدەن.

دوێشن سەری وەرگێڕایە دواوە. بێ ئەمان و ترساو خەڵتانی خوێن بوو. لقە دارێکی لە زەوی هەڵگرت و بەدەوری خۆیدا خولایەوە و هاواری کرد:

- منالەکان رابکەن، بە پەلە بچنەوە ئایۆل! ئاڵتینای رابکە !

لەپڕا دوێشن بێدەنگ بوو. ئەوان دەستیان شکاندبوو و ئەویش دەستە شکاوەکەی بە سنگی خۆیەوە گرتبوو و وردە وردە بۆ دواوە دەچوو. ئەو دوو تێڵا بەدەستەش کە وەك گا

دەیانبۆڕاند دەستیان بە لێدانی دوێشن کرد و ئەویش چیدی
توانای بەرگری کردنی نەمابوو.
- بکوتە، لێی بدە، بکێشە بەسەریا! وای بکوژە کە
دەسبەجێ بمرێ!
پورم وەك بەرازی پێکراو لەگەڵ سورکەلەکەدا
هێرشیان بۆ هێنام. پەلکەکانیان لە گەردنم ئاڵاند و بەرەو
حەوشەکە پەلکێشیان کردم. من بەهەموو توانایەکمەوە راپەڕیم
و بۆ ماوەی یەك دانە خولەك هەموو ئەو منالە زراوچوانە و
دوێشنی خەڵتان لە خوێنم بینی.
- مامۆستا !
بەڵام دوێشن نەیدەتوانی هیچ جۆرە یارمەتییەکم
بدات. ئەو بۆ خۆی لەژێر کوتەکی ئەو جانەورە دڵ رەق و
مەستانەدا لەتری دەدا و دەیویست سەری لەرزۆکی بەرز
بکاتەوە. بەڵام ئەوان چۆن دەستیان بە لێدانی دوێشن کردبوو
هەرواش بەردەوام بوون.
منیان پاڵ خستە سەر زەوی و دەستەکانیان بەستمەوە.
دوێشن- یش هاوکات لە زەوییەکەدا هەر وڕینەی دەکرد.
- مامۆستا
ئەوان دەمیان گرتم و وەك تەرم لەسەر زینی ئەسپەکە
دایان نام. سورکەلەکە سواری ئەسپەکە بوو و بە هەردوو
دەست و سنگی منی بە زینەکەوە چەسپ کردبوو. ئەو دوو
پیاوەی تریش کە دوێشن- یان دارکاری دەکرد سواری
ئەسپەکانیان بوون و رۆشتن. پوریشم بە تەنیشت ئەوانەوە
رێی دەکرد بە بەردەوامی چەپۆکی بەسەردا دەکێشام:
- چاوەڕێی ئەمە بوویت. چاوەڕێی ئەمەت دەکرد. ئاوا،
بەم شێوەیە رەوانەی ماڵ و مێردت دەکەم، کاری
مامۆستاکەشت تازە تەواو بوو...

بەڵام هێشتا تەواو نەبوو بوو. لە ناوکاو لە پشتی سەرمەوە گوێم لە فریادی نائومێدانەی دوێشن بوو.

- ئاڵتینا!!!!!!!!!!ی !

سەرم کە بە گەردن بەندی ئەسپەکەوە بەسترابوو، بە ئاستەم بەرزم کردەوە و تەماشایەکی دواوەم کرد. دوێشن لە دوای ئێمەوە رێی دەکرد. پەککەوتە و نیوە گیان و خوێناوی بە بەردێکەوە بە ڕێگاوە بوو. هەموو قوتابخانەکەشمان بە ناڵەو گریانەوە بە دوای ئەوەوە بوون. ئەویش لە دوای ئێمەوە رێی دەکرد و هاواری دەکرد:

- راوەستن، چڕو جانەوەر راوەستن، وازی لێبێنن، بەرەڵای بکەن ! ئاڵتینا!!!!!ای !

بێ ئابڕووەکان وەستان و دوو ئەسپ سوارەکە بەدەوری دوێشن-دا خولانەوە. دوێشن-یش کە سەری قۆڵەکەی بە دان گرتبوو بۆ ئەوەی دەستە شکاوەکەی ئازاری پێنەگات، خۆی گورج کردەوە و بەردەکەی دەستی تێگردن، بەڵام بەریان نەکەوت. ئەوجا بە دوو دار خستیانە قوڕ و لیتەکەوە. من بەری چاوم رەش بوو. تەنها فریای بینینی ئەوە کەوتم کە چۆن منداڵەکان بەرەو لای دوێشن دەچوون بە واق وڕماوییەوە بەسەر سەرییەوە وەستابوون. نایەتەوە یادەم کە منیان چۆن و بۆ کوێ برد. هەر ئەوەندە ئاگام لێبوو کە چاومیان لەناو ڕەشماڵێکی بێسەردا کردەوە.

ئەستێرەکانی شەو هێدی هێدی بە ئارامی لە سەرەوە تەماشای دەروونی رەشماڵەکەیان دەکرد. لەو دەور و بەرەدا گوێم لە خوڕەی ئاوی جۆگەلە و دەنگی ئەو شوانانە دەبوو کە شەوان باسی گەلە ئەسپیان دەکرد. پیرێژنێکی لاواز و دڵتەنگ و خەمبار لەبەر کوانوویەکی کوژاوەدا دانیشتبوو، وەکو خۆڵەمیش رەش داگیرسابوو. کە سەرم وەرگێڕایەوە، پیاوە سورکەلەکە وتی:

- چارە رەش بەرزی بکەرەوە.

ئاخ چی دەبوو ئەگەر بمتوانیبایە بە نیگایەك گیانی بکێشم.

ژنە رەشتاڵەکە هاتە تەنیشمەوە و بە دەستە زبر و ناشیرین و گڕو گەواشەکانی شانەکانی راتەکاندم

- هەوەکەت کەوی بکە، بیبەرە ژوورەوە، ئەگەر نا بۆ من هیچ جیاوازییەکی نیە ، لەهەر کاتێکدا بێت بەبێ چەن و چون خەمی دەخۆم. پیاوە سورکەڵەکە ئەمەی ووت و لە رەشماڵەکە چووە دەرەوە.

ژنە رەشتاڵە تەنانەت لە جێگەکەی خۆشی نەبزووت و تەنها ووشەیەکیشی لەدەم نەهاتە دەر. لەوانەیە لاڵ بێت؟ بە چاوێك کە وەك خۆڵەمێشێکی سارد و سڕ و بێ ئاگر کە ئاماژ بۆ هیچ جۆرە هەست و نەستێ ناکات، تەماشای دەکرد. هەندێ سەگ هەن هەر لە منالییەوە بەژێر دەستی راهاتوون. خەڵکانێکی بەدخووش هەن هەر شتێکیان بەردەست بکەوێ بە سەریاندا دەکێشن، بۆیە ئەو سەگانەش وردە وردە خوی پێوە دەگرن. بەڵام ئیدی بێ هەستییەکی ئەوتۆ لە چاوەکانیاندا ئۆقرە دەگرێ، کە ترس و لەرز دەخەنە بەر مرۆڤ. کاتێ دەمڕوانییە چاوە بێ گیانەکانی ئەو ژنە ئیدی وام دەزانی خۆشم چیدی زیندوو نیم و لە گۆڕدام.

ئاوەکە هاژەی دەهات و شەپۆلی دەدایەوە و بە لێژییەکەدا رۆ دەچووە خوارەوە- ئازاد بوو...

هەی پورە دڵ و دەروون رەشەکەم، رەببی هەتا هەتایە بەر نەفرەتی خوا بکەوی! خوایە لە پێش چاوی خۆمدا لەناو خوێنی خۆیدا بگەوزێ... لەم شەوەدا منی پانزە ساڵە بووم بە ژن. من زۆر لە منالی ئەم بێ ئابروانە جوانتر بووم...

بۆ شەوی سێیەم بڕیارم دا بەهەر نرخێ بووبێ خۆم دەرباز بکەم. با لە تاریکیدا لەناو بچم، با لە دوم بگەڕێن و

بمگرن، بەڵام من  تا دوا هەناسە وەکو مامۆستاکەی خۆم بەرگری دەکەم.

لە تاریکییەکەدا، بە هێمنی و بە بێدەنگییەوە بەرەو دەرگاکە خزام و دەستم پێوە گرت. دەرگاکە بە گوریسێك توند بەسترابوو. ئەو گرێ کوێرانە مەحاڵ بوو بەو شەوە بکرێنەوە. بۆیە ویستم دامێنی رەشماڵەکە بەرز بکەمەوە و خۆم بخزێنمە دەرەوە. بەڵام  هەرچی کۆشام بۆم بەرز نەکرایەوە چونکە لێواری رەشماڵەکە لە دەریشەوە بە زەوییەکەوە چەسپێنرابوو. تەنها شتێکم بە دەستەوە بوو ئەویش شتێکی تیژ پەیدا بکەم و گوریسی دەرگاکەی پێ ببڕمەوە. بە کوێرە کوێر بەدەوری خۆمدا گەڕام، بەڵام  جگە لە چوکڵە دارێك هیچی ترم دەست نەکەوت.

بەو چوکڵە دارە بێ ئومێدانە دەستم بە هەڵکۆڵینی زەوییەکە کرد. ئەڵبەتە لەم کارەدا هیچ ئومێدێکی سەرکەوتن لە ئارادا نەبوو، بەڵام  من چیتر بیرم لەوە نەدەکردەوە. تەنها یەك شت کە لە مێشکمدا  بوو و لێی جیا نەدەبووەوە. یا دەبێ لێرە رزگارم ببێ، یا بمرم. گرینگ ئەوەیە ئیتر گوێم لە کەرەکەر و فشەفشی ئەو نەبێ، تەنها لێرە نەمێنم. ئەگەر بشمرم با لە رێگەی ئازادی و بەربەرەکانیدا بمرم، تەنها خۆم بەدەستەوە نەدەم!

هەوە - ژنی دووەم، ئای چەند لەم ووشەیە بێزارم. ئاخۆ چ کەسێ و لە چ کاتێکی شومدا دەبێ ئەم ووشەیەی داتاشیبێ؟ دەبێ چ شتێ لە رۆژگاری رەشی ژنی دووەم کە سەراپا لەش و گیانی کڕاوە، پڕ و پوچتر و سەختتر بێ؟ ئەی بەدبەختەکان راپەڕن، سەرتان لە گۆڕەکانتانەوە دەرهێنن، هەستن، ئەی تارمایی ژنە چارە رەش و ژێر دەست و بێبەشبووەکان لە رێز و نرخی مرۆڤایەتی، راپەڕن. راپەڕن ئەی ژنە مەینەت دیدەکان، با تاریکی ئەو سەردەمە بلەرزێ!

من کە دوا ژنێکم توشی ئەم چارەنووسە بووم ئەمەتان پێ
رادەگەیەنم !
لەو شەوەدا نەمدەزانی کەوا لەچارەمدا نووسراوە
دەبێ من ئەو پەیامە رابگەیەنم. بێئاگا ،بەتوڕەیی و بەقینەوە
ژێر رەشماڵەکەم هەڵدەکۆڵی. بەڵام هەرچییەکم دەکرد ئەو
زەوییە بەردەڵانەم بۆ هەڵنەدەکۆڵرا. بە نینۆك هەڵمدەکۆڵی،
هەموو پەنجەکانم بریندار و خوێناوی ببوون. کاتێ دەستم
لەژێر رەشماڵەکەوە بردە دەرەوە دنیا رووناك ببووەوە.
سەگومڕ دەستی پێکردبوو و رەشماڵەکانی تریش بێدار
ببوونەوە. دەنگی ئەسپەکان کە بەرەو ئاخوڕەکانیان دەچوون
بەرز ببووەوە و مێکەلە خەواڵوەکانیش بەفنگە فنگ بەلای
رەشماڵەکەدا تێدەپەڕین. پاشان یەکێك بەلای رەشماڵەکەدا هات
و گوریسەکەی کردەوە و راخەرەکانی ژوورەوەی کۆکردەوە.
بەڵێ، هەمان ئەو ژنە رەشتاڵە بێدەنگ و سەنگەکە بوو.
بەڵام ئایۆل بۆ کۆچکردن ئامادە بوو. ئەودەمە بیرم
کەوتەوە کاتێ دوێنێ باسی ئەوەیان دەکرد کە بەیانی دەبێ
رێگای گەردەنەکە بگرنە بەر و بەرەو خانووە تازەکەیان کۆچ
بکەن و دوای ئەوەش بۆ بەسەربردنی تەواوی هاوین لەولای
گەردەنەکەوە بەرەو قوڵایی چیاکان دەبێ بکەونە ڕێ. خەم و
پەژارەی دەروونم زیاتر هەڵچوون. دەرباز بوون و هەڵاتن
لەوێوە سەد ئەوەندەی ئێرە سەختترە.
هەرچۆنێ لە جێگا هەڵکۆڵراوەکەدا دانیشتبووم هەروا
مامەوە، تەنانەت نەچوومە کەناریشەوە. ئاخر دەبێ چ شتێ
بشارمەوە و چۆن؟ ... بەهەر حاڵ ژنەکە رەشتاڵەکە
چاڵەکەشی بینی و هیچی نەووت. کپ و بێدەنگ بە کاری
خۆیەوە خەریك بوو. بەڵێ، بە گشتی بەشێوەیەکی ئەوتۆ
رەفتاری دەکرد هەر وەکو هیچ شتێك پەیوەندی بەوەوە نەبێ
وابوو. هەروەکو هەموو شتێکی ئەم ژیانە هیچ جۆرە هەستێك

لەلای ئەو نەبزوێنێ وابوو. تەنانەت مێردەکەشی بێدار نەکردەوە. ئەو جورئەتەشی نەبوو کە داوا لە مێردەکەی بکات لە گواستنەوەکە ماڵەکەدا یارمەتی بدات. شووەکەی لە ژێر چەندین لێفە و کەپنەکەوە وەکو بەراز پرخەی دەهات.

هەموو راخەرەکان کۆکرانەوە و رەشماڵەکە بە رووتی مایەوە. منیش لەناو رەشماڵەکەدا هەروەکو لە قەفەسدا بم بۆ خۆم هەڵتروشکابووم. بەوبەری رووبارەکەوە خەڵکێکم دەبینی ئەسپ و گامێشیان بار دەکرد. دوای ئەوجا سێ سوارم بینی کە چۆن لەو خەڵکە نزیك بوونەوە. شتێکیان لەوان پرسی و دوایی بەرەو لای من هاتن. دوای ئەوەی من زۆر بەوردی تێم روانین، واقم ورما و ساکام. یەکێکیان دوێشن بوو، دوانەکەی تریشیان کڵاوی پۆلیسیان لەسەر بوو و پاڵتۆیەکی خەت سووریشیان لەبەردا بوو.

من نیوە گیان کەوتبووم و تەنانەت نەمدەتوانی هاوارێکیش بکەم. توشی شادی و بەختەوەرییەکی سەیر ببووم ! مامۆستاکەی من زیندووە!! هاوکات دڵیشم بەتەواوی لە لێدان کەوتبوو. من کچێکی پڕ و پوچ و بێشەرم و بێناموس بووم!...

سەری دوێشن پێچرابوو و دەستیشی بە ملییەوە ئاڵا بوو. لە ئەسپەکەی دابەزی و دەرگاکەی بەر شەقدا. هاتە ناو رەشماڵەکەوە، لێفەکانی لەسەر پیاوە سورکەلەکە لابرد و بە هەڕەشەوە هاواری کرد:

- هەستە!

لەجێگاکەی خۆی راپەڕی و سەری بەرز کردەوە. چاوەکانی هەڵکلۆفی و ویستی هێرش بۆ دوێشن ببا، بەڵام لولەی دەمانچەی پۆلیسەکان کە ئاراستەی ئەو کرابوون، ساردیان کردەوە و بە ناچاری سەری داخست. دوێشن بەرۆکی گرت و رایتەکاند، بە پەلە سەری ئەوی بەرەو رووی

خۆی بەرز کردەوە و بە دەم و لێوێکی رەنگ پەڕیو و بەهێمنییەوە پێی ووت:

- نا پیاوی بێ شەرەف! ئێستا لەو جێگایەی کە دەبوو لێی بوویتایە، بکەوە رێ.

ئەویش بێ سێ و دوو بەرێ کەوت. بەڵام دوێشن بە توندی شانەکانی راتەکاند و چاوی بڕییە ناو چاوەکانی و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە پێی ووت:

- وات دەزانێ ئەوت وەکو گژ و گیای بیابانەکان خستۆتە ژێر پێ و بێئابرو و بەد بەختت کردووە، ها؟... بێهودەیە، تازە رۆژانی تۆ بەسەر چوو و ئێستا رۆژ رۆژی ئەوە. بەڵام ژیانی تۆ بەهۆی ئەم کارەتەوە کۆتایی پێهات!...

مۆڵەتی ئەوەیان پێدا تا پێڵاوەکانی لەپێ بکا. دەستەکانیان بەستەوە و لەسەر ئەسپەکە دایان نا. یەکێ لە پۆلیسەکان جڵەوی ئەسپەکەی راکێشا و ئەوی تریشیان بە دوایەوە رێی کرد. من سواری ئەسپەکەی دوێشن بووم و ئەویش لە تەنیشتمەوە رێی کرد. کە ئێمە بەڕێ کەوتین، لە دوامانەوە فریادێکی جانەوەرانە و نا مرۆڤانە بەرز بووەوە. ژنە رەشتاڵەکە دوامان کەوت، هەروەکو شێت بەرەو مێردەکەی چوو. بە بەردێك کڵاوەکەی سەری خستە خوارەوە و بە دەنگێکی سەیرەوە قیژاندی:

- لەبری ئەو خوێنەی من کە دەتمژی، تاوانبار! لەبری ئەو رۆژە رەشانەم پیاوکوژ! بە زیندوویی بەرۆکت بەرنادەم!

دەبێ ئەو ژنە چل ساڵی رەبەق سەری بەرز نەکردبێتەوە، بۆیە ئێستا هەموو ئەوەی لە مێشکیدا پەنگی خواردبۆوە، تەواوی ئەوەی لە سینەیدا دەکوڵا، بەیەکجار تەقییەوە. دەنگدانەوەی فریادی گوێ کەڕکەرەی ئەو ژنە لەناو تاشە بەردەکاندا گەشتبووە هەموو دەر و دەربەندێك. جارێك لەملاوە و جارێك لەولاوە، هەر جارەی لەلایەکەوە بەرەو

شووەکەی کە لەترسانا خۆی گرمۆڵە کردبوو، هێرشی دەبرد. ترسەقول و تەپاڵە و بەرد و کەستەك و هەر شتێکی بەدەستەوە بهاتایە تێی دەگرت و بە قیژە قیژەوە نەفرەتی لێدەکرد:

- خوایە، پێی خستە هەر جێگایەکەوە ئیتر گیای لێ نەڕوێ. خوایە، تەرمەکەی لە بیاباندا جێ بمێنێ و قەلەرەش چاوەکانی هەڵکۆڵن ! خوا نەکا جارێکی تر بتبینمەوە! دێوی بیابان لەبەر چاوم وونبە، وونبە، وونبە، وونبە!-

ژنەکە هەر هاواری دەکرد، بەڵام دوایی کپ بووەوە. ئەوجا بە قیژە قیژ و بە پەلە هەنگاوی هەڵهێنا، هەر دەتووت لەدەست سێبەری خۆی رادەکا.

دراوسێکانی کە لەوێ بوون بە سواری ئەسپەوە دوای کەوتن.

چون یەکێك لە خەوێکی ترسناك بێدار بووبێتەوە منیش ئاوا سەرم دەنگی دەدایەوە. خەمبار و رەنجدیدە بەسەر ئەسپەکەوە رێم دەکرد. دوێشن کە جڵەوی ئەسپەکەی بە دەستەوە بوو کەمێ لە پێش منەوە رێی دەکرد، کپ و بێدەنگ، سەرە پێچراوەکەی بە تەواوی شۆڕکردبووە خوارەوە. زۆری پێنەچوو تا لەو دەربەندە شومە تێپەربووین.

پۆلیسەکان زۆر پێش ئێمە کەوتبوون. دوێشن ئەسپەکەی راگرت و بۆ یەکەمین جار تەماشایەکی چاوە مەینەتدیدەو ماندووەکانی کردم و ووتی:

- ئالتینای، دەبێ بمبوری کە من نەمتوانی تۆ بپارێزم.

دوایی دەستەکانی گرتم و خستیە سەر گوناکانی خۆی:

- بەڵام ئەگەر تۆش بمبوری من هیچ کاتێ لەخۆم خۆش نابم...

دەستم بە گریان کرد و خۆم بە سەر یالی ئەسپەکەدا خست. دوێشن کپ و بێدەنگ لەتەنیشتمەوە راوەستابوو.

دەستێکی بە پرچەکەمدا هێنا و وازی لێهێنام تا بە ئارەزووی دڵی خۆم بگریم. لە دواییدا پێی ووتم:

- هێمن ببەوە ئالتینای، دەڕۆین. گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم. پەستر پێرێ لە مەڵبەندی ناوچە بووم، تۆ بۆ بۆ شار دەچیت، بۆ خوێندن، گوێت لێیە؟

کاتێ لە ڕۆخی ڕووبارۆکەیەکی زوڵاڵی لادێیەک ڕاوەستاین، دوێشن پێی ووتم:

- ئالتینای پیادە بە، سەرو چاوت بشۆ!

لەتە سابوونێکی بۆ دەرهێنام و : بگرە ئالتینای، گوێت لە سابوونەکە نەبێ، ئەگەر دەتەوێ من دەچمە ئەولاوە و ئەسپەکە دەلەوەڕێنم. تۆ خۆت ڕووت بکەرەوە و لەناو ڕووبارەکەدا مەلە بکە. هەموو شتێ فەرامۆش بکە، چیتر ئەو ڕابردووە مەهێنەرەوە یادی خۆت، خۆت بشۆ ئالتینای، دەحەسێیتەوە، چاکە؟.

سەرێکم بۆ لەقاند. هەر کە دوێشن دوور کەوتەوە خۆم ڕووت کردەوە و بە ئەسپایی خۆم خستە ئاوەکەوە. بەردە سپی و شین و سەوز و سوورەکانی بن ڕووبارەکە تەماشایان دەکردم. لافاوێکی شینی توند جومگەی پێکانی تەڕکردم. هەردوو دەستم پڕ لە ئاو کرد و بە سەر سینەمدا ڕشتم. ئەو ئاوە فێنکە بە هەموو لەشمدا چووە خوارەوە. بۆ یەکەمین جار لەم ڕۆژانەدا پێکەنیم. ئای لەو پێکەنین چ تامێکی هەبوو. چەندین جاری دی ئاوم بەسەر و لەشی خۆمدا کرد و دوایی خۆم فڕێ دایە ناوەڕاستی ڕووبارەکەوە. تەوژمی توندی ئاوەکە بە پەلە فڕێی دامە تەنکایەکەوە. هەستامەوە و دووبارە خۆم خستە ناو لافاوە شەپۆلدار و کەفاوێکەوە. خۆشم نەمدەزانی ئەم پێکەنین و گیزە گیزەم لە چییە:

- ئاوەکە، هەموو پیس و پۆخڵی ئەو چەند ڕۆژەم لەگەڵ خۆت بەرە. منیش وەکو خۆت پاک و بێگەرد بکە.

نازانم بۆ شوێن پێی مرۆڤ لە جێگایەکی لەبیرنەکراو و خۆشەویستدا بۆ هەتاهەتایی نامێنێتەوە؟ ئەگەر ئێستا ئەو کوێرە رێیەم دەبینیەوە کە ئەوسا لەگەڵ دوێشن- دا لە چیاکانەوە پێیدا گەڕاینەوە، ئێستا کڕنووشم بۆ دەبرد و شوێن پێکانی مامۆستاکەم ماچ دەکرد. ئەو کوێرە رێیە شارێگای ژیانی منە. ئەو کوێرە رێیە و شارێگای گەرانەوەی من بۆ ژیان، بۆ باوەڕهێنان و پشت بەخۆ بەستنی سەر لەنوێی من، بۆ ئاوات و ئارەزووە تازەکان ، بۆ جیهانی پرشنگدار و رۆشن، پیرۆز و سەرکەش بێت... سوپاسی بێپایان بۆ هەتاوی ئەو رۆژە، سوپاسی بێپایان بۆ سەرزەمینی ئەو سەردەمە...

دوای دوو رۆژی تر دوێشن منی بۆ راوەستگای شەمەنەفەرەکە برد.

دوای ئەو رووداوانە من نەمدەویست چیتر لە ئایۆل بژیم. دەبوایە لە جێگایەکی نوێدا دەستم بە ژیانێکی نوێ بکردایە. خەڵکیش بڕیارەکەی منیان بە دروست دەزانی. سایکال و کاراکە بەڕێیان کردم. ئەوان بە پەشۆکاوییەوە بەملاو ئەولامدا رێیان دەکرد و هەروەکو مناڵ دەگریان. بوخچەی سەفەرەکەیان دایە دەستم. دراوسێکانی تریش بۆ ماڵ ئاوایی لەگەڵما هاتبوون. تەنانەت ساتیمگۆل- ی رکەبەریش دەیووت:

- خوات لەگەڵ رۆڵە گیان، کۆچت بەخێر، هەرچۆنێ مامۆستا دوێشن بڕیاری دا ئاوا بژی، هیچ قسەی پێ ناوێ کەتۆ دەتوانی کاروباری خۆت بەڕێوە ببەی، ئێمەش وردە وردە شتێ هەر تێدەگەین.

قوتابیانی قوتابخانەکەمان تا ماوەیەکی زۆریش بەدوای گالیسکەکەوە رایان دەکرد و بەدەست راوەشان بەڕێیان دەکردم و ماڵ ئاواییان لێ دەکردم.

من لەگەڵ چەند منداڵێکی تردا کەبۆ پەروەردگای تاشقەند- یان دەبردن، هاو رێگا بووین. لە راوەستگاکەدا ژنێکی روسی بە چاکەتێکی چەرمەوە چاوەڕوانمان بوو. دوای ئەوە من چەندین جاری تر بەم راوەستگا بچوکەی نێوان چیاکاندا کە لە ژێر چنارەکاندا قەراری گرتبوو، تێپەڕ بووم. وابزانم نیوەی دڵم بۆ هەتاهەتایی لێرە بەجێ هێشت.

لە تیشکی نارنجی رەنگی نابەردەوامی ئێوارە بەهارێکدا خەم و دڵتەنگییەکی ئاڵۆز بەدی دەکرا و هەر لەوەشەوە دیار بوو کە هەوای تاریك و رۆشنیش ئاگای لە جودابوونەوەی ئێمەیە. دوێشن دەیویست ئەوەی پێوە دیار نەبێ کە ئەم جیابوونەوەیە بۆ ئەو کارێکی دڵتەزێن و جەرگبڕە، بەڵام من سوور ئەوەم دەزانی. هەمان دەرد و خەمی ئەو وەك گەردنبەندێکی ئاگرین خەریك بوو منیش بخنکێنێ. دوێشن چاوەکانی تێبڕیبووم و دەستی بە پەلکەکانما دەهێنا. سەر و سیما و تەنانەت قۆبچەکانی کراسەکەشمی دەلاواندەوە:

- ئالتینای من نەمدەهێشت تۆ تەنانەت یەك هەنگاویش لێم دوور بکەویتەوە، بەڵام من مافی ئەوەم نیە ببمە رێگر لە بەردەمی تۆدا. تۆ دەبێ بخوێنی. خۆ منیش خوێندەوارییەکی ئەوتۆم نیە. بڕۆ، ئاوا باشتر دەبێ... لەوانەیە تۆ ببیتە مامۆستایەکی راستەقینە، ئەودەم قوتابخانەکەی ئێمەت بیردەکەوێتەوە و لەوانەشە پێ بکەنیت... واز بێنە وا وابێ، لێی بگەڕێ با وابێ.

دەنگی شەمەنەفەرەکە لەدوورەوە بەرز بووەوە و لەهەموو دەربەندەکەدا دەنگی دایەوە. خەڵکی ناو راوەستگاکە کەوتنە جموجۆڵ. دوێشن دەستی گوشیم و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ووتی:

- بەڵێ، ئێستا تۆ دەڕۆی ئالتینای، بەختیاری یار و هاوڕێت بێت! لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە وانەکانت بخوێنی، وانەکانت....

من بەهیچ جۆرێ نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە. فرمێسکەکان خەریك بوون بمخنکێنن. دوێشن ئەشکەکانی سڕیمەوە و ووتی:

- مەگری ئالتینای – و لە پڕ بیری کەوتەوە:

- ئەو نەمامانە، ئەو چنارانەی پێکەوە روانمان، من خۆم پەروەردەیان دەکەم. هەر کات تۆ گەورە بوویت و گەڕایتەوە ئەوسا دەیانبینی چەن جوان بوون.

لەم کاتەدا شەمەنەفەرەکە گەشت. فارگۆنەکان بە تەقەتەق و چیڕەچیڕ وەستانەوە. دوێشن لە ئامێزی گرتم و بە گەرمی نێوچاوانی ماچ کردم:

- چاکە، وەرە با ماڵ ئاواییت لێبکەم،بەخێر بچیت، گەشتت بەخێر... نەترسیت، ئازا و بێباك بڕۆ!

پێم خستە سەر ئاوزینگی فارگۆنەکە و لە سەرەوە بەرم کردە دواوە. هیچ کاتێ ئەوەم لەبیر ناچێتەوە کە دوێشن بە دەستە پێچراوەکەیەوە وەستابوو و بە چاوە رەشەکانی تەماشای دەکردم. دوایی خۆی هێنایە پێشەوە وەکو ئەوەی بیەوێ دەستم پێوە بدات، بەڵام لەو کاتەدا شەمەنەفەرەکە کەوتە ڕێ. دوێشن هاواری کرد:

- ماڵ ئاوا ئالتینای ، ماڵ ئاوا ئاسکۆلەکەم!

- ماڵ ئاوا مامۆستا، ماڵ ئاوا مامۆستای دڵسۆزو خۆشەویست.

دوێشن بە کەناری فارگۆنەکەوە ڕێی دەکرد. دوایی بە جێما و لەپڕ پێش کەوتەوە و هاواری کرد:

- ئالتینا|||||||||||ای !

ئەو بەشێوەیەکی ئاوا هاواری کرد لەوە دەچوو شتێکی گرینگی بیرچووبێتەوە کە پێم بلێ و ئەوکاتە بیری

هاتبێتەوە، ئەگەرچی دەشیزانی چیدی درەنگە ..... تا ئێستاش ئەو هاوارەی ئەو کە لە ناخی سنگ و قوڵایی دڵییەوە دەرچوو، لە گوێی مندا دەزرنگێتەوە. شەمەنەفەرەکە لە تونێلەکە تێپەڕ بوو، کەوتە سەر رێگایەکی راست و خێرابووەوە . لە دەشتی پان و بەرینی کازاخستانی ئێمەوە بەرەو ژیانێکی نوێی بردم... ماڵ ئاوا مامۆستا، ماڵ ئاوا یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی من، ماڵ ئاوا سەردەمی منالی، ماڵ ئاوا یەکەمین عیشق، عیشقێ کە بەهیچ کەسێك نەبەخشراوە.

بەڵێ، من لەشارێکی گەورەدا هەروەکو دوێشن ئارەزووی لێبوو، لە قوتابخانە بەربڵاو و پەنجەرە گەرەکاندا هەروەکو دوێشن بۆی باسکردبووم، درێژەم بە خوێندن دەدا. دوای ئەوجا ئامادەیی کارگەریم تەواو کرد و منیان بۆ خوێندنی زانکۆ رەوانەی مۆسکۆ کرد. بەدرێژایی ساڵەکانی خوێندن سەختییەکی ئەوتۆم نەچەشت و رووبەڕووی دژوارییەکی ئەوتۆش نەبوومەوە. چەندین جار توشی نائومێدی بووم و وام دەزانی سەر لە سەرەتاکانی زانست دەرناکەم. هەموو جارێکیش لەکاتی سەختترین گیروگرفتدا وام هەست دەکرد لەبەردەم یەکەمین مامۆستامدا سزا دەدرێم و چیتریش ناتوانم پاشەکشێ بکەم. من بە ئاستەم لەو شتانە تێدەگەیشم کە خەڵکی دی یەکسەر لێیان تێدەگەیشتن. بۆیە ناچار بووم هەموو شتێ لە ئەلفەوە دەست پێبکەمەوە.

کاتێ لە ئامادەیی کارگەری بووم نامەیەکم بۆ مامۆستاکەم نارد و تیایدا دانم بەوەدا نابوو کە خۆشم دەوێ و چاوەڕێی دەکەم، بەڵام ئەو وەڵامی نەدامەوە. لەو نامە بەدواوە چیتر نامە گۆڕینەوە لە نێوانماندا نەما. وابزانم ئەو وەڵامی من و خۆشی دایەوە، چونکە نەیدەویست رێگە لە خوێندنی من بگرێ، لەوانەشە هەقی بووبێ!! ... لەوانەشە

چەند هۆیەکی تریش لە ئارادا بووبێ!! لەوکاتەدا چەند ئازارم دەچەشت و چەندیش بیرم دەکردەوە...

لەمۆسکۆ پشتیوانیم لە یەکەم تێزی زانستی خۆم کرد. ئەویش بۆ من سەرکەوتنێکی گەورە و گرینگ بوو. بە درێژایی ئەو سالانەی ژیانم نەمتوانی بۆ ئایۆل بگەڕێمەوە- لەو کاتەدا ئاگری جەنگ گڕی گرتبوو. کاتێ لەکۆتایی پایزدا جێگاکەم لە مۆسکۆوە بۆ فرۆنزا گوێزرایەوە، لە هەمان راوەستگادا کە مامۆستاکەم تیایدا بەڕێی خستم، لە شەمەنەفەرەکە پیادە بووم و بەخت یارم بوو یەکسەر گالیسکەیەك پەیدا بوو کە لە ئایۆلەوە بەرەو سۆفخۆزەکە دەچوو.

مەلبەندە شیرینەکەم، وارێکەوت لەم کاتە دژوارەی جەنگدا بەسەرت بکەمەوە. ئای کە شاد و بەختیار بووم کاتێ سەرزەمینێکی سەرجەم گۆڕام بینی- چەند ئایۆلێکی تازە دروستکراو و چەندین باخچە و کێلگەی پان و بەرین و رێگا و بان و پردی نوێ- م بینی. بەلام جەنگ ئەم بەیەك گەیشتنەی لێ شێواندین.

کاتێ لە ئایۆل نزیك بوومەوە حەپەسام. هەر لە دوورەوە تەماشای شەقام و کۆلانە نامۆکانم کرد. تەماشای خانوو و باخچە تازەکانم کرد. دوای ئەوجا تەماشای گردی قوتابخانەکەمانم کرد و هەناسەم لێبڕا. لەسەر بالای گردەکە، هەردوو دار چنارە گەورەکە لە تەنیشت یەکەوە هەروەکو جاران لەبەر باکە سەمایان دەکرد. بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا ئەوەی ناوی "مامۆستا"م لێنابوو، بەناو ناوم برد و لە ژێر لێوەوە ووتم:

- دوێشن ، لەبری هەموو ئەوەی بۆت کردم، دوێشن ، سوپاسی تۆ دەکەم. تۆ منت فەرامۆش نەکردبوو، بەلکو بیرت دەکردم... ئەمە هەر لەتۆ دێت.

کاتێ خاوەن گالیسکەکە فرمێسکەکانی سەر گونامی بینی پەشۆکا و لێی پرسیم:

- ئەوە چیتە؟

- هیچ، هەروا. تۆ لەم کۆلخۆزە کەس دەناسی؟

- ئەڵبەتە دەناسم، هەموو ئێرە ناسیاوی خۆمانن.

- دوێشن دەناسی؟ ئەوی کە مامۆستا بوو؟

- دوێشن. ئەوی لەگەڵ سوپادا ڕۆشت. خۆم بەم گالیسکەیە لەم کۆلخۆزەوە بۆ مەڵبەندی سوپام برد.

کاتێ ویستمان بچینە ئایۆلەوە داوام لەخاوەنی گالیسکەکە کرد پیادەم بکات. پیادە بووم و بیرم کردەوە. توانای ئەوەم نەبوو لەو کاتە ناسکەدا ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بکەم، خزمەکانم ببینمەوە و پرسیاریان لێبکەم: " منتان لە بیرە؟ ئاخر منیش هاومەڵبەندی ئێوەم". سەرباری ئەوەش دوێشن لەسەربازی بوو. سەرەڕای هەمووشی سوێندم خواردبوو پێ نەخەمە مەڵبەندێکەوە کە مامم و پورمی لێبن. مرۆڤ دەتوانێ لە زۆر کەس ببورێ، بەڵام ناپاکییەکی لەم بابەتە هەرگیز چاوپۆشی لێناکرێ و خاوەنەکەشی نابەخشرێ. تەنانەت نەشم دەویست بزانن کە من لە ئایۆلم. هەر لە ڕێگاوە بۆ سەر گردەکە پێچم کردەوە بۆ لای دار چنارەکان ملی ڕێگام گرتە بەر.

هۆ چنارەکان، ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بەسەر ئەو کاتەدا تێپەر نەبووە کە ئێوە دوو نەمامی کەسکی بچوک بوون و لەو کاتەشەوە چ شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە. ئارەزوو و پێشبینییەکانی ئەو کەسەی ئێوەی چاند و گەورەی کردن وا هاتە دی. بۆ وا بە خەمبارییەوە چپەچپ دەکەن ؟ بۆ خەم دەخۆن؟ گلەییتان لەوە هەیە کە زستان خەریکە نزیک دەبێتەوە و بە با ساردەکەی گەڵاکانتان هەڵدەوەرێنێ؟ یا دەرد و پەژارەی خەڵکی لە بنج و باڵاتانا رەنگی داوەتەوە؟

بەڵێ، جارێکی تریش زستان دێتەوە، سەرما و سۆڵە و ڕەشەبا و زریانیش هەڵدەکاتەوە. بەڵام بەهاریش دێتەوە...

ماوەیەکی زۆر لەوێ ڕاوەستام و گوێم بۆ گەڵاکانی پاییز ڕادێرا. جۆگەلەی پای چنارەکان یەکێك تازە پاکی کردبۆوە. شوێن دەمی نیوچە قوڵ و تازەی پاچەکۆڵە هێشتا بەسەر زەوییەکەوە دیاربوون. ئاوی بێجوڵە و زوڵاڵی جۆگەلەکە نەرمە شەپۆلێکی دایەوە و گەڵای هەڵوەریوی زەردی چنارەکان لەسەر ڕووی بەرز و نزم بوونەوە. لەسەر باڵای ئەو گردە بۆرەدا قوتابخانەیەکی سەرەتایی نوێ دیاربوو. قوتابخانەکەی ئێمەش هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو.

دوای ئەوجا لە گردەکەوە شۆڕ بوومە خوارەوە و ملی ڕێگام گرتە بەرو بەگالیسکەیەك کە بەرەو ڕاوەستگاکە دەچوو گەڕامە دواوە.

***

شەڕبوو، دواییش سەرکەوتن بەدەست هات. بەڵێ، شادی و بەختەوەرییەکی تاڵ ڕووی لەو خەڵکە کرد: منداڵەکان بە جانتاکانی باوکیان بۆ قوتابخانە دەچوون. دەست و بازووی پیاوان گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانی خۆیان. خێزانی سەربازەکان هەرچەندە ئەشك و فرمێسکیان هەبوو ڕشتیان و کپ و بێدەنگ خۆیان دایە دەستی چارەنووسی بیوەژنییەوە. کەسانێکیش هەبوون هێشتا چاویان لە ڕێی خزم و ناسیاوەکانیان بوو، چونکە هەموویان لەیەك ڕۆژدا نەگەڕانەوە بۆماڵەکانی خۆیان.

منیش نەمدەزانی دوێشن چی بەسەر هاتووە. هاومەڵبەندەکانم کە بەرەو شار دەهاتن دەیانووت وون بووە. ئەنجومەنی گوند پەیامێکی لەو بابەتەی بەدەست گەیشتبوو و مەزەنەیان وابوو:

- لەوانەشە کوژرابێ. کات هەروا تێپەڕ دەبوو و ئەویش هیچ دەنگوباسێکی نەبوو.

هەندێ جار بیرم دەکردەوە" وادیارە مامۆستاکەم چیدی ناگەڕێتەوە. لەو ڕۆژە فەرامۆش نەکراوەی کە لە ڕاوەستگاکەدا ماڵ ئاوایمان لەیەکتر کرد ئیتر یەکترمان نەبینییەوە...".

هەندێ جار کەبیرم لەرابردوو دەکردەوە، تەنانەت هێنانە بەرچاویشی بۆ من کارێکی دژوار بوو. بەوەدا دیاربوو چ خەم و پەژارەیەك لە دڵمدا کۆبوونەتەوە.

لەکۆتایی پایزی 1946- دا بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی زانستی بەرەو زانکۆی تمسك چووم. ئەوە یەکەمین جاربوو کە من دەربچمە دەرەوەی سیبیریا. لەو دوا ڕۆژانەی پایزدا سیبیریا خەمباربوو. دارستانە کۆنەکان چون دیوارێکی ڕەش بە خێرایی بە بەر پەنجەرەی فارگۆنەکەدا تێپەر دەبوون. لەرێگاو بانەکانی بەینی دارستانەکاندا تەنەکە ڕەشەکانی سەربانی گوندەکان و دوکەڵە سپییەکانی دوکەڵکێشەکانیان دەردەکەوتن و وونیش دەبوون. نۆبەرەی بەفر بەسەر ئەو دەشتە سارد و سڕەدا نیشتبوو. بەسەر بەفرەکانیشەوە پۆلێ قەلەڕەش شەقەی باڵیان دەهات. ئاسمان هەمیشە تەماوی بوو.

بەڵام من لەشەمەنەفەرەکەدا شادو بەختەوەر بووم. هاوژوورەکەم کە ڕێبوارێکی شەل بوو و لە بەرەکانی جەنگەوە بە دارشەقێکەوە گەڕابۆوە، هەمیشە بە گێڕانەوەی ڕووداو و سەرگوزشتەی سەردەمانی شەڕ دەیخستمە پێکەنینەوە. هەمیشە لە نێوان گێڕانەوە ئاساییەکەی و پێکەنینە سادەکەیەوە هەست بە ڕاستییەکان دەکرا. ئەو ڕێبوارە منی مات و سەرسام کردبوو. هەموومان لەناو فارگۆنەکەدا شێت و شەیدای ئەو ببووین. شەمەنەفەرەکەمان لەدوای "نووسیبیریسك" هوە لەسەر دوڕیانێکدا بۆ ماوەی یەك خولەك

وەستایەوە. لەبەر پەنجەرەکە راوەستام و تەماشای دەرەوەم دەکرد و بە بەزم و رەزمی هاوژوورەکەم پێدەکەنیم.

شەمەنەفەرەکە کەوتە رێ و خێرابووەوە. راوەستگا بچوکەکە هەر زۆر زوو بە بەر پەنجەرەکەدا تێپەڕی و رابورد. کاتێ لە کۆنترۆڵەکە نزیك بووینەوە، بەبێ ویستی خۆم، لە پڕ لەبەر پەنجەرەکە کشامە دواوە و دووبارە سەر و چاوم بە شووشەکەوە نوساند. ئەو، دوێشن، لەوێ وەستابوو. لە بەردەم ژووری ئێستگاکە راوەستابوو، بەیداخی هات و چۆ و رێنمایی بە دەستەوە بوو. نەمزانی چیم بەسەر هات.... بە دەنگێکی پڕ بە فارگۆنەکە هاوارم کرد: راوەستە — و بێ ئەوەی خۆشم بزانم چی دەکەم بەرەو دەرگاکە رامکرد. لەو کاتەدا دەسکی "ستۆپ" کەم بینی، بەتوندی دامگرتە خوارەوە و دەستگرەکەم شکاند.

رێبوارەکانی ناو فارگۆنەکە هەموو بەیەکدا هاتن. شەمەنەفەرەکە بە توندی وەستایەوە و هەر بەهەمان بابەتیش تەکانی دایە دواوە. هەموو شتومەکی سەر رەفەکان کەوتنە خوارەوە. قیژ و هاواری ژن و منالّ بەرز بوونەوە. یەکێك بە دەنگێکی ترسناکەوە هاواری کرد:

- یەکێکی بە ژێرەوە بوو.

بەلاّم من پێم لەسەر ئاوزرینگی شەمەنەفەرەکە بوو. بەبێ ئەوەی ژێر پێی خۆم ببینم، هەروەکو لە شوێنێکی بەرزەوە بکەومە خوارەوە ، بازم دایە خوارەوە و بێئەوەی پێش خۆم ببینم، بێئەوەی هیچ شتێ تێبگەم، هەر بەهەمان شێوە بەرەو ژووری چاودێرەکە، بەرەو دوێشن رامکرد. شوتی لێپرسراوی فارگۆنەکان لە دوامەوە بەرز بوونەوە. رێبوارەکانی تریش هاتنە دەرەوە و بەدوای مندا رایانکرد.

بەیەك بین لە شەمەنەفەرەكە تێپەڕیم و دوێشن- یش بەرەو رووی من هات، بەرەو لای ئەو رامكرد و هاوارم كرد:

- دوێشن ، مامۆستا !

ئەو راوەستا و بە سەرسوڕماوییەوە تێی روانیم:

- ئەمە ئەو بوو. دوێشن بوو. سەروچاوی ئەو بوو. بەڵام ئەو جاران سمێڵی نەبوو، لە چاو جارانیش ئێستا كەمێ پیرتر بووە.

بە سۆز و خۆشەویستی و بەزمانێكی كازاخی لێی پرسیم:

- خوشكە گیان چیت دەوێ، چی بووە؟ بێگومان بە هەڵەدا چوویت. من جێگری چاودێرەكەم و ناوم -بینیۆ- یە، بینۆ.

نەمزانی چۆن لەتاو خەم و خەفەت و لە شەرمەزاریدا توانیم دەمی خۆم بگرم و نەقیژێنم. ج گۆلێكم لە دەست چوو. دەستم گرتە سەر و چاومەوە و سەرم شۆڕكرد. بۆ زەوی نەقلیشایەوە و هەڵی نەلوشیم ؟ دەبوو داوای لێبوردنم لە چاودێرەكە و لە خەڵكەكەش بكردایە، بەڵام من وەكو بەرد لە جێگەكەی خۆمدا وشك بوومەوە. رێبوارەكانی ئەو ناوەش كپ بوونەوە، بەڵام من نەمزانی بۆچی وا بێدەنگ بوون. لەهەمان كاتدا من چاوەروانی ئەوە بووم ئەوان بنەڕێنن بەسەرما و قسەی سوك و ناشیرینم پێ بڵێن، بەڵام هەموو بێدەنگ ببوون. لەو بێدەنگییە ترسناكەدا دەنگی پڕ لە گریانی ژنێك بەرز بووەوە:

- بەد بەختی بێچارە، بە برا و مێردی خۆی تێگەیشتبوو. بەڵام وادیار بوو خۆی نەبوو، بە هەڵەدا چوو.

خەڵكەكە كەوتنە جموجۆڵ. یەكێكیان بە دەنگێكی گڕەوە ووتی:

- ئەمە ج بەدبەختییەكە؟

ژنێك بە دەنگێكی لەرزۆكەوە وەڵامی دایەوە:

- بۆ لەم شەڕەدا چیمان بەسەر نەهات!... چەندین ئارەزووی دیکەشمان بە خاك سپاردووە كە هێشتاكە لە ماتەمینیاندا نەگریاوین.
چاودێرەکە دەستمی لەسەر رووم لابرد و بازووی گرتم و پێی ووتم:
- بابڕۆین، من تا فارگۆنەکە لەگەڵت دێم. دنیا ساردە.
ئەفسەرێکیش بازووەکەی تری گرتم و ووتی:
- با بڕوێن خانم، ئێمە لە هەموو شتێ تێدەگەین.
رێبوارەکان بڵاوەیان لێکرد و منیشیان هەروەکو لە تەرم ناشتندا بین برد. لە سەرەتادا بە هێمنی رێمان دەکرد و ئەوانی دیکەش بە دوامانەوە رێیان دەکرد. ئەوانەی بەرەو رووشمان دەهاتن، کپ و بێدەنگ تێکەڵ بە حەشاماتەکە دەبوون. یەکێك رووسەرێکی خستە سەر شانەکانم. هاوژوورەکەم بە دارشەقێکەوە بە شەلەشەل بە تەنیشتماندا رێی دەکرد. کەمێ پێشمان کەوت و تەماشایەکی کردم. نەمدەزانی بۆ ئەم رێبوارە قسەخۆش و گاڵتەچی و میهرەبان و دلێرە وا بەسەر رووتی دەسوڕایەوە. وا دیار بوو کە دەگریا. منیش دەگریام. بە درێژایی ئەم پیاسە هێمنەی ئێمە بە کەنار شەمەنەفەرەکەدا ، لە مەیان گرمەی و گیزەی بەیەکدا هاتنی تەلی تەلەفۆنەکان و رەشەباکەدا گوێت لە دەنگی مۆسیقای ماتەمینی دەبوو.
" نا هرگیز جارێکی دی ئەو نابینمەوە".
لەپاڵ فارگۆنەکەدا بەڕێوبەری شەمەنەفەرمکە رایگرتین. هاواری کرد و هەڕەشەی لێکردم. باسی تاوان و لێبرسینەوەی یاسایی و دادگای بۆ کردم. بەڵام من هیچ جۆرە وەڵامێکم نەدایەوە. هەموو شتێکم بەلاوە وەکو یەك وابوو.

سەرۆك راپۆرتێكی بۆ درێژكردم بۆ ئەوەی ئیمزای بكەم. بەڵام من توانای بەدەستەوە گرتنی پێنووسم نەبوو. لەم كاتەدا هاوژوورەكەم راپۆرتەكەی راكێشا. بە دارشەقەكانییەوە بەرەو رووی چوو و هاواری بە سەردا كرد:

- با كەمێ بحەسێتەوە. من ئیمزای دەكەم. من دەستگرەكەم شكاند. من لێپرسراوم....

شەمەنەفەرەكە دوا كەوتبوو، بۆیە بە دەشت و دۆڵەكانی سیبیریەدا ، بەناو دەشتی روسیەدا بەخێرایی دەڕۆشت. لە تاریكی شەودا گیتاری هاوژوورەكەم ئاوازی خەماوی لێ دەدا. منیش سەدای خەماوی و مەینەت باری شەڕی تازە كوژاوەم وەكو ئاوازێكی پڕ لە پەژارەی بێوەژنە روسەكان بەرەو ناخی خۆم دەبرد.

چەندین ساڵ رادەبورد و رابوردوش تا دەهات دوور دەكەوتەوە. داهاتووش لەگەڵ هەموو گرفتێكی ورد و درشتیدا بەرەو لای خۆی رای دەكێشاین. من زۆر درەنگ مێردم كرد، بەڵام توشم بوو بە توشی پیاوێكی رەسەنەوە. خێزانم پێكەوە نا و لەگەڵ منداڵەكانمدا بەوپەڕی خۆشەویستی دەژیاین. ئێستا من دوكتۆرام لە فەلسەفە هەیە. گەشتێكی زۆرم كردووە وَ لە وڵاتانێكی زۆریش بووم.... بەڵام چیتر لە ئایۆلی خۆمان نەبووم. ئەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەبوو، هۆیەكی زۆریش، بەڵام من نامەوێ پاساو بۆ خۆم بهێنمەوە. كارێكی چاكم نەكرد كە پەیوەندیم لەگەڵ هاومەڵبەندەكانما بڕی. بەڵام ئیدی چارەنووسی من بەو جۆرە بوو. نابێ بوترێ كەوا من رابوردووی خۆم فەرامۆش كردووە. نا، من نەمدەتوانی ئەم كارە بكەم. ئیتر وارێكەوت كە من دوور كەومەوە.

لە چیاكاندا سەرچاوە و كانیاوێكی زۆر هەن: رێگای تازە دەكێشرێن و ئەو كوێرە رێگانەش كە دەچنەوە سەر ئەو كانیاو و سەرچاوانە فەرامۆش دەكرێن. تا دێ رێبوارەكان

کەمتر و کەمتر بۆ ئاوخواردنەوە ڕێ بۆ سەر ئەو کانیاوانە دەبنەوە. وردە وردە پونگە و توتڕك سەرچاوەکان دادەپۆشن. تەنانەت هەندێ جار کە بەلایانیشدا تێدەپەڕیت هەر هەست بە بوونیشیان ناکەیت. کەسانێکی کەم هەن کە ئەم کانیاوانەیان بیردەکەوێتەوە و لە ڕۆژگارە گەرمەکاندا لە ڕێگا لادەدەن و دەچنەوە سەریان تا تینیوێتیان بشکێنن. کاتێ ڕێبوارێك دێ و ئەو جێگا فەرامۆش کراوانە دەبینێتەوە، گژ و گیاکانی سەریان لادەبا و هێدی هێدی ئاهێك هەڵدەکێشێ: ئەو ئاوە پاك و فێنك و سازگارە کە ماوەیەکە کەس لێلی نەکردووە، سەرسامی دەکات. ئەو ڕێبوارە لەسەر ڕووی ئەو ئاوە هەم خۆی دەبینێ و هەم هەتاو و هەم ئاسمان و هەم چیاکانیش... بەڕای ئەو ڕێبوارە، شارەزا نەبوون لەو جێگایانە گوناهێکە بۆ خۆی. ئەم شتە دەبێ بە دۆستەکانی تریش بوترێ. ئەو ڕێبوارە هەر بەم جۆرە بیر دەکاتەوە تا جارێکی دی لەبیری خۆی دەباتەوە.

هەندێ جار لە ژیانیشدا چەندین ڕووداوی لەم بابەتانە ڕوو دەدەن. بێگومان هەر لەبەر ئەمەشە کە ژیان ناوی ژیانی لێدەنێن...

ماوەیەك بەر لە ئێستا، دوای ئەوەی هاتم بۆ ئایۆل، چەندین کانیاوی سارام وەبیر خۆم هێنایەوە.

ئەڵبەتە تۆ زۆرت پێ سەیر بوو کاتێ من لەپڕا لە کوڕکوڕێو گەڕامەوە. چونکە ئەمەی ئێستا بەتۆی دەڵێم نەدەبوو ئەودەمە بەو هەموو خەڵکەم بووتایە! نا، ئەودەمە ئەوەندە شەرمەزار و بێهێز و پەرێشان بووم تەنانەت شەرمیشم لە خۆم دەکرد. هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بوو کە بڕیارمدا یەکسەر بگەڕێمەوە.

من دەمزانی کە ئەودەم نەمدەتوانی لەگەڵ دوێشن- دا ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە و چاو ببڕمە چاوەکانی. من

پێویستم بەوە بوو هێمن ببمەوە و بێمەوە سەر خۆم و لە ڕێگاشدا بیر لەو هەموو شتانە بکەمەوە کەدەبوو نەک بەتەنیا بەهەموو هاوەڵبەندەکانی خۆم بەڵکو بە خەڵکانێکی زۆری تریشی رابگەیەنم.

هەر لەبەر ئەم هۆیە من خۆم بە تاوانبار دەزانم بەرامبەر بەوەی کە پێویستی نەدەکرد ئەو هەموو ڕێزەم لێ بگیرێ. پێویستی نەدەکرد ئەو هەموو پێشوازییەم لێبکرێ. پێویستی نەدەکرد لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەکەدا منیان لە سەرووی خەڵکەکەوە دابنایە. بەر لە هەمووەمان ئەوە مافی یەکەمین مامۆستا و یەکەمین کۆمەنیستی ئایۆل بوو، مافی دوێشن-ی پیرەمێرد بوو. بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوە بوو. ئێمە لە ئاهەنگەکەدا دانیشتبووین و ئەو گەوهەرەش، ئەو پیاوە لێهاتووەش پەلەی دەکرد تا بەر لە کردنەوەی قوتابخانەکە بروسکەی پیرۆزبایی دەرچوانی ساڵانی پێشو بگەیەنێ.

ئاخر ئەمە ڕووداوێك نیە پەیوەندی بە تاکەکەسەوە هەبێ، من چەندین جار چەندەها ڕووداوی لەم بابەتەم بینیوە.

هەر لەبەر ئەم هۆیەش چەندین پرسیار لەلام دێنە کایەوە:

کەی ئێمە ئەو ئامادەگی لێوەشاوەییەمان لەدەست داوە کە بتوانین بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ڕێز لە خەڵکانێکی سادە بگرین، هەر بەهەمان ئەو شێوەیەی لینین ڕێزی لێدەگرتن؟ سوپاس بۆ خوا کە ئەمڕۆ بەپاکی و بەبێ مەرایی کردن سەبارەت بەم مەسەلانە قسە دەکەین. زۆر باشیشە کە لەم بوارەدا ئێمە لە لینین نزیکتر بووینەتەوە...

گەنجەکان نازانن دوێشن لە کاتی خوێدا چۆن مامۆستایە بووە. ئەوان لە نەوەی بەساڵاچوویەك بەولاوە چیتر نین. قوتابییەکی زۆری دوێشن ئێستا لەپێناوی نیشتیماندا سەریان ناوەتەوە باوەشی خاك. ئەوانە خەباتگێڕ و

سەربازی راستەقینەی شورەوی بوون. من بە پێویستم دەزانیٚ لەگەڵ گەنجەکاندا لەبارەی دوێشن- ی مامۆستامەوە قسە بکەم. هەر کەسێکی تریش لە جێگەی من بوایە ئەو کارەی هەر دەکرد. بەڵام من لە ئایۆل نەبووم و هیچ ئاگایەکیشم لە دوێشن نەمابوو. سەر و سیمای ئەو بە درێژایی ئەو کاتانە لە لای من وەکو سیمای خۆشەویستێکی پیرۆزی لێهاتبوو کە لە بێدەنگی مۆزەخانەکاندا ئێشکی دەگیرا و پاسەوانی دەکرا.

من دەچمە لای مامۆستاکەم و دوا قسەی خۆمی لەگەڵدا دەکەم و داوای لێبوردنیشی لێدەکەم. لە کاتی گەڕانەوەم لە مۆسکۆ دەمەوێ بچمە کورکورێۆ و پێشنیازێ بەو خەڵکە رابگەیەنم کەوا قوتابخانەیەکی شەو و رۆژی تازە بەناوی دوێشن- ەوە ناوبنێن. بەڵێ، بەناوی ئەم کۆڵخۆزییە ساکارەوە کەئێستا پۆستبەرە. ئومێدەوارم تویش وەکو هەر هاومەڵبەندێکی تر پشتگیری لەم پێشنیارەم بکەیت. من داوای ئەمەت لێدەکەم.

ئێستا کاتژمێر لە مۆسکۆ یەك و شتێکی پاش نیوە شەوە. لە هەیوانێ میوانخانەکەدا راوەستاوم و تەماشای رۆشناییە پرش و بڵاوەکانی چراکانی مۆسکۆ دەکەم و بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن دێمەوە ئایۆل و چاوم بە مامۆستاکەم دەکەوێ و ریشە سپییەکەی ماچ دەکەم...

***

پەنجەرەکان دەخەمە سەر پشت. شنەبایەکی پاك و فێنك هەڵدەکاتە ژوورەوە. لە کازیوەی شین رەنگدا کە دەم دەم روناکتر دەبێتەوە، بە وردی دەروانمە هێڵە تازە کێشراوەکانی تابلۆکانم. گەلێکم لەو جۆرە تابلۆیانە هەیە. چەندین جار هەموویانم سەر لە نوێ دەست پێکردۆتەوە. بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی تابلۆ بەشێوەیەکی گشتی هێشتا زووە. من تا

ئێستاش رێچکەیەکی بنەڕەتیم نەگرتۆتە بەر... لە بێدەنگی کازیوەدا هەنگاو دەنێم و بیریش دەکەمەوە. بیردەکەمەوە و بیردەکەمەوە. ئەم کارە چەندین جار دووبارە دەکەمەوە و هەموو جارێکیش دەگەمە ئەو رایەی کە تابلۆکەی من هێشتا هەر بیرۆکەیە و هیچی تر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەمەوێ لەبارەی شتێکەوە لەگەڵتا بدوێم کە هێشتا نەمکێشاوە. دەمەوێ پرس و رات پێبکەم. دیارە مەزەنەت وایە کە تابلۆکانم لە بارەی دوێشن- ی پیرەمێردەوەیە، لەبارەی یەکەمین مامۆستا و یەکەمین کۆمەنیستی ئایۆلەوەیە.

بەڵام من هێشتا دوودڵم لەوەی کەبتوانم ئەم ژیانە ئاڵۆزو جەنجاڵ و پڕ لە کێشەیە، ئەم هەموو خۆزگەو ئاوات و چارەنووسە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ بەرەنگ دەربڕم. چ شتێ بکەم بۆ ئەوەی ئەم جامە پڕە نەڕێژم و کارێکی وابکەم کە بەتۆ و هاوچەرخەکانی تری خۆمی بگەیەنم؟ چ کارێ بکەم بۆ ئەوەی ئایدیاکەی من نەك هەر بە تەنها بەشێوەیەکی سادە بەتۆ بگات، بەڵکو تەواوی ئەو خەڵکەش ببنە زادەی فیکری دەستەجەمعی ئێمە؟

من ناتوانم ئەم تابلۆیە نەکێشم. بەڵام توشی دڵەراوکێ و شڵەژاوییەکی ئەوتۆ بووم کە هەندێ جار وا بیردەکەمەوە ئەم کارەی من هیچی لێ دەرناچێ. ئەو کاتە بیر لەوە دەکەمەوە کە بۆ چارەنووسی فڵچە بەدەستی منەوە درا؟ ئەمە چ ژیانێکی پڕ مەینەت و ئازارە؟ هەندێ جاریش ئەوەندە خۆم بەتوانا دەبینم ئامادەی ئەوەم کە گیا لە رەگەوە دەربێنم. ئەو دەمە بیر دەکەمەوە: تەماشاکە، فێربە، هەڵبژێرە، دار چنارەکانی دوێشن و ئاڵتینای بکێشە. هەمان ئەو چنارانەی کە مێژووی نەدەزانرا و لە منالیدا ئەو هەموو بەختەوەرییەی پێ بەخشین. ئەو منالە پێ خاوس و رەش و رووتانە بکێشە کە

سەردەکەوتنە سەر بەرزترین شوێنی چنارەکان و بەچاوێکی پڕ لە حەزەوە تەماشای ئاسۆی دوور و نادیاریان دەکرد.

تابلۆیەك بکێشە و ناوی "یەکەمین مامۆستا" ی لێبنێ. لەوانەیە ئەم تابلۆیە باس لە یەکێك لەو کاتانە بکات کە دوێشن منالەکانی بن باڵ دەخست و لەم بەرەوە بۆ ئەوبەری رووبارەکەی دەبردن و پیاوە گەوجە کڵاو سورەکانیش بەسەر ئەسپەکانیانەوە بەلایدا تێپەڕ دەبوون و گاڵتەیان پێدەکرد. یا تابلۆیە بکێشە کە چۆن مامۆستا ئاڵتینای بۆ شار بەڕێکرد. لەبیرتە دوێشن دواجار چۆن بانگەوازێکی کرد؟! تابلۆیەك بکێشە وەك دوا بانگەوازەکەی دوێشن کەتا ئێستاش لە گوێی ئاڵتینای-دا دەزرنگێتەوە، لەدڵی هەموو کەسێکدا دەنگ بداتەوەو شوێنەوار بەجێ بێڵێ.

من ئاوا بە خۆم دەڵێم. شتێکی زۆری تریش بە خۆم دەڵێم. بەڵام هەمیشە بەو جۆرەی کە دەیاڵێم نایەنە دی... ئێستاش دیسانەوە نازانم چۆن تابلۆیەك بکێشم. لە بری ئەوە من یەك شت بە پێویست و هەمیشەیی دەزانم، ئەویش ئەوەیە بە دوایدا دەگەڕێم.

***

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سالی ٢٠٠٥

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێرانی |
| --- | --- | --- |
| ٢٩٠-باڵەکانی فریشتە | | شێرزاد حەسەن |
| ٢٩١-سرودە بەردینەکان | شێرکۆ بێکەس | |
| ٢٩٢-عەقڵ و هەست | | محەمەد کەریم |
| ٢٩٣-دڵڕەقی و بێدەنگی | کەنعان مەکییە | حەمە ڕەشید |
| ٢٩٤-تەیموری لەنگ | کوڤبرن ئونیل | شێخ عەلی شێخ محەمە بەننا |
| ٢٩٥- گوڵی جاکاراندا | | فەروخ نیعمەتپوور |
| ٢٩٦-ڕێبازی دیکتاتۆرەکان | ئینیاتسیۆ سیلۆنی | عەبدولخالق یەعقوبی |
| ٢٩٧-ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات | عەبدول ئیلاه بەلقزیز | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٢٩٨-یاری کوردەواری | د.نەسرین فەخری | |

نرخی (١٠٠٠) دینار

لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
بەرگسازی: قادر میرخان